



گفتوگۆکردن لەگەڵ تاران دەبێتە نەجاتێک...

٤



چالێنشی دێموکراسی لە ئێراندا

٨



گەمارۆی نەوتیی ئێران، دەرفەتێکی زێڕین ...

٩



زمانی زگماکی، گرینگترین فاکتۆری ...

١٠



ڤیتۆی چین و رووسیە، مۆڵەتێک بۆ کوشتاری ...

١١


دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ژمارە ٥٧٥، یەکشەممە، ٣٠ی رێبەندانی ١٣٩٠، ١٩ی فێوریەی ٢٠١٢، ١٥٠ تمەن

www.kurdistanmedia.com


### پیرۆزبایی سکرتێری گشتی بە بۆنەی لەدایکبوونی پێغەمبەری ئیسلام(د.خ)

بە بۆنەی بیرئانینی رۆژی لەدایکبوونی پێغەمبەری ئیسلام، حەزرەتی محەممەد درووودی خوای لەسەر بێ، پیرۆزبایی لە هەموو موسوڵمانانی جیهان بەتایبەت خوشك و برایانی موسوڵمانمان لە کوردستان دەکەم. هیوادارم ئەو رۆژە و رێنوێنی و راسپاردەکانی پێغەمبەری ئیسلام هاندەرێکی بەهێز بێ بۆ یەکخستنی ریزەکانی پەیڕەوانی ئایینی ئیسلام بۆ خەبات لە دژی رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە زیاتر لە سێ دەیەیە بە ناوی ئیسلام، دەسەڵاتێکی ستەمکارانە و دژی مرۆڤایەتیی بەسەر هەموو خەڵکی ئێران، بەتایبەت خەڵکی کوردستان و باقی نەتەوەکاندا سەپاندووە. ئەو حکوومەتەی کە زیاتر لە هەموو دیاردە و بۆچوونێکی نەیاری بیروباوەڕی ئیسلامی، زەربەی لە ناو و ناوبانگی ئیسلام داوە. جارێکی دیکە جێژنی هەمووولایەك پیرۆز بێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

سکرتێری گشتی، مستەفا هیجری، ١٣٩٠/١١/١٥(٢٠١٢/٢/٤)

## پەیڤ

کەریم پەرویزی

### خەڵوەتی کۆماری ئیسلامی و ئەو کارەی دیکە!

لە چەند رۆژی رابردوودا، تەقینەوە و کاری تیرۆریستی لە وڵاتانی هێند، گورجستان و تایلەند، بە شێوازێکی هاوتا و نزیك بە یەك بەڕێوە بران کە لە هەموویاندا ئاماژەکان و بەڵگەکان نیشاندەری پێوەندیی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەو تەقینەوانەوە بوون.

ئەم ریزە رووداوە، لە درێژەی هەڕەشە و گوڕەشەکانی کۆماری ئیسلامیدا دێ کە لە ژێر گوشاری سیاسی، ئابووریی نێونەتەوەییدا، هەڕەشەیان لە هەموو دنیا دەکرد.

هاوکات و پێش لەم زنجیرە تەقینەوانە، چەند هەواڵی دیکە سەبارەت بە دەستپێکردنەوەی کردەوەی تیرۆریستی لە لایەن کۆماری ئیسلامی لە سەرتاسەری جیهاندا بڵاو بووەوە کە هەر لە ئێستاوە، هەموو چالاکانی سیاسی و رێبەرانی هێز و لایەنەکانی دژبەری کۆماری ئیسلامی، زۆرتر وشیاری خۆیان بن، کە لە ئەگەر و بەرەبەری توندتربوونەوەی دۆخەکەدا، کۆماری ئیسلامی وەك دوایین پەلەقاژەکانی، بیهەوێ هەموو ناوچە و هەموو کەس لەگەڵ خۆی لە نێو بەرێ و ژەهری رق و کین بەسەر خەڵکدا بڕژێنێ. بەتایبەت نەتەوەی کورد و چالاکانی سیاسیی کورد، وەك ئەزموونی پێشوو نیشانی داوە، لە یەکەم قوربانییەکانی سیاسەتی تیرۆریستیی کۆماری ئیسلامی بوون.

لە نێو ئەم چەند رووداوەی کە لە هێند و گورجستان و تایلەند روویان دا، ئەوەی جێگای وردبوونەوەیەکی زیاتر و بە شێوەیەکی دیکەیە، رووداوەکەی تایلەندە و بەتایبەت بەڵگەیەك کە لەوێدا دەست کەوتووە، رەهەندێکی دیکەی ئیدئۆلۆژی و سیاسەتی کۆماری ئیسلامی نیشان دەدا.

حافز، شاعیری گەورەی فارس دەڵێ:

«واعظان کاین جلوه در محراب و مبنر میکنند، چون به خلوت میروند آن کار دیگر میکنند!»

سێ تیرۆریستەکەی کۆماری ئیسلامی لە بانکۆك، لە کاتی داڕشتنی پلانی تیرۆریستیدا، خەریکی رابواردنیش بوون و وێنەیەکیان لەگەڵ چەند ژنی تایلەندی کە کاری لەشفرۆشی دەکەن، دەست کەوتووە. ئەمەی کە وێنەیەکی لەو چەشنە دەست کەوتووە، تەنیا گۆشەیەکی چکۆلە لە هەزاران و دەیان هەزار کرداری لەو چەشنەی سەرتاپای رێژیمی کۆماری ئیسلامییە کە بەیانی تا نیوەشەو، سەدان دروشم دەدەن و خەڵکی نەسیحەت دەکەن و بە باتۆم لە کچ و ژنی خەڵك دەدەن کە تاڵەقژێکیان بەدەرەوەیە، بەڵام لە نهێنی و دیوە داخراوەکاندا دەستدرێژی و گەندەڵی و فەساد و سووکایەتی بە ئەخلاقی مرۆیی، کاری هەموو رۆژیانە.

# سویفت گەمارۆی خستە سەر ئێران

«سویفت»، رێکخراوی نێونەتەوەیی ئاڵوێر و راگواستنی نێوان بانکەکان و دامەزراوە ماڵییە قەبەکانی جیهان لە سوئیس رایگەیاند کە بۆ هاوڕایی لەگەڵ گەمارۆکانی سەر ئێران، بانکە ئێرانییەکان لە خزمەتگوزارییەکانی خۆی بێبەش دەکات. ئەم کارە، ئاڵوێرە بانکییەکانی ئێران لەگەڵ هەموو وڵاتانی جیهان تووشی کێشە دەکات.

سویفت رۆژانە پتر لە ١٥ میلیۆن ئاڵوێری ماڵی لە نێو رایەڵەیەکی پێکهاتوو لە ٩٠٠٠ بانك لە ٢٠٠ وڵاتی جیهان رێك دەخات.

وەزارەتی خەزێنەداریی ئامریکایش، گەمارۆی خستنە سەر وەزارەتی ئیتلاعاتی ئێران. دەیوید کوهن، وەزیری خەزێنەداریی ئامریکا، لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاند کە ئەو گەمارۆیە بە هۆی «پێشێلکردنی مافە بنەڕەتییەکانی هاووڵاتییانی ئێرانی و هەڵسوکەوتی شەڕانییانەی لە پێوەندی لەگەڵ سەرکوتی بێزهەستێنی» خەڵکی سووریەوەیە.

بەپێی راپۆرتی هەواڵدەریی فەڕانسە، بەپێی ئەم گەمارۆ نوێیانە، هەموو داراییەکانی وەزارەتی ئیتلاعاتی ئێران کە لە ئامریکا یان لە ژێر چاودێریی ئامریکادا بن، بلۆکە دەکرێن. هەروەها بە کاربەدەستانی وەزارەتی ئیتلاعات، ویزای چوونە نێو خاکی ئامریکا نادرێ.

گەمارۆی ماڵی و بانکیی ئێران لەسەر ژیانی رۆژانەی خەڵك کاریگەری داناوە و پێشبینی دەکرێ خەڵکی ئێران لە داهاتوودا تووشی تەنانەت قاتوقڕی بن. بەپێی DW، رۆژنامەی ئاڵمانیی فرانکفۆرتێر روند شاو چەند رۆژ لەمەوپێش لە راپۆرتێکدا رایگەیاند کە: «لە ئێراندا ئەو ئەگەرە هەیە کە بەمزووانە پێویستترین شتەکانیش بەکەمی دەست بکەون. ئابووری شکستی خواردووە. کێشەی سەرەکیی وڵاتیش، نەك گەمارۆی نەوتی، بەڵکوو گەمارۆی ماڵییە». ئەسەدوڵڵا عەسکەرئەولادی، سەرۆکی ژووری بازرگانیی ئێران و چین ماوەیەك لەمەوپێش رایگەیاندبوو کە گەر سیاسەتە دراوییەکانی هەنووکە درێژە بدرێن، ئێران بەم زووانە تووشی قاتوقڕی دەبێ.





## سووریە لە کۆڕی گشتیی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا شەرمەزار کرا

کۆڕی گشتیی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە پەسندکردنی بڕیارنامەیەك کە لەودا دەوڵەتی بەشار ئەسەد و سەرکوتکردنی بەرهەڵستکارانی ئەو دەوڵەتەی تێدا شەرمەزار کراوە، داوای کرد بەشار ئەسەد واز لە دەسەڵات بێنێ.

ئەم بڕیارنامە رۆژی پێنجشەممە، ٢٧ی رێبەندان بە ١٣٧ دەنگی ئەرێنی و تەنیا ١٢ دەنگی دژبەر، پەسند کرا.

جگە لە چین و رووسیە، ئێران، وێنێزوئێلا و کورەی باکوور لەو ١٢ وڵاتە بوون کە دەنگی دژیان بە بڕیارنامەکە دا.

لە بڕیارنامەکەدا، لە گەڵاڵەی یەکیەتیی عەرەب کە خوازیاری چارەسەریی قەیرانی سووریە بە شێوەی ئاشتیخوازانە و وازهێنانی بەشار ئەسەد لە دەسەڵاتە، پشتیوانی کراوە. هەروەها لە ناردنی چاودێری تایبەتی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ سووریە پشتیوانی کراوە.

پەسندکردنی ئەم بڕیارنامە بە دەنگی زۆربەی نزیك بە تەواوی ئەندامان، دەتوانێ ببێتە هۆی وەپەراوێزکەوتنی چین و رووسیە لەو پرسەدا کە چەند رۆژ لەمەوبەر ئەم بڕیارنامەیان لە شوورای ئاسایشدا ڤێتۆ کردبوو. هەروەها دەتوانێ وێڕای هیوابەخشین بە خەڵکی سووریە، بە زیادکردنی گوشارە نێونەتەوەییەکان بەمەبەستی چارەسەریی قەیرانی سووریە یارمەتی بکات.

چالاکانی سیاسی لە سووریە دەڵێن کە لە دەستپێکی ئۆپەراسیۆنی زەوینیی هێزە ئەمنییەتییەکانی سووریە لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی بەرهەڵستکاران لە حەمەس، ٤٠٠ کەس لەو شوێنەدا کوژراون.

## شەپۆلی هێرشە تێرۆریستییەکانی رێژیم، جیهانی گرتەوە

پاش دەستبەسەرکردنی سێ ئێرانی لە تایلەنددا بە تۆمەتی دانانی بۆمب دژی ئامانجە ئیسراییلییەکان و تەقینەوە لە ماشینی باڵوێزخانەی ئیسراییل لە هێند و هەوڵدان بۆ هێرشێکی هاوشێوە لە گورجستان، دەوڵەتی ئامریکاش نیگەرانیی خۆی لە ئەگەری هەوڵێکی تێرۆریستی لە خاکی ئەم وڵاتەدا لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە دەربڕی.

لە حەوتووی رابردوودا، تەقینەوە لە ماشینێکی باڵوێزخانەی ئیسراییل لە دێهلی، پێتەختی هیند، بوو بە هۆی برینداربوونی هاوسەری یەکێك لە دیپلۆماتە ئیسراییلییەکان. ئەمەش لە کاتێکدایە کە کاربەدەستانی ئیسراییل لە گورجستان هەواڵیان لە هەوڵێکی سەرنەکەوتوو بۆ تەقاندنەوەی ماشینی دیپلۆماتێکی ئیسراییلی لە تێفلیس، پێتەختی ئەم وڵاتە دا.

بەرپرسانی تایلەندیش تەقینەوەکانی رۆژی سێشەممەی حەوتووی رابردوویان لە بانکۆکدا لەگەڵ ئەو هێرشەی کە رۆژی دووشەممە لە هیندوستان رووی دا و هەوڵی تەقاندنەوەی ماشینی دیپلۆماتێکی ئیسراییلی لە گورجستاندا، بە پێوەندیدار زانیوە.

بەدوای تەقینەوەکەی بانکۆکدا، دوو ئێرانی بە ناوەکانی سەعید مورادی و محەممەد خەزاعی دەستبەسەر بوون و ئێرانییەکیش بە ناوی مەسعوود سداقەتزادە، لە کاتێکدا دەیویست لە مالزیدا سواری فڕۆکەیەك بەرەو ئێران ببێ، قۆڵبەس کرا. گومانلێکراوی چوارەمیش بە ناوی لەیلا رۆحانی رای کردووە و بەڕێوەبەرانی ئیدارەی کۆچبەریی تایلەند لەو بڕوایەدان کە لەوانەیە بۆ ئێران گەڕابێتەوە.

سەرۆکی پۆلیسی تایلەند وتی ئامانجی ئەم گومانلێکراوانە، دیپلۆماتە ئیسراییلییەکان بووە نەك خەڵکی تایلەند.

## بەیاننامەی تەشکیلاتی نهێنیی PDKI سەبارەت بە تەحریمی هەڵبژاردنەکان

خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان!
ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!
هاوڕێیانی تێکۆشەر و ماندوونەناس!

وەك دەزانن، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ماوەی تەمەنی ٣٣ ساڵەی خۆیدا بەردەوام شانۆی هەڵبژاردنی سەرکۆماری و مەجلیس و شووراکانی بە مەبەستی ڕەوایی بەخشین بە خۆی بەڕێوە بردووە، بۆ گەرمیدان بەو هەڵبژاردنانە کۆمەڵێك پیلان و تەرفەندی جۆراجۆری بەڕێوە بردوون کە بە داخەوە سەرەڕای دەیان جار تاقیکاری و ئاشکرابوونی پیلانەکانی دیسان توانیویەتی ئەم کایەیە لە دەورێکی دواتردا بە ئەنجام بگەیەنێت.

هاوڕێیانی تێکۆشەر!

ئێستا کە بەرەو خولی نۆیەم لە هەڵبژاردنی مەجلیسی ڕێژیم دەچین، ڕێژیم لەوپەڕی لەرزۆکیدایە و دەیهەوێ بە تەرفەند و پیلانی جۆراوجۆر و ڕاکێشانی خەڵك بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدان، شانۆی ڕەوابوونی خۆی نیشانی جیهان بدات، حیزبەکەمان وێڕای نزیك بە تەواوی حیزبە کوردی و حیزبەکانی نەتەوە بندەستەکان و تەنانەت سەرانسەرییەکان، داوای تەحریمکردنی شانۆسازیی هەڵبژاردن بۆ مەجلیسی ڕێژیمی کردووە. جێی خۆیەتی داواتان لێ بکەین بۆ پووچەڵکردنەوە و ناکامکردنی ڕێژیم لە ئەنجامدانی ئەم شانۆسازییەدا بە گەیاندنی پەیامی حیزبەکەمان بە گوێی خەڵك و ڕوونکردنەوەیان سەبارەت بە شانۆی هەڵبژاردنی ڕێژیم زۆر بە جیددی و لەوپەڕی وشیاری و لەسەرەخۆیی تێبکوشن.

ئێوە دەتوانن بە بڵاوکردنەوەی تراکت و پۆستێر و دیوارنووسین، ناردنی SMS، بڵاوکردنەوەی شەونامە، لەقاودانی گەندەڵیی سیاسی و ئابووریی مۆرەکانی ڕێژیم کە خۆیان بۆ بە ناو نوێنەرایەتیی مەجلیس کاندید کردووە، باس لە پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ و جینایەتە لە ئەژمارنەهاتووەکانی ڕێژیم لە کوردستان، بێ ئاسۆیی ڕێژیم و ناکارامەیی ئەو نۆێنەرانە و تەنانەت تەواویەتی مەجلیس و دامودەزگاکانی ئەو ڕێژیمە ستەمکارە، هەژاری و بێکاری و دەیان دیاردەی دزێوی دیکەی کۆمەڵایەتی بکەن کە لە ئاکامی سیاسەتی هەڵە و پاوانخوازانەی دەسەڵاتدارانی ئەم ڕێژیمەدا بەسەر خەڵك هاتوون و بۆ خەڵك ڕوون بکەنەوە و داوایان لێ بکەن لە شانۆی هەڵبژاردندا بەشداری نەکەن هەتا سەر سندووقەکانی دەنگدانی ڕێژیم لە ڕۆژی بەناو هەڵبژاردندا چۆڵ بکەین بۆ ئەوەی ڕێژیم نەتوانێ ژستی ڕەوایی خۆی لە بەرچاوی خەڵك و کۆمەڵگای جیهانی بگرێت.

هاوڕێیانی تێکۆشەر!

بابەتێکی دیکە کە پێویستە زۆر کاری لەسەر بکەن، ئەو کێبڕکێ درۆیینەیە کە ڕێژیم لە نێوان دوو پێکهاتەی مەزهەبی، زاراوەیی، نەتەوەیی، عەشیرەتی و ... هتد بۆ گەرمیدان بە هەڵبژاردن، لە نێوان مۆرەکانی خۆی سازی دەکا و بەم چەشنە دەیهەوێ خەڵك بکێشێتە سەر سندووقەکانی دەنگدان، ئێوە دەبێ بە بێ دوودڵی و لێبڕاوانە و بە وریاییەوە بۆ خەڵکی ڕوون بکەنەوە ئەو مۆرانە کە بە ڕواڵەت کەوتوونەتە کێبڕکێی هەڵبژاردن هەموو مۆرەی دەستنیشانکراوی ڕێژیم و پەسندکراوی شوورای نگەهبانن و ناتوانن نۆێنەری خەڵك بن، بەڵکوو ئەوانە کۆمەڵێك مرۆڤی قازانجخواز و سەر بە ڕێژیمن و لە خزمەت ئامانجەکانی ڕێژیمدا کار دەکەن.

خاڵێکی دیکەی جێگای سەرنج کە دەبێ بۆ خەڵك ڕوون بکرێتەوە، ئەو پیلان و بەرنامانەن کە ئیدارەی بە ناو «تامین اجتماعی» بۆ ڕاکێشانی خەڵکی هەژار و فەقیر بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدان، ڕادەیەکی کەم پووڵ و پێداویستیی ژیان لە سەروبەندی هەڵبژاردنەکاندا بە بەشێك لە خەڵکی هەژار و فەقیر دەدات کە ئەمە نەك هەر یارمەتیکردن بە خەڵك نیە، بەڵکوو سووکایەتیکردن بە کەرامەتیانە و نابێ قەبووڵی بکەن.

هاوڕێیانی تێکۆشەر!

ئێوە دەتوانن لە زۆر ڕێگای جۆراجۆرەوە ئەم پەیامە بە خەڵك بگەیەنن، بۆ وێنە دەتوانن لە ڕێگای سندووقەکانی پۆست، نووسین لەسەر ئەسکەناس (پووڵ)، ناردنی sms، بڵاوکردنەوەی شەونامە و دەیان ڕێگای دیکەوە کە هەر کام لە ئێوە ڕەنگە شارەزای بن و تاقیتان کردبێتەوە ئەم ئەرکە گرینگە بەڕێوە بەرن.

نا بۆ شانۆی هەڵبژاردن، بەڵێ بۆ تەحریمی چالاك
سەرکەوتن بۆ گەلەکەمان
ساخی و سەلامەتی بۆ ئێوە
کومیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

## دیداری شاندی کۆمیتەی PDKI ـ دانمارک، لەگەڵ وتەبێژی پارتی سوسیالیستی گەلی دانمارکدا

هەیئەتێکی کۆمیتەی PDKI ـ دانمارك، لەگەڵ وتەبێژی کاروباری دەرەوەی پارتی سوسیالیستی گەلی دانمارك (SF) لە پارلمانی ئەو وڵاتە کۆ بووەوە.

ڕێکەوتی ٢٠ی ڕێبەندان، هەیئەتێکی کۆمیتەی PDKI ـ دانمارك، پێکهاتوو لە بەڕێزان سەعید سوڵتانپوور و هەژار دەشتی لەگەڵ بەڕێز «ئێستین گەید»، ئەندامی کومیسیۆنی پێوەندییەکان و وتەبێژی پارتی سوسیالیستی گەل بۆ کاروباری دەرەوە لە پارلمانی دانمارك چاوپێکەوتن و ئاڵوگۆڕی بیروڕای کرد.

لەم دیدارەدا ئەم خاڵانە خرانە بەر باس و لێکدانەوە:
- هەوڵەکانی ڕێژیمی ئێران بۆ تەیاربوون بە چەکی ناوکی و مەترسی و ئاکامەکانی
- پێویستیی نەمانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران و جێگیربوونی سیستمی دێموکراسی لە ئێران
- هەوڵدان بۆ لێکنزیککردنەوەی ئوپۆزیسیۆنی ئێرانی
- گرینگیدان بە مافی گەلان و تێکۆشانی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ بۆ ئێرانێکی دێموکرات و فیدراڵ

## دیداری نوێنەرایەتیی PDKI لەگەڵ ئەندام پارلمانێکی بریتانیا

ڕێکەوتی ١٨ی ڕێبەندان، هەیئەتێکی نوێنەرایەتیی PDKI بە سەرپەرستیی کاك لوقمان ئەحمەدی، سەردانی پارلمانی بریتانیای کرد و لەگەڵ بەڕێز «هیول ویلیامز»، پارلمانتاری پارلمانی بریتانیا دیدار و چاوپێکەوتنی پێك هێنا.

لەم چاوپێکەوتنەدا چەندین باس و بابەتی پێوەندیدار بە هەلومەرجی ئێستای ئێران بەگشتی و کوردستانی ئێران بەتایبەتی لە بواری مافی مرۆڤ، سیاسی، هەلومەرجی زمانی کوردی و سیستمی دەسەڵاتداریی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی ڕێژیمی ئیسلامی و هەڵوێستی حیزبی دێموکرات و حیزبە کوردستانییەکانی دیکەی کوردستانی ئێران، بەرنامەی ناوکیی ڕێژیمی ئێران، سیاسەت و بەرنامەی حیزبی دێموکرات لە پێوەندی لەگەڵ سیستمی ئیدارەکردنی ئێرانی دوای ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هاتە ئاوارە. هەر دوو لا هەروەها لەسەر پتەوکردنی پێوەندییەکانی PDKI و حیزبی نەتەوەی وەیلس ئاڵوگۆڕی بیروڕایان کرا.

## پەیامی سەرەخۆشیی PDKI
## بە بۆنەی کۆچی دوایی دوکتور ئیبراهیم یوونسی، نووسەر و وەرگێڕی کورد

دوکتور ئیبراهیم یوونسی، نووسەر و وەرگێڕی بەناوبانگی کورد، دوای بەربەرەکانێیەکی زۆر لەگەڵ نەخۆشی، لە ڕێکەوتی ١٩ی ڕێبەندان، لە تاران ماڵئاوایی لە ژیان کرد.

دوکتور «ئیبراهیم یوونسی»، کوڕی «سلێمان بەگ خان» و نەوەی یوونس خان، ساڵی ١٣٠٥ لە شاری بانە لەدایك بووە و خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە بانە تەواو کردووە و پاشان لە قوتابخانەی دواناوەندیی نیزامیی تاران درێژەی بە خوێندن داوە و بە هۆی چالاکیی سیاسی پاش کوودەتای ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢ی هەتاوی، لە لایەن ڕێژیمی پاشایەتیی ئێرانەوە دەستبەسەر کراوە، کە سەرەتا حوکمی ئێعدامی بۆ دەرچووە و دواتر کراوەتە زیندانی هەتاهەتایی و دوای ساڵێك لە ژووری تاکەکەسی لە زیندانی «قەسر قەجەر» و ٧ ساڵ لە بەندی گشتی، لە زیندان ئازاد کراوە و پاش چوار ساڵ بێکاری، ساڵی ١٣٤٤ لە ناوەندی ئاماری ئێران دامەزرا و درێژەی بە خوێندن داوە.

لە قوتابخانەی بەرزی ئابووری لە فەڕانسە ناونووسی کردووە و ساڵی ١٣٥٦ لە زانستگای سووربۆنی پاریس دوکتورای لە سیکلی سێهەمی ڕامیاریی پەرەپێدان وەرگرتووە.

ساڵی ١٣٥٦ کۆمەڵەی پارێزگاری لە مافی مرۆڤی دامەزراندووە و پاش شۆڕشی گەلانی ئێران لە کاتی سەرۆك وەزیریی مەهدی بازرگاندا وەك یەکەم پارێزگاری پارێزگای کوردستان دیاری کرا کە پاش دوو مانگ دەستی لەکار کێشایەوە.

دوکتور یوونسی بەسەر زمانەکانی کوردی، فارسی، فەرانسەوی و ئینگلیزیدا بە باشی زاڵ بووە و کاری نووسین و وەرگێڕانی بەو زمانانە کردووە.

ناوبراو زیاتر لە ١٠ نووسراوەی ڕۆمان و لێکۆڵینەوە لەسەر هونەری چیرۆك و ڕۆمان و هونەر و هەروەها زیاتر لە ٨٠ وەرگێڕانی لە کارنامەی ئەدەبیی خۆیدا تۆمار کردووە.

دوکتور یوونسی زۆربەی هەرە زۆری کارەکانی وەرگێڕانن لە زمانی بیانییەوە کە ١ بەرهەمی لە زمانی فەرانسەیی و ٨٠ بەرهەمیشی لە ئینگلیزییەوە وەرگێڕاوە و ١٠ کتێبیشی بۆ خۆی نووسیوە کە دەکرێ ئاژماژە بە «هونەری چیرۆکنووسی»، و ڕۆمانەکانی: «دایکم دوو جار گریا، گۆڕستانی غەریبان، دادە شیرین، چرۆکردنی باخ، خەمی شەوی بێ کۆتایی» و لە بەرهەمە وەرگێڕانەکانیشی وەك نموونە بەرهەمەکانی «ئارەزووی مەزن، ئێسپارتاکووس، مێژووی ئەدەبیاتی ڕووسیە، لایەنەکانی ڕۆمان، چیرۆکی دوو شار، دەفتەری یاداشتی ڕۆژانەی نووسەرێك، سێ هاوڕێ و مێژووی کۆمەڵایەتیی هونەر» و.... بهێنینەوە.

یوونسی لە بارەی مێژووی ئەدەبیاتی ئێران و جیهان و بەتایبەت چیرۆك و ڕۆمان و هونەر، هەم لە بیاڤی سیاسی، مێژووی ئێران و لێکۆڵینەوە لەبارەی کوردستان و هەم مێژووی شەڕ بەرهەمی نووسین و وەرگێڕانی هەیە.

خەڵکی فەرهەنگدۆستی و ئەدەبدۆستی بانە بە بۆنەی ناشتن و ئەسپەردەکردنی ئەو کەسایەتییە بەرزە فەرهەنگییەی کورد ستادێکی خەڵکییان پێك هێناوە و بڕیار وایە تەرمی مامۆستا ڕۆژی هەینی ٢١ی ڕێبەندان لە ڕێوڕەسمێکی بەشکۆدا بە بەشداریی جەماوەری خەڵك و بەتایبەت چالاکانی فەرهەنگی و ئەدەبیی ناوچە جیاجیاکانی کوردستانی ئێران لە گۆڕستانی سلێمان بەگی بانە بنێژرێت.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە بۆنەی کۆچی دوایی دوکتور ئیبراهیم یوونسی، نووسەر و وەرگێڕی بەتوانای کورد، سەرەخۆشیی خۆی، بەتایبەتی ئاراستەی بنەماڵە و کەسوکاری و بەگشتی خەڵکی فەرهەنگ دۆستی شاری بانە و توێژی چالاکانی فەرهەنگی و نووسەرانی کورد دەکات و خۆی لە خەم و پەژارەیاندا بە شەریك و بەشدار دەزانێت، بەو هیوایەی ڕێبوارانی نووسین و داهێنان و چالاکانی فەرهەنگی درێژەپێدەری ڕێگاکەی بن.

ڕۆحی شاد

## پەیامی سەرەخۆشیی سکرتاریای PDKI
## بە بۆنەی کۆچی دوایی «وەزیری کشتوکاڵ»ی کۆماری کوردستان

بە داخەوە ئاگادار کراین کە ڕۆژی هەینی، ٢١ی ڕێبەندانی ١٣٩٠ی هەتاوی، ئەندازیار «مەحموود وەلیزادە»، وەزیری کشتوکاڵی کۆماری کوردستان، لە تەمەنی ٩٦ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

مەحموود وەلیزادە لە کەسایەتییەکانی سەردەمی کۆماری کوردستان بوو کە پاش کۆماریش بە ئامانجە پیرۆزەکانی کۆمار وەفادار مایەوە و ژیانی ئاساییشی بە خۆشناوی تێپەڕ کرد.

تەرمی ئەندازیار مەحموود وەلیزادە لە شاری تەورێز بە خاك سپێردرا و ڕێوڕەسمی پرسەکەی لە شاری مەهاباد بەڕێوە دەچێت.

بە بۆنەی کۆچی دوایی کەسایەتیی سەردەمی کۆمار «مەحموود وەلیزادە»، وێڕای دەربڕینی پەژارەمان، سەرەخۆشی لە بنەماڵە، خزمان، دۆستان و سەجەم خەڵکی مەهاباد دەکەین و خۆمان بە بەشداری خەمی لەدەستچوونیدا دەزانین.

سکرتاریای حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
٢٢ی ڕێبەندانی ١٣٩٠ی هەتاوی
١١ی فێورییەی ٢٠١٢ی زایینی

## ڕاپۆرتی کۆتاییهاتنی دووهەمین کۆنگرەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ڕێکەوتی ٢٣ی ڕێبەندان، دووهەمین کۆنگرەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ژێر ناوی کۆنگرەی «گەشەی بیری ژنانە»، بە بەشداریی بەڕێز مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی PDKI، تێکڕای نوێنەرانی هەڵبژێردراوی کونفرانسەکان لە کوردستان و دەرەوەی وڵات دەستی پێکرد. لەم ڕێوڕەسمەدا پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات لە لایەن کاك حەسەن شەرەفی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزبەوە پێشکەش کرا. هەروەها چەند کەس و لایەن لەوانە خوشکە نەسرین قاسملوو، هاوسەری شەهیدی نەمر دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو و خاتوو هێرۆ جەڵدیانی، سکرتێری گشتیی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ کۆنگرەکە پەیامیان ناردبوو.

لەم کۆنگرەیەدا دوای چەند ڕۆژ کاری بەردەوام، ڕاپۆرتی سیاسی ـ کۆمەڵایەتیی ئامادەکراوی کۆمیتەی بەڕێوەبەری، بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کار و چالاکیی کۆمیتەکانی یەکیەتیی ژنان لە کوردستان و دەرەوەی وڵات و کار و چالاکیی یەکیەتیی ژنان لە ڕێکخراوی ئینتێرناسیۆناڵ سو سیا لیست، پاش تاوتوێکردن و لێکدانەوەی ورد، لە لایەن ئەندامانی کۆنگرەوە دەنگیان بۆ وەرگیرا و پەسەند کران.

لە دانیشتنەکانی کۆتایی کۆنگرەدا، ٩ ئەندامی ئەسڵی و ٥ ئەندامی جێگری بەڕێوەبەری هەڵبژێردران و خاتوو ئیلهام چایچی وەك بەرپرسی گشتیی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە لایەن دەستەی بەڕێوەبەریی نوێوە هەڵبژێردرا و کۆنگرە پاش دوو ڕۆژ کاری بەردەوام کۆتایی بە کارەکانی هێنا.



ڕێوڕەسمی کۆتاییهاتنی دووهەمین کۆنگرەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کۆنگرەی «گەشەی بیری ژنانە» لە ڕێکەوتی ٢٥ی ڕێبەنداندا بەڕێوە چوو.

## بەشداریی هەیئەتێکی PDKI لە ڕێوڕەسمی سەرەخۆشیی قاسم تاهیر مەخمووری

ڕێکەوتی ٢٢ی ڕێبەندان، هەیئەتێکی PDKI، بە سەرپەرستیی کاك محەممەد نەزیف قادری، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات لە پرسە و سەرەخۆشیی کاك قاسم تاهیر مەخمووری، برای بەڕێز غەفوور مەخمووری، سکرتێری یەکیەتیی نەتەوەیی دێموکراتی کوردستان، بەشداری کرد.

هەروەها پرسە و سەرەخۆشیی کاك مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی PDKI لە لایەن بەڕێز محەممەد نەزیف قادرییەوە ئاراستەی کاك غەفوور مەخمووری کرا.

بەڕێز قاسم تاهیر مەخمووری ڕێکەوتی ٢١ی ڕێبەندانی ١٣٩٠ی هەتاوی لە شاری هەولێر کۆچی دوایی کرد.

## نوێنەری PDKI لە شاری هەولێر سەردانی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستانی کرد

سەرلەبەیانیی ڕۆژی دووشەممە، ڕێکەوتی ١٧ی ڕێبەندان، هەیئەتێکی پێوەندییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری هەولێر بە سەرپەرستیی بەڕێز تاهیر مەحموودی، نوێنەری حیزب لە شاری هەولێر، سەردانی بارەگای مەکتەبی سیاسیی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستانی کرد و لە لایەن هەیئەتێکی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستانەوە بە سەرپەرستیی مامۆستا سەلاحەدین بەهائەدین، ئەمینداری گشتیی ئەو حیزبەوە پێشوازیی لێکرا.

لەو دیدارەدا تاهیر مەحموودی، پیرۆزبایی یادی ١٨ ساڵەی دامەزرانی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستانی بە مامۆستا سەلاحەدین بەهائەدین و ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی یەکگرتووی ئیسلامی ڕاگەیاند.

**بڕووخێ ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران**

## پەیامی دەفتەری سیاسیی PDKI بۆ کۆنگرەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران

دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە لایەن بەڕێز حەسەن شەرەفی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزبەوە پەیامێکی بە دووهەمین کۆنگرەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێشکەش کرد. دەقی پەیامەکە بەم شێوەیە:

خوشکانی بەڕێز!

ژنانی ئازادی و یەکسانیخواز!

بەشدارنی بەڕێزی دووهەمین کۆنگرەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

پێکهێنانی دووهەمین کۆنگرەکەتان بە گەرمی پیرۆزبایی لێدەکەین و خۆشحاڵیی خۆمان دەردەبڕین کە پاش کار و تێکۆشانی بەردەوامتان لە کۆنگرەی یەکەمەوە تا ئێستا دەرفەتی هەڵسەنگاندن و پێداچوونەوە بە چالاکییەکانی یەکیەتییەکەتان و لە پەنا ئەوەشدا بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرج و دەرەتانی خۆتان رێوشوێنی گونجاو بۆ هەوڵەکانی داهاتووتان لە رێگای پێکهێنانی ئەو کۆنگرەیەوە رەخساندووە.

خوشکانی ئازیز!

بزووتنەوەی ئازادی و یەکسانیخوازی ژنان ئەمرۆ بە پانتایی جیهان و بە شێوەیەکی بەردەوام بەتایبەت لەو وڵاتانەی کە هەنووکەش ژنان بە مافی یەکسان لەگەڵ پیاوان لە خێزان و لە کۆمەڵدا نەگەیشتوون، لە گۆڕێدایە، کەم بزووتنەوەی ئازادیخوازی و دادپەروەری لە دژی جیاوازیدانان و هەڵاواردن بەدی دەکرێ کە ژنان لەو بزووتنەوەدا رۆڵی بەرچاو نەگێڕن و شوێندانەریی خۆیان نەبێ. بۆیە زۆر ئاساییە کە ئێوە ژنانی تێکۆشەری کوردیش لە خەباتی خۆتان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانتان هەروا بەردەوام و لەسەر داوا رەواکانتان سوور و پێداگر بن، بەتایبەت کە ژنانی ئێران وەك نیوەی کۆمەڵ نەتەنیا لە ماف و یەکسانی بێبەشن، بەڵکوو لە روانگەی کۆماری ئیسلامییەوە تەنیا وەك ئامراز سەیریان دەکرێ. جیاوازیدانان لە نێوان دوو رەگەزی پیاو و ژن هەم بەپێی ئیدئۆلۆژیی رێژیم و هەم بەپێی یاساکانی سەرچاوەگرتووە لەو ئیدئۆلۆژییە رەوایی پێ بەخشراوە و تەنانەت شێوەی پۆشین و هەڵسوکەوتی رۆژانەشتان لە ژێر چاوەدێری و تەعقیبدایە و دەست تێبردن لەو جیاوازیدانانە بە دارمانی باوەڕەکانی رێژیم دەژمێردرێ. لەوانەش زیاتر ئێستاش دابونەریتی کۆمەڵگای سوننەتی، خورافات و دواکەوتوویی لەمپەرن لەسەر رێگای دابینبوونی مافەکانی ژنان و یەکسانیی ژن و پیاو لە خێزان و لە کۆمەڵدا. ئەوانە دەریدەخەن کە خەباتی ئێوە چەندە دژوار و نەیارانیشی چەند لایەنن. بۆیە تەنیا ئیرادەی بەهێز، لێبڕاوی و یەکگرتوویی ژنان و پشتیوانیی پیاوانی دێموکرات و باوەڕمەند بە یەکسانیی ژن و پیاوە کە دەتوانێ لە رەوتی خەباتی رەوای ژناندا ئەم لەمپەرانە لەسەر رێگای گەیشتن بە ئازادی و یەکسانی دوور بخاتەوە.

خوشکانی بەڕێز!

رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران تەنیا پێشێلکەری مافی ژنان نیە بەڵکوو مافی سەرجەم ئینسانەکان لە ئێراندا وەك یەك پێشێل دەکا بۆیەشە کە خەبات دژی ئەو رێژیمە بە مەبەستی لە نێوبردنی و بەتایبەت جێگیرکردنی دەسەڵاتێکی خەڵکی و دێموکراتیك دەتوانێ بەشی زۆری مافی ئینسانەکان بە بێ‌جیاوازی، دابین بکا. ئەوەش ئەوە دەخوازێ ئێوە وێڕای خەبات بۆ مافەکانی ژنان لەو خەباتە سەراسەرییەشدا هەروا شوێندانەر بن.

ئێوە ژنانی کورد، لە کوردستانیشدا لە مافی نەتەوایەتی بێبەشن و لە خەبات بۆ دابینبوونی ئەو مافەشدا زۆر سەنگەرتان پڕ کردۆتەوە و رووبەڕووی دەسەڵاتی داسەپاو بوونەوە، قوربانیتان داوە و رۆڵەتان لە دەست داوە و بە ئاگری زوڵمی دوژمن ژیانتان شێواوە یا شەریکی ژیانتان لە دەست داوە و لەگەڵ زۆرترین مەترسی بەرەوڕوو بوونەتەوە. بۆیە کە دەڕوانینە خەباتی ئێوە لە پێناو مافە ئینسانی، نەتەوایەتی و یەکسانیخوازییەکانتاندا، دەبینین کە ئەرکتان چەندە قورس و رێگای گەیشتن بە ئامانجەکانتان چەند پڕکەندولەندە. بەڵام ئەوەی جێگای هومێدە، ئیرادەی بەهێزی درێژەدان بە خەباتتانە، کە لە ئێوەدا بەدی دەکرێ کە ئەوەشی بێتە پاڵ کە لە خەباتتاندا تەنیا نین و خاوەن پشتیوانیی بەهێزی رۆڵەکانی کورد و ئازادیخوازانی ئێرانن، هیوا بە سەرکەوتن و بەئاواتگەیشتن چەندقات دەبێ. دیارە گرێدان و هاوکاریتان لەگەڵ بزووتنەوەی ژنانی سەراسەریی ئێران و ناوەندەکانی دیفاع لە مافی ژن لە رادەی جیهانیشدا دەرەتانی باشترتان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانتان بۆ دەخولقێنێ. بۆیە ئەوەندەی ئەرکتان قورس و گرینگە ئەوەندەش ئەرکی ئەو کۆنگرەیەتان پڕبایەخە، چوونکە شێوازی کار و چالاکیتان بە لەبەرچاوگرتنی هەموو هەلومەرجەکان دیاری دەکا و پێویستە رەوتێکی چالاکتر بپێوێ و رێبەرییەکی شیاو و وەڵامدەر هەڵبژێرێ. هەر لەو پێوەندییەدا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە خەبات بۆ دابینبوونی دێموکراسی، رەچاوکردنی مافی مرۆڤ، دابینبوونی مافی نەتەوایەتیی کورد و بۆ عەدالەت، یەکسانی و دژ بە هەڵاواردن و جیاوازیدانان بەڕێوە دەبا بە ئەرکی خۆی دەزانێ کە لە رەوتی خەباتتاندا هەنگاو بە هەنگاو لەگەڵتان بێ، پشتیوانتان بێ و لە هیچ هاوکارییەکی یەکیەتییەکەتان درێغی نەکا چوونکە لەو باوەڕەدایە کە بە بێ ئازادی و یەکسانیی ژن و پیاو هیچ کۆمەڵگایەك بە ئازادی واقیعی ناگا، لە هەمان کاتدا پشتی بە پشتیوانیی هەمیشەیی و هەتا سەری ئێوەش گەرمە، چوونکە خەباتەکەی بۆ ئازادیی ئێوەیە. ئەو کۆنگرەیەش دەرفەتێکە بۆ دووپاتکردنەوەی پشتیوانیمان و دەربڕینی راو بۆچوونمان لەو پێوەندییەدا.

جارێکی دیکە سەرکەوتن بۆ کۆنگرەکەتان و لەشساغی و بەختەوەری بۆ یەك یەکی ئێوە بە ئاوات دەخوازین.



## چاوپێکەوتنی شاندێکی PDKI لەگەڵ بەرپرسانی بنیاتی سەدەی داهاتوو بۆ ئاشتی لە رۆژهەڵاتی ناڤین

شاندێکی PDKI بە سەرپەرستیی کاك لوقمان ئەحمەدی، نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بریتانیا رێکەوتی ٢٦ی رێبەندان چاوی بە بەرپرسانی «بنیاتی سەدەی داهاتوو بۆ ئاشتی لە رۆژهەڵاتی ناڤین» کەوت.

لە کۆبوونەوەی نێوان نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکرات و ئەو بنیاتەدا، هەلومەرجی ئێران بەگشتی و کوردستانی ئێران بەتایبەتی و هاوکاری و هاوفیکریی PDKI لەگەڵ ئەو بنیاتە خرایە بەر باس و «ویلیام mووریس» لە بەرپرسانی بنیاتی ناوبراو لەسەر ئەوە جەختی کردەوە کە ئێران و پرسی کورد بەگشتی گرینگییەکی تایبەتی هەیە و رایگەیاند کە بنیاتەکەیان لە داهاتوودا کاری زیاتر لەسەر پرسی کورد و کوردستانی ئێران دەکات.

لوقمان ئەحمەدی، نوێنەری حیزب لە بریتانیا باسێکی لەسەر هەلومەرجی سیاسیی ئێران و کوردستانی ئێران و هەروەها فرەنەتەوەبوونی ئێران و رۆڵی نەتەوەکانی پێکهێنەری ئێران لە بەرەوپێشچوونی دێموکراسی و سەقامگیرکردنی ئاشتی لە ئێرانی پاش رێژیمی ئیسلامیی ئێراندا کرد و جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە بە بێ دابەشکردنی دەسەڵات بە شێوەی سیستمێکی فیدراڵی، ئاشتی و دێموکراسی لە ئێراندا وەدی نایەت.

هەروەها لەسەر رۆڵی تێکدەرانە و ئاژاوەگێڕانەی رێژیمی ئێران لە ناوچە و جیهان و هەلومەرجی بەشەکانی دیکەی کوردستان و ناوچە بەگشتی، ئاڵوگۆڕی بیروڕا لە نیوان نوێنەرانی هەر دوو لایەندا کرا.

بنیاتی سەدەی داهاتوو بۆ ئاشتی لە رۆژهەڵاتی ناڤین، بۆ وەدیهێنانی ئاشتی لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست تێدەکۆشێت و چەندین ساڵە لەگەڵ لایەن و هێزە دێموکراتیکەکانی ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بۆ پەرەپێدانی ئاشتی و دێموکراسی کار دەکات.

## دەسبەسەر کردنی ٢٠ هاووڵاتیی کورد لە گیلان غەرب لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە



لە بەرەبەری هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی شوورای ئیسلامیی رێژیمی ئێران و درێژەی هەوڵەکانی رێژیم بۆ ناچارکردنی خەڵك بە مەبەستی بەشداری لە شانۆی هەڵبژاردنەکاندا، هێزە ئینتیزامییەکانی رێژیمی ئێران لە شاری گیلان غەرب ٢٠ هاووڵاتییان دەسبەسەر کرد.

رێژیمی ئێران لە سەروبەندی شانۆی هەڵبژاردنەکاندا هەوڵ دەدات بە دروستکردنی بارودۆخێکی تۆقێنەر لە نێوان هاووڵاتییاندا، خەڵك ناچار بە بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا بکات.

لەم پێوەندییەدا، رێکەوتی ٢٦ی رێبەندان، فەرهاد تەجروبی، نوێنەری ئێستای شاری گیلان غەرب لە مەجلیسی رێژیم، داوای لە خەڵکی ناوچەی «چلە» کردووە لە هەڵبژاردنەکاندا بەشداری بکەن، بەڵام ئەو داوایەی ناوبراو لەگەڵ نارەزایەتی و دژایەتیی خەڵك بەرەوڕوو بۆتەوە.

هێزە ئینتیزامییەکان ٢٠ کەس لەو هاووڵاتییانەیان کە داخوازیی نوێنەری رێژیمیان رەت کردووەتەوە و نارەزایەتییان دەربڕیوە، دەسبەسەر و راپێچی بەندیخانەی دیزڵئابادیان کردووە.

## دووەمین سمیناری هاوبەشی رێکخراوە خوێندکارییەکانی کوردستان لەمەڕ تەحریمی هەڵبژاردن بەڕێوەچوو

دووەمین سمیناری هاوبەشی یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵەی خوێندەوارانی رۆژهەڵات لەمەڕ تەحریمی خۆلی نۆهەمی هەڵبژاردنی مەجلیسی رێژیم بەڕێوە چوو.

ئەم سمینارە رۆژی شەممە، ٢٩ی رێبەندان بە بەشداریی ئەندامانی هەر دوو رێکخراوی خوێندکاری و کۆمەڵێکی بەرچاو لە میوانان لە ساڵۆنی رێورەسمەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە کۆیە دەستی بە کار کرد.

پاش خوێندنەوەی سروودی نەتەوایەتیی «ئەی رەقیب» و خولەکێك بێدەنگی بۆ رێزگرتن لە شەهیدانی کوردستان و شەهیدانی بزووتنەوەی خوێندکاری، رەحیم سورخی، مامۆستای زانکۆ و شارەزای بواری راگەیاندن، لە لێدوانێکدا بەکارهێنانی وشەی هەڵبژاردن لەمەڕ پرۆسەی دیاریکردنی مۆرەکان و کارگێڕانی کۆماری ئیسلامی بە هەڵەیەکی باو زانی و هەڵبژاردنی لەم رێژیمەدا بە هەنگاوێکی فریودەرانە و جۆرێك شانۆگەری لە قەڵەم دا.

دواتر کۆماس شەهبازی، نوێنەری کۆمەڵەی خوێندەوارانی رۆژهەڵات وێڕای باسکردن لە ئیستراتژی و کارنامەی بزووتنەوەی خوێندکاری لە پێوەندی لەگەڵ پرۆسە سیاسییەکان لە ئێراندا، رۆڵی ئەم بزووتنەوەیەی لە تەحریمی چالاکانەی هەڵبژاردندا بە گرینگ و پڕبایەخ لە قەڵەم دا.

لە بەشێکی دیکەدا حیسام دەستپیش، مامۆستای زانکۆ و کارناسی زانستە سیاسییەکان وێڕای شرۆڤەی تیئۆریکی پرۆسەی دێموکراسی و هەڵبژاردن، بە تێروتەسەلی باسی لە ناکۆکی و دژوازیی ماهییەت و هەڵسوکەوتی سیاسیی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ئەسڵەکانی دێموکراسی و هەڵبژاردنی راستەقینە کرد.

پاشان سەلام ئیسماعیلپوور، نوێنەری یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران باسی لە کەڵکوەرگرتنی نابەجێی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە هێندێك دەستەواژەی وەکوو هەڵبژاردن، کۆمارییەت و مەشرووعییەت و خەسارەکانی برەوپێدانی ئەم چەمکانە لە ئەدەبیاتی سیاسیی نەیارانی رێژیمدا کرد و پێناسەکردنەوەی سەر لە نوێی پرۆسەکان و دامەزراوە سیاسییەکانی رێژیمی بە ئەرکێکی گرینگ و چارەنووس ساز هەڵسەنگاند.

شایانی باسە سمیناری یەکەم لە شاری سلێمانی بەرێوەچووبوو.

## دیداری نوێنەری PDKI، لەگەڵ راوێژکاری پارلمانتارانی سەوزەکانی یەکیەتیی ئورووپا لە فینلاند

رێکەوتی ١٨ی رێبەندان، خاتوو ئەژین رەزابی، بەرپرسی پێوەندییەکانی کۆمیتەی PDKI لە فینلاند و نوێنەری PDKI لەو وڵاتە و کاك خالید مەهابادی، بەرپرسی کۆمیتەی ناوچەی هێلسینکی، سەردانی بارەگای حیزبی سەوزەکانی فینلاندیان کرد و لە لایەن خاتوو «تانیا رێمێس»، لێپرساوای پرسە نێونەتەوەییەکان و راوێژکاری پارلمانتارانی سەوزەکان لە یەکیەتیی ئورووپا پێشوازییان لێکرا.

لەم چاوپێکەوتنەدا ئەم پرسانە هاتنە ئاراوە:

- هەڵبژاردنی نۆیەمین خولی مەجلیسی رێژیم و بارودۆخی ئێران
- بەهاری عەرەبی و دوایین رووداوەکانی سووریە و کاریگەریی ئەم رووداوانە لەسەر ئێران
- فرەنەتەوەبوونی ئێران و دامەزرانی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ
- بارودۆخی مافی مرۆڤ لە ئێران بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی
- پرسی بە ئەندامبوونی تورکیە لە یەکیەتیی ئورووپا
- کۆنگرەی ١٥ی حیزبی دێموکراتی کوردستان
- ئاکامی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریی فینلاند

## بەشداریی نوێنەری PDKI لە کۆنگرەی حیزبی سوسیالیستی ئیسپانیادا

نوێنەری PDKI لە رێکخراوی ئینترناسیۆناڵ سوسیالیست، کاك لوقمان ئەحمەدی، لە ٣٨مین کۆنگرەی فیدراڵی حیزبی سوسیالیستی ئیسپانیادا بەشداری کرد. ئەم کۆنگرەیە لە رۆژانی ١٤، ١٥ و ١٦ی رێبەنداندا لە شاری سیڤیل بەڕێوە چوو.

پێش کردنەوەی کۆنگرە، لە لایەن حیزبی سوسیالیستی ئیسپانیاوە کۆبوونەوەیەکی تایبەت بۆ میوانەکانی کۆنگرە کە بریتی بوون لە چەندین کەس لە نوێنەرانی حیزب و باڵوێز و دیپلۆماتکارانی چەندین وڵات و بەرپرسی حیزبی سوسیالیست لە دەرەوەی وڵات، پێك هات کە تێیدا چۆنیەتی هاوکاری و هاوئاهەنگیی زیاتر لە نێوان حیزب و لایەنەکان و رۆڵ و کاریگەریی حیزبی سوسیالیستی ئیسپانیا خرایە بەرباس.

پاشان کۆنگرە بە فەرمی لە لایەن دیوانی بەڕێوەبەرییەوە دەستی بە کارەکانی کرد. لەم کۆنگرەیەدا سێ حیزبی کوردستانی بە ناوەکانی «حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران»، «پارتی دێموکراتی کوردستان» و «یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان» بەشدار بوون.

لە درێژەی بەڕێوەچوونی کارەکانی کۆنگرەی ئێنتێرناسۆناڵ سوسیالیستدا، نوێنەری PDKI هاوڕێ لەگەڵ چەند میوانی دیکە، لەلایەن وەزیری پێشووی حیزبی سوسیالیستی ئیسپانیاوە بانگهێشت کرا و لەسەر سیاسەت و هاوکاری و هاوئاهەنگیی حیزبی سوسیالیستی ئیسپانیا لەگەڵ ئەندامانی دیکەی ئینتێرناسیۆنال سوسیالیست، کۆمەڵە باسێك هاتە ئاراوە.

نوێنەری حیزبی دێموکرات لە پەراێزی کۆبوونەوەکانی کۆنگرەی حیزبی سوسیالیستی ئیسپانیادا، لەگەڵ چەندین ئەندام پارلمان، دیپلۆماتکار و لێپرساوی حیزبی، چاوپێکەوتنی کرد.

پاشان نوێنەری حیزب لە کۆبوونەوەیەکی تایبەت بە چەند ئەندامێکی سەرکردایەتیی فیدراڵی حیزبی سوسیالیستیدا بەشداری کرد کە تایبەت بوو بە پرسی هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی رێژیمی ئێران، رۆڵی ئێران لە ناوچە و کار و تێکۆشانی ئوپۆزسیۆنی رێژیمی ئێران و هەروەها لەسەر پێوەندی و هاوئاهەنگیی حیزبی سوسیالیستی ئیسپانیا و PDKI باس و ئاڵوگۆڕی بیروڕا کرا.

هەروەها نوێنەری حیزبی دێموکرات لەگەڵ نوێنەری «حیزبی کرێکاری بریتانیا»، «حیزبی سوسیال دێموکراتی سوئێد»، «حیزبی دێموکراتی ئیتالیا»، «حیزبی سوسیالیستی هێندووراس»، «حیزبی کۆمۆنیستی چین»، «یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان»، «پارتی دێموکراتی کوردستان»، «حیزبی سوسیالیستی لەهستان» و «دیپلۆماتکارانی وڵاتانی هیند، مەراکش و توونیس» چاوپێکەوتنی کرد و سەبارەت بە چەندین پرس، وەك هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی شوورای ئیسلامیی رێژیمی ئێران، سیاسەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هەلومەرجی سیاسیی ئەمرۆی ئێران، گفتوگۆیان کرد.

■ ئیدریس ئەحمەدی

# گفتوگۆکردن لەگەڵ تاران دەبێتە نەجاتێک بۆ رێژیمی سووریە

سیاسەتی دوورێینەی ئیدارەی ئۆباما بەرانبەر بە ئێران ـ کە بریتییە لە سەپاندنی گەمارۆ و هاوکات بانگهێشتکردنی رێژیمی تاران بۆ گفتوگۆکردن ـ دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٢٠٠٦. ئەندازیاری ئەم سیاسەتە، کاندالیزا رایز بوو. پاش ئەوەی ئیدارەی بووش نەك تەنیا بە ئامانجە ستراتژیکەکانی لە عێراق و ئەفغانستان نەگەیشت، بەڵکوو لە عێراقدا گیری کرد و تووشی دوو شەڕ هات کە بەشی زۆری توانایی نیزامی و دیپلۆماتیکی ئامریکای مەسرەف کرد، ئێران لەخۆبایی بوو و بەرنامە ئەتۆمییەکەی بە خەستی خستەوە کار. ئەوکات دوو جناح لە نێو حکوومەتی بووشدا هەبوون. یەکێکیان بریتی بوو لە دیك چەینی و دانێڵد رامسفێڵد، کە خوازیاری سیاسەتی توندتربوون بەرانبەر بە ئێران و ناڕازی بوون گفتوگۆ لەگەڵ تاراندا بکرێ. ئەوی دیکەیان بریتی بوو لە کاندالیزا رایز و نیکۆلاس بێرنس و هێندێك کاربەدەستی دیکە، کە لە نێو ئیدارەی بووشدا سەرکەوتن و قەناعەتیان بە بووش هێنا ئەم سیاسەتە دوورێینە بگرێتە بەر.

تەنیا لە دوو ڕووەوە سیاسەتی ئیدارەی ئۆباما بەرانبەر بە ئێران لەگەڵ سیاسەتی ئیدارەی بووش جیاوازی هەیە. ئیدارەی بووش راوەستاندنی پیتاندنی ئۆرانیۆمی وەکوو پێشمەرج بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆ دانابوو، لە کاتێکدا ئیدارەی ئۆباما بێ پێشمەرج دەیەوێ لەگەڵ ئێراندا دابنیشێ، بەڵام بێگومان مەرجی بۆ دانی ئیمتیاز بە رێژیمی تاران، راگرتنی پیتاندنی ئۆرانیۆم و ناردنەدەرەوەی ئەو ئۆرانیۆمەیە کە ئێران تاکوو ئێستا لە ئاستی نزمدا پیتاندوویەتی. جیاوازیی دووهەم، کە گرنگترە، بریتییە لە سەرکەوتنی ئیدارەی ئۆباما لە پێکهێنانی هاوپەیمانییەك دژ بە کۆماری ئیسلامیی ئێران. رەخنەی ئۆباما لە بووش ئەوە بوو کە تاکلایەنانە دەیویست ئەم قەیرانە چارەسەر بکا.

هەڵبەت گرنگترین خاڵ لەم پێوەندییەدا پشتیوانیی تەواوی وڵاتانی ئورووپایی بۆ ئەم سیاسەتە دوورێینەیە. هۆی پشتیوانیی وڵاتانی ئورووپایی دەگەڕێتەوە بۆ سێ فاکتۆر. یەکەم، بە هاتنەسەرکاری ئۆباما، وڵاتانی ئورووپایی کەمتر نیگەرانی لێدانی ئێرانن لە لایەن ئامریکاوە. وڵاتانی ئورووپایی ئێرانی خاوەن چەکی ناوکییان ناوێ، بەڵام شەڕ دژ بە ئێران بە مەترسییەك لەسەر سەقامگیریی ناوچەی کەنداو و بەرژەوەندیی وزەیی خۆیان لەوێ دەبینن. هەروەها لەوە دەترسن تۆڕی تێرۆریستیی ئێران لە وڵاتانی ئورووپایی، کە لە حاڵەتی خەوتندایە، لە کاتی هێرشی نیزامیدا دژ بە خەڵکی مەدەنی و شوێنە ستراتیژیکەکانی وڵاتەکانیان لە لایەن تارانەوە بەکار ببردرێ. بە بوونی ژمارەی زۆری حەشیمەتێکی موسڵمان لە وڵاتەکانیاندا و رادیکالیزەبوونی گەنجانی موسڵمان و رووکردنیان لە گرووپە توندئاژۆ ئیسلامییەکان، نیگەرانن لەوەی شەڕ لەگەڵ ئێران لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە بە شەڕی رۆژئاوا دژ بە ئیسلام لە قەڵەم بدرێ. دووهەم، وڵاتانی ئورووپایی بە هۆی نزیکیی جوگرافی نیگەرانن لە مووشەکی دوورهاوێژی ئێران. هەروەها نیگەرانن ئێرانی خاوەن چەکی ناوکی ئەوەندە لەخۆبایی بێ و لە پێناو سەپاندنی سوڵتەی خۆی لە ناوچەکەدا، یان ناسەقامگیریی زۆر پێك بێنێ یان ئەوەی ببێتە بڕیاردەری سەرەکی لە دیاریکردنی نرخی نەوت و بەو شێوەیە بەرژەوەندیی وزەییان بەردەوام بخاتە مەترسییەوە. سێهەم، لە پاش کۆتایی شەڕی دووهەمی جیهانییەوە، وڵاتانی ئورووپایی بۆ دابینکردنی ئاسایشی خۆیان و پاراستنی بەرژەوەندییە ستراتیژیکەکانیان لە رۆژهەڵاتی ناویندا لە سەر حیسابی ئامریکا ژیاون. بە لاوازبوونی ئامریکا، سرووشتییە کە دەستپێشخەرانە هەنگاو هەڵدەگرن بۆ پێشگرتن لە ئێران لە پێناو وەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمی. هاوکات، بە لاوازبوونی ئامریکا، لایەنێکن لە دیاریکردنی سیاسەتی رۆژئاوا بەرانبەر بە ئێران، نەك وەکوو جاران برابچووکی واشینگتۆن.

بەپێی ئەو پاشخانە، سەپاندنی گەمارۆ بەسەر کەرتی نەوتی ئێراندا لە لایەن وڵاتانی ئورووپاییەوە و حزووری کەشتیی جەنگیی بریتانیا و فەڕانسە لە دەڤەری کەنداودا جێگای تێگەیشتنە. سیاسەتی گەمارۆی ئابووری دەگەڕێتەوە بۆ دوو فاکتۆر. یەکەم، بە هۆی نەبوونی بژاردەی دیکەی کاریگەر، کەڵك لە وها بژاردەیەك وەردەگرن. دووهەم، سیاسەتی گەمارۆی ئابووری لەسەر بنەمای بڕوا بە ئەقڵانیبوونی رێژیمی تاران راوەستاوە: پێیان وایە ئەگەر گەمارۆکان بەرژەوەندیی ستراتژیك یان مەوجوودییەتی رێژیم بخەنە مەترسییەوە، ئەوکات کۆماری ئیسلامی پێداچوونەوە بە سیاسەتەکانیدا دەکا و لەسەر بەرنامە ئەتۆمییەکەی ناچار دەبێ تەنازول بکا.

ئێران لە بەرانبەردا هەڕەشەی داخستنی تەنگەی هورمۆزی کرد، بەڵام ئامریکا و ئورووپا دەزانن کە لەگەڵ ئەوەی تەنگەی هورمۆز بەشێك لە قووڵایی ستراتیژیکی ئێران پێك دێنێ، رێژیمی تاران بە داخستنی زۆرتر زیان بە خۆی دەگەیەنێ. ئێران لە یەك حاڵەتدا تەنگەی هورمۆز دادەخا: کاتێك کە هێرشی زەمینی بۆ بکرێ و ئامانجی ئەو هێرشە رووخانی رێژیم بێ لە تاران. رۆژئاوا بەرنامەی ئەوەی نیە و ئێرانیش ئەم راستییە دەزانێ. بەڵام لە ئێستادا هەڕەشەی داخستنی تەنگەی هورمۆز زۆرتر بە مەبەستی شەڕی رەوانی دەکرێ. لە لایەکەوە ئێران هیوای وابوو ناسەقامگیری لە بازاڕی جیهاندا پێك بێنێ و لە لایەکی دیکەوە بە مەبەستی مەسرەفی نێوخویی و نێودەوڵەتی، هەوڵی دا وا بنوێنێ ئامریکا، کە ئێستا لاواز بووە و عێراقی بەجێ هێشتووە، بە ئێران ناوێرێ. بەڵام ئەم هەوڵانەی ئێران پووچەڵ کرانەوە. لە لایەك عەرەبستانی سعودی بەڵێنی زیادکردنی بەرهەمهێنانی نەوتی دا بە چین و هێندێك وڵاتی دیکە (هاوکات کە کار لەسەر کێشانی لولەی نەوت دەکرێ بۆ دەوردانەوەی تەنگەی هورمۆز). لە لایەکی دیکەوە، ئامریکا بە جەختکردنەوە لەسەر حزووری نیزامی خۆی و هاوکات پەیدابوونی کەشتیی جەنگیی زلهێزانی ئورووپایی لە دەڤەری کەنداودا، نەیانهێشت ئێران لە ڕووی رەوانی و تەبلیغاتییەوە هیچ سەرکەوتنێك تۆمار بکا.

دوای ئەمە، ئێران سێ تاکتیکی دیکەی گرتووەتە پێش. یەکەمیان تاکتیکێکی کۆنی رێژیمی ئیسلامییە و بریتییە لە دانی لێدوانی دژبەیەك لە لایەن سەرانی جیاوازی رێژیمەوە بە مەبەستی پێکهێنانی سەرلێشێواوی لە نێو دەسەڵاتدارانی رۆژئاوادا بۆ ئەوەی نەتوانن بڕیاری هاوبەش و سوور بدەن. دووهەمیان بریتییە لە هەڕەشەی نەفرۆشتنی نەوت، پێش دەستپێکی گەمارۆ تازەکان، بە وڵاتگەلێك وەکوو یونان و ئیتالیا بۆ ئەوەی قەیرانی ئابووری لەو وڵاتانەدا خراپتر بێ و لە ئاکامدا ئورووپا ناچار بێ گەمارۆ نەخاتە سەر کەرتی نەوتی ئێران. سێهەمیان نیشاندانی ئامادەییە بۆ گوفتوگۆکردن بە مەبەستی کڕینی کات.

مەسەلەیەك کە زیاد بووە بەم گەمە سیاسییەی نێوان ئێران و رۆژئاوا، بارودۆخی سووریەیە. وڵاتانی رۆژئاوا سیاسەتێکی دیاریکراو و هاوبەشیان نیە بەرانبەر بە سووریە. بەڵام وێدەچێ لێکدانەوەیان ئەوە بێ زوو یان درەنگ، رەنگبێ زۆرتر زوو تاکوو درەنگ، رێژیمی ئەسەد بڕووخێ. ئێران هەموو توانایی خۆی خستووەتە گەڕ بۆ پێشگرتن لەمە. هەرچەند بە رواڵەت وا دەنوێنێ کە بڕێك مەودای لە رێژیمی ئەسەد گرتووە، بەڵام بە دانی میلیاردها دۆلار و ناردنی سوپای قودس و حیزبوڵڵای لوبنان بۆ کوشتنی خەڵکی مەدەنی لە سووریە، سیاسەتێکی دووفاقی دەباتە پێش.

بۆ ئێران، رووخانی رێژیم لە سووریە هەم لە کورتخایاندا و هەم لە ڕووی ستراتیژیکەوە بە قەد گەمارۆ ئابوورییەکان و بگرە زیاتریش، جێگای نیگەرانییە. سووریە تەنیا دەوڵەتێکە کە هاوپەیمانی نزیکی ئێرانە و گرنگییەکی ژێئۆستراتیژیکی هەیە هەم بۆ دەستڕاگەیشتن بە لوبنان و هەم بۆ راگرتنی پارسەنگ بەرانبەر بە تورکیە و وڵاتانی عەرەبی سوونە. ئەگەر تەنگەی هورمۆز بەشێکە لە قووڵایی ستراتیژیکی ئێران، سووریە و دارودەستەکانی رێژیم لە چەشنی حیزبوڵڵای لوبنان ئەو بەشەی دیکەی پێك دێنن. بە لەبەرچاوگرتنی گرینگی ستراتیژیکی سووریە بۆ ئێران، چارەنووسی رێژیمی ئەسەد دەبێ بە خاڵێکی گرنگ لە هەر گفتوگۆیەکدا کە لە نێوان ئێران و رۆژئاوادا بێتە ئاراوە. هەتاکوو کاتی گفتوگۆکردن، ئێران هیوای بە رووسیەیە کە هاوکاری بکا بۆ پێشگرتن لە رووخانی رێژیمی ئەسەد.

پاش ئەوەی لە ماوەی چەند حەوتوویەکدا سوپای ئامریکا حکوومەتی بەعسی رووخاند، نوخبەی سیاسیی ئێران ترسێکی وایان لێ نیشت کە لە ساڵی ٢٠٠٣دا لە پەیامێکی نهێنیدا بۆ ئیدارەی بووش ئامادەیی خۆیان بۆ راگرتنی پشتیوانی لە تێرۆریزم، تەنازولکردن لەسەر بەرنامە ئەتۆمییەکەی و وازهێنان لە تێکدانی پرۆسەی ئاشتی لە فەلەستین، راگەیاند. ئامریکا، کە لە لووتکەی دەسەڵاتی خۆیدا بوو و حکوومەتی بەعسی ئاوا بە ئاسانی لەنێو بردبوو، وەڵامی ئێرانی نەدایەوە. تاکوو ٢٠٠٦ بارەکە وا گۆڕدرا کە ئەمجارەیان ئێران بوو، وەڵامی پێشنیارەکانی ئامریکای بۆ دانی ئیمتیاز نەدەدایەوە.

بەڵام ئێستا ئامریکا ئورووپای بە تەواوی لە پشتە و گەمارۆکان هەتاکوو دێ زۆرتر کارتێکەرییان دەبێ. هاوکات رێژیمی سووریە لە مەرگ نزیك بووەتەوە. ئەگەر کرداری ئێران لە رابردوودا بکەینە بنەمای پێشبینیکردن و نەك قسە زلەکانی سەرانی رێژیم، ئێستا کە بارەکە دیسان گۆڕدراوە و ئێران ناچارە خۆی لە شکستی گەورە دەرباز بکا، کۆماری ئیسلامی دەست دەکاتەوە بە گفتوگۆکردن لەگەڵ رۆژئاوا. بەڵام لە سێناریۆیەکی وادا پێداگری دەکا چارەنووسی رێژیمی سووریە ببێتە یەکێك لە بابەتە سەرەکییەکانی ئەو گفتوگۆیانە. ئەم جارەیان دەبێ تورکیەش بەشدار بێ، چوونکە ئێران گارانتی لە تورکیە دەوێ کە یارمەتی ئۆپۆزیسیۆنی سووریە نەدا.

وێدەچێ تەنانەت بەشی چەکداری ئۆپۆزیسیۆنی سووریە لە لایەن تورکیە و هێندێك وڵاتی رۆژئاواوە یارمەتی بدرێن. ئێران، بە هۆی حزووری سیخوڕیی بەربڵاوی لەو وڵاتەدا، ئەمە دەزانێ. تورکیە نایەوێ ئێران ببێ بە خاوەن چەکی ئەتۆمی، بەڵام هاوکات نایەوێ لە ئێران بدرێ. تورکیە لە ناسەقامگیریی زۆرتر لە ناوچەکە و بەتایبەتی بەهێزبوونی کورد لە سووریە و ئێران دەترسێ. بۆیە بە مەرجێ ئێران واز لە وەدەستهێنانی چەکی ناوکی بێنێ، تورکیە واز لە پشتیوانیکردنی ئۆپۆزیسیۆنی سووریە دێنێ و لەو بارەوە ئامادەیە گارانتی بە ئێران بدا.

پرسیار لێرەدا ئەوەیە کە ئێران تەنازولێکی وا ستراتژیك دەکا؟ وەڵامی ئەم پرسیارە دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی کۆماری ئیسلامی چەندە ئەم گۆڕانانە بە مەترسی لەسەر مەوجوودییەتی خۆی دادەنێ. ئەگەر لێکدانەوەی وابێ کە تەنازولی ستراتژیك پێویستە بۆ مانەوەی رێژیم، ئەوا دەیکا. هەڵبەت کڕینی کات یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی دیپلۆماسیی کۆماری ئیسلامی. بۆیە پێشبینی بەجێ ئەوەیە کە ئێران گفتوگۆ دەست پێدەکاتەوە و هەوڵ دەدا گارانتییەکانی خۆی لەسەر مانەوەی رێژیم لە سووریە و دانەنانی گەمارۆ لەسەر نەوتەکەی وەرگرێ، بەڵام واز لە بەرنامە ئەتۆمییەکەی ناهێنێ. وا دەکا کە پرۆسەی گفتوگۆکان ئەوەندە درێژە بکێشێ کە بتوانێ هەم بۆ رێژیمی سووریە و هەمیش بۆ بەرنامە ئەتۆمییەکەی کات بکڕێ.

کەوابوو، گەورەترین هەڵەی تاکتیکی کە رۆژئاوا بیکا، کە دەتوانێ لە درێژخایەندا ببێتە هۆی شکستی ستراتژیك، ئەنجامدانی گفتوگۆیە لەگەڵ ئێران بەو مەرجانەی لەسەرەوە باس کران. ئێستا کە تورکیە بووە بە لایەنێك لەم یارییەدا و زیاتر لە هەموو وڵاتێکی دیکە، بە هۆی پێگەیەکی جوگرافی و سیاسی کە هەیەتی، دەتوانێ لەسەر مەسەلەی سووریە مامەڵە بکا، گفتوگۆکردن لەگەڵ ئێران، هەرچەند بێسوودیش بێ لە درێژخایاندا، بۆ ئۆباما دەتوانێ سەرکەوتنێك بێ لە پێناو هەڵبژاردنەوەی وەکوو سەرکۆماری ئامریکا، چوونکە بەرنامەی ئەتۆمیی ئێران بووە بە مەسەلەی سەرەکی لە کێبەرکێی هەڵبژاردندا. بۆیە تورکیە و ئیدارەی ئۆباما لێرەدا زۆرتر لە بەرژەوەندیی خۆیاندا دەبینن کە لەگەڵ ئێران بە رێککەوتنێك بگەن. وڵاتانی ئورووپایی رەنگبێ قەناعەت بێنن کە تورکیە کارتێکی باشی لەدەستدایە بۆ گوشارخستنە سەر ئێران، بەڵام بەرژەوەندییەکانیان وا دەخوازێ درێژخایەنتر بۆ مەسەلەکان بڕۆن و رەنگبێ ئەم جارەیان رێگا نەدەن ئێران ئاوا بە ئاسانی کات بکڕێ. ئورووپاییەکان هەروەها ئەزموونی گفتوگۆکردنیان زۆرە لەگەڵ ئێران و رەنگبێ کەمتر فریوی رێژیمی تاران بخۆن.



**پێشبینی بەجێ ئەوەیە کە ئێران گفتوگۆ دەست پێدەکاتەوە و هەوڵ دەدا گارانتییەکانی خۆی لەسەر مانەوەی رێژیم لە سووریە و دانەنانی گەمارۆ لەسەر نەوتەکەی وەرگرێ، بەڵام واز لە بەرنامە ئەتۆمییەکەی ناهێنێ. وا دەکا کە پرۆسەی گفتوگۆکان ئەوەندە درێژە بکێشێ کە بتوانێ هەم بۆ رێژیمی سووریە و هەمیش بۆ بەرنامە ئەتۆمییەکەی کات بکڕێ**

# بۆ دەسەڵاتی ناوەندی لە ئێران بۆ ئێمەی کوردستانی مەشروعییەتی نیە؟

■ ئیبراهیم لاجانی

چ شتێك لە وڵاتێکی فرەنەتەوەی وەك ئێراندا، مەشروعییەت بە دەستەڵاتێکی سیاسی دەدا؟ کۆمەڵناسەکان لە سەر ئەوە سوورن کە لەو وڵاتانەدا کە نەتەوە و کولتور و زمان و ئایین و فەرهەنگی جیاوازی تێدان، پێکەوەژیانی دێموکراتیك و دێموکراسی باشترین ڕێگاچارەن بۆ مانەوەی ئەو وڵاتانە و چونەپێشیان.

بۆیە بە بێ هەبوونی دێموکراسییەکی بەهێز و کارا و ڕوو لە گەشە، ئەو وڵاتانە شانسی مانەوە و هەڵدانیان نیە. ئەویش لەو سەردەمەدا کە سەردەمی ئازادی و بەجیهانیبوونە.

بەڵام با بزانین دێموکراسیی بەهێز و کارا یانی چی؟

Iris Marion Young ، پسپۆڕی زانستە سیاسییەکان لەو بارەوە دەڵێ کە:

مەبەست لە دێموکراسی ئەوەیە کە هەموو ئەوانەی لە ئاکامی بڕیار و سیاسەتگوزارییەکدا دەکەونە ژێر کاریگەری، ماف و دەرفەت و شانس و ئیمکانی واقعی ئەوەیان بۆ پێك بێ، سەرنج و ڕا و بیر و بۆچوونی خۆیانی لە مەڕ دەربڕن و مۆڕکی خۆیانی پێوەنێن.

یەکێکی دیکە لە پسپۆڕانی زانستە سیاسییەکان بە ناوی Robert A.Dahl، وێڕای ئەوە کە ئەو ڕوانگەی سەرەوە لە سەر دێموکراسی پەسند دەکا، سەبارەت بە دێموکراسی لە وڵاتە فرەنەتەوە و فرەکولتوورییەکاندا پێ لەسەر پرنسیپێکی زۆرگرنگ دادەگرێ کە پێی دەوترێ پرنسیپی وەخۆگرتن، باوەش بۆکردنەوە و لەگەڵخۆخستن(inclusion prinsiple) . ئەو دەڵێ بەبێ لەگۆڕێدابوونی ئەو پرنسیپە، تاکی سەر بە کەمایەتییەکان، وەك هاونیشتمان، شانسی ئەوەی نابێ لە پڕۆسەی سیاسیی وڵاتەکەیدا بەشدار بێ تا بتوانێ شوێن لەسەر چارەنوسی خۆی و کۆمەڵگاکەی دانێ و بڕیار بدا کە دەیەوێ چۆن بژی و چۆن ژیانێکی باش بۆ خۆی بنیات بنێ؟

خاڵی هاوبەشی تێگەیشتنی هەر دووکیان لەو بوارەدا بریتییە لەوەی کە ئەوان لەسەر ئەو بڕوایەن لەو وڵاتانەدا کە نەتەوەی جۆراوجۆری تێدا دەژین، بەبێ ئاوێتەبوونی سیاسی هەموو پێکهاتەکانی ئەو وڵاتە لە سیستمی سیاسیی وڵاتەکەدا، دەرفەت و ئیمکامی واقعی بۆ هاووڵاتیان پێك نایێت تا بتوانن شوێن لەسەر سیاسەتگوزاری و بڕیارەکان و بەرنامە و پڕۆژە حکومەتییەکان دانێن و مۆرکی خۆیانی پێوە بنێن و بەشداری لە پڕۆسەی سیاسیدا بکەن. هەر بۆیە لە سیاسەتگوزاری و بڕیارەکاندا خۆیان بە شەریك و برابەش نازانن. میللەتی ئێمە لە کوردستان بە ئێسك و پێستەوە هەست بەو ڕاستییە دەکات و بۆیەشە لێ بڕاوە ئەو وەزعە بگۆڕێ.

دیارە ڕوانگەکان سەبارەت بە دێموکراسی و شوێنی هاووڵاتییان لە دێموکراسیدا و چۆنیەتیی بەشداریکردنیان لە پڕۆسەی سیاسیدا، بە گوێرەی ئەو پێرسپێکتیڤە کە لێیەوە دەڕوانین، دەگۆڕێن. لەو بارەوە پێناسە و تێگەیشتنی جۆراوجۆر هەن. هەر کام لەوانیش بە گوێرەی ئەوە کە بە کام مەبەست بەکار دێن، دەکرێ ڕاست بن یا هەڵە نەبن. بۆ نموونە دەکرێ لەوە ڕا دەست پێبکەین کە ئایا وەك ئامانج سەیری دێموکراسی دەکەین یا وەك ئامراز و وەسیلە.

ئەگەر وەك ئامانج سەیری دێموکراسی بکەین، دێموکراسی میتۆدێکە بۆ هەڵبژاردنی ئەو نوێنەرانەی هاووڵاتییان هەڵیان دەبژێرن تا ئەو سیاسەتانە داڕێژن، کە بە ڕادەیەکی زۆر، ویست و داخوازەکانی ئەوان لە نێویاندا گونجاون. لێرەدا مەسەلەیەك زۆر گرنگە ئەویش ئەوەیە کە دەنگدەران یانی هاووڵاتییان دەبێ زوو زوو دەرفەت و شانس و ئیمکانی ئەوەیان بدرێتێ کە کارنامەی نوێنەرە هەڵبژێردراوەکانیان هەڵسەنگێننەوە تا دەرکەوێ چەندە لە راستای چاوەڕوانییەکانی ئەواندا هەنگاویان ناوە. ئەو جۆرە تێگەیشتنە لە دێموکراسی لە تیئوریی دێموکراسیدا پێی دەوترێ دوکتۆرینی کلاسیك .

لە سەردەمی ئێمەدا و بە تایبەتی لەو وڵاتانەدا کە فرەکولتور و فرەزمان و فرەنەتەوەن، دیموکراسی زۆرتر وەك وەسیلە و ئامراز سەیر دەکرێ تا وەك ئامانج. واتە دێموکراسی میتۆدێکە بۆ بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنێکی کاریگەر، بۆ بڕیاردان، بۆ سیاسەتگوزاری، بۆ فێربوونی دێموکراسی، بۆ دێموکراتیزەکردنی پێوەندییە کۆمەڵایەتی ولایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیان، بۆ پێشخستن و پەرەپێدانی چین و توێژە جۆراوجۆرەکان و بەتایبەتی کەمایەتییەکان، بۆ لەنێوبردنی هەڵاواردن و نادادپەروەری و ستەم و نابەرابەری، بۆ سڕینەوەی ئاسەوارەکانی ستەمی سیاسی و میللی و کۆمەڵایەتی و کولتووری و جینسی. لەو جۆرە تێگەیشتنەدا لە دیموکراسی، دێموکراسی دەرفەتێکە بۆ هاتنەمەیدانی دەنگ و ڕەنگ و بیروڕا و بۆچوونە جۆراوجۆر و ناکۆکە سیاسییە جیاجیاکان.

ئەو تێگەیشتنە لە دێموکراسی بۆ خۆی بەسەر سێ مۆدێلدا دابەش دەبێ.

- واتە دێموکراسی وەك کێبەرکێ و رکابەری
- دیموکراسی وەك موشارەکەت و بەشداریکردن لە پرۆسەی سیاسی و سیاسەتگوزاریدا
- دێموکراسی وەك دیالۆگ کە بە جەوهەری دێموکراسی دادەنرێ.

لەو مۆدێلەدا کە بە مۆدێلی رکابەریی دادەنرێ، دێموکراسی بریتییە لە ململانێ و کێبەرکێ و رکابەرییەکی توند کە لە نێوان سیاسەتمەدارەکانی نێو ئیلیتی سیاسیدا لەسەر وەدەستهێنانی دەنگ و متمانەی دەنگدەران، لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا، بەرێوە دەچێ.

لێرەدا دەسەڵاتی سیاسی وەك کاڵایەك لە بازاڕدا بە حیساب دێ کە کڕیارەکانی دەکەونە خۆ تا وەدەستی بخەن و لەسەر وەدستهێنانی دەکەونە کیبەڕکی و تیدەکۆشن لەو ململانێیەدا بیبەنەوە.

لایەکی ئەو هاوکێشەیە بریتییە لە دەنگدەران بە خۆیان و ویست و داخوازی و چاوەڕوانییەکانیانەوە کە دەگەڕێن بە دوای کەس یا کەسانێك یا حیزبێکی سیاسیدا کە داخوازییەکانیان بێنێتە دی و کار بۆ جێبەجێبوونی داواکارییەکانیان بکا.

لایەکەی دیکەی ئەو هاوکێشەیە بریتییە لەو سیاسەتمەدار و حیزب و ڕێکخراوە سیاسیانەی کە پڕۆگرام و بەرنامە و پەیامی سیاسیی خۆیان دێننە بازاڕەکە و دەیانەوێ بیفرۆشن و خوردی کەنەوە و دەگەڕێن بە دوای کڕیاردا. شایانی باسە کە ئەوان بۆ ڕێکلامکردن و قاڵکردنەوەی کاڵاکانیشیان زیرەکییەکی زۆر لە خۆیان نیشان دەدەن.

بەمجۆرە خەڵك، واتە دەنگدەران شانسی ئەوەیان بۆ پێك دێ لە نێو ئاڵتێرناتیڤە جۆراوجۆر و ڕکەبەرەکاندا، ئەوە یا ئەوانە هەڵبژێرن کە پێیان وایە بە باشترین شێوە ویست و داخوازەکانی ئەوان لە بەرنامە و پڕۆگرامە سیا سییە کە یا ند ا ڕەنگی داوەتەوە.

لەو مۆدێلەدا کە پێی دەوترێ دێموکراسیی موشارەکەتی، تا بەشداریی خەڵك یانی هاووڵاتییان پتر و بەرچاوتر و گەرموگوڕتر و چالاکتر و بەرینتر بێ لە هەڵبژاردن و پڕۆسەی بڕیاردان و سیاستدا، دێموکڕاسی سەرکەوتووترە. لایەنێکی گرینگی ئەو مۆدێلە بریتییە لەوەی کە دەرفەتێکی باش بە هاووڵاتی دەدا تا لێوەشاوەییەکانی خۆی بۆ بەشداری لە کاروباری سیاسیدا پەرە پێ بدا.

**گەلی کورد لە کوردستانی ئێران ڕێگای ئەوەی نیە ڕەقابەت بکا و ئەو هێزانە هەڵبژێرێ کە نوێنەرایەتی دەکەن، چونکە ئازادیی تێکۆشانی سیاسی لە گۆڕیدا نیە**

لەو مۆدێلەدا کە پێی دوترێ دێموکراسیی دیالۆگی، ئاڵوگۆڕی ڕوانگە و بۆچوون و ئارگیومێنت و بیروڕاکان بە شێوەیەکی ئازادانە، بە عەینی دێموکراسی دەزانرێ. لەو مۆدێلەدا بەشداری و موشارەکەتی بەرینی هاووڵاتیان بە تەنیا، چارەنووسساز و بڕیاردەر نیە. چونکە لەو مۆدێلەدا بڕیارەکان لەسەر بناخەی ئەوە نادرێن کە چ ژمارەیەك لە خەڵك دەنگیان بەو سیاسەت یا ئەو بڕیارە داوە.

ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە کە بڕیارەکان لە ئاکامی باس و ڕاوێژ و ئاڵوگۆڕی نەزەر و ڕوانگە و ئارگیومێنتە جۆراوجۆرەکانەوە دەدرێن . واتە لەو مۆدێلەدا کۆنسێنسوس یانی گەیشتن بە هاوڕایی بە جەوهەری دێموکراسی لە قەڵەم دەدرێ.

بەم جۆرە لە هەرکام لەو مۆدێلانەدا، لە خوارەوەبوونی ڕادەی ویست و ڕەغبەتی هاووڵاتییان بۆ کاری سیاسی و چالاکی نیشاندان لە خۆیان، لێکدانەوەی تایبەت بە خۆی بۆ دەکرێ. لە مۆدێلی دێموکراسیی موشارەکەتیدا، لەخوارەوەبوونی ڕادەی بەشداریی خەڵك لە هەلبژاردنەکاندا، بەوە لێك دەدرێتەوە کە ویست و داخوازییەکانیان لە لایەن نوێنەرانی هەڵبژێرداوەوە بە هێند ناگیرێ. واتە دەنگدەران بۆیان دەرکەوتووە کە پاش هەڵبژاردنەکان، ئەوان و داواکارییەکانیان لە لایەن سیاسەتمەدارەکانەوە لە بیر دەکرێن. یانی ئەوان وەك هاووڵاتی و خەڵك لە ماوەی نێوان هەڵبژاردنەکاندا، هیچ کۆنترۆڵێکیان بەسەر ئەو کەسانەدا نیە کە هەڵیان دەبژێرن.

لە مۆدێلی دێموکراسیی رکابەریدا، ڕادەی لەخوارەوەبوونی بەشداریی خەڵك لە هەڵبژاردنەکاندا، بەوە لێك دەدرێتەوە کە خەڵك، کەس یان ئەو لایەنانە لە مەیدانی کێبەرکێدا نابینن کە بەنوێنەرانی خۆیانیان دەزانن و پێیان وایە دەتوانن نوێنەرایەتی ئەوان بکەن و ویست و داخوازەکانیان بەرنە پێش. لە دێموکراسیی دیالۆگیشدا، بەشدارینەکردن یا لە خوارەوەبوونی ڕادەی بەشداریی خەڵك یا کەمایەتییەکان لە باس و دیالۆگە سیاسییەکاندا، جێگای نیگەرانییەکی جددییە. ئەوە بە نیشانەی ئەوە لە قەڵەم دەدرێ کە کەمایەتییەکان لە سیستەمی سیاسیی وڵاتدا، جێیەکیان نیە و هێشتا ئاوێتە نەبوون. جا ئەگەر ئەو ئاوێتەنەبوونە لەوە ڕا سەرچاوە بگرێ کە دەوڵەت، بە ئەنقەست ئەوانی خستۆتە پەراوێزەوە، یا ئەوان بۆ خۆیان وەك دەربڕینی نارەزایەتی بە ستەم و چەوسانەوە، خۆیان ئەو پاسیڤبوونەیان هەڵبژاردبێ، هیچ لە ئەسڵی مەسەلەکە ناگۆڕێ. چونکە حکوومەتەکان مەشروعییەتی خۆیان لە خەڵك وەردەگرن. بەشدارینەکردنی خەڵك لە کاروباری سیاسی و ئیداری کۆمەڵگای خۆیاندا، مانای ئەوەیە کە دەسەڵاتی بڕیاردەر شەرعیەتی نیە.

ئەمڕۆ، حیزب و ڕێکخراوە کوردستانییەکان قەدەغە کراون. نە حیزبی دێموکرات و نە کۆمەڵە و نە حیزبەکانی دیکە، نەك هەر ئیزنی تێکۆشانیان نیە، بەڵکوو بە توندترین شێوەش سەرکوت دەکرێن. کەواتە گەلی کورد لە کوردستانی ئێران ڕێگای ئەوەی نیە ڕەقابەت بکا و ئەو هێزانە هەڵبژێرێ کە نوێنەرایەتی دەکەن، چونکە ئازادیی تێکۆشانی سیاسی لە گۆڕیدا نیە.

لە لایەکی دیکەشەوە، بە هۆی نەبوونی ئازادیی بیروباوەڕ و ڕادەربڕین، کورد ناتوانێ لە ڕێگای ڕاگەیەنە گشتییەکان و خۆپیشاندان و کۆڕ وکۆبوونەوەی گشتییەوە، سەبارەت بە ویست و داخوازەکانی دیالۆگ بکا. هەر بەو جۆرە بە هۆی سەرکوتکرانی تێکۆشانی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان و نەبوونی ئازادیی تێکۆشانی سیاسی و ئەمنییەتی کردنی فەزای سیاسی و کۆمەڵایەتی لە کوردستان، خەڵك ڕێگا و کاناڵ و مەیدانەکانی موشارەکەتیان لە پرۆسەی سیاسیدا لێ بەربەست کراوە.

هەر بۆیەشە دەسەڵاتی دەوڵەتی ناوەندی لە ئێران لە ڕوانگەی کورد و لە پێرسپێکتیڤی کوردستانییەوە، هیچ مەشروعییەتێکی نیە. ئەگەر دەوڵەتی ناوەندی دەوڵەتێکی بەرپرس با، دەبوایە هەموو دەرفەت و ئیمکاناتێکی پێویستی بۆ گۆڕینی ئەو وەزعە پێك هێنابا. بەڵام ئێستا کە دەوڵەتی ناوەندی هەڵاواردن و لەپەراوێزخستنی کوردستانی کردۆتە سیاسەتی دەوڵەتی، کوردستان هاوڕێ لەگەڵ نەتەوە بندەستەکانی دیکەی ئێران، لێبڕاوە ئەو واقعییەتە بگۆڕێ و نەخشەی سیاسیی ئێران جارێکی دیکە داڕێژێتەوە و ئێرانێکی دێموکرات و فێدراڵ بنیات بنێ.

سەرچاوە:

Young,Iris Marion
inclusion and,(٢٠٠٠)
Democracy. Oxford:
Oxford University press

## ڕۆژەڤ

و: کەریم پەرویزی

### پێشنیاری ئێران بۆ وتووێژ، تەنیا خەسارکردنی کاتە

دان مەك گین، لە تۆڕی هاوبەشی یاهوو، کە تایبەت بۆ لێکدانەوە و راگۆڕینەوەیە، بابەتێکی لە رۆژی ١٦ی فێوریەدا بڵاو کردۆتەوە کە لەسەر پێشنیاری نوێی کۆماری ئیسلامی لەمەڕ درێژەدانی وتووێژەکان، رای خۆی دەربڕیوە.

نووسەر سەرەتا دەڵێ کە ئێران دەیەوێ لەگەڵ گرووپی نوێنەری وتووێژەکانی نێونەتەوەیی و گرووپی چەند لایەنە بۆ باس لەسەر کێشەکانی ئێران دابنیشێ و ئەم داواکارییە، سەرنجی وڵاتان و بەتایبەت ئەوانەی دەیانەوێ کە کێشەی ناوکی ئێران بە جۆرێك وەلابنرێ، رادەکێشێ.

سەعید جەلیلی لە نامەیەکدا داوای دانیشتن و وتووێژی کردووە و بەپێی راپۆرتی رۆیتێرز لەو نامەیەدا باس لەوە کراوە کە هەموو شتەکان وتووێژیان لەسەر دەکرێ و لە نێویاندا باسی ناوکی و پەروەندەی ناوکیش لە بەردەستدا دەبێ. لەم نامەیەدا دوو شت گرینگە، یەکەم ئەوەی کە لەم نامەدا پشتیوانیی ڕێبەری دینی ( خامنەیی) دیار نیە و دووهەم ئەوە کە نامە و پێشنیارەکە لە ڕێگای سەرۆك کۆماری ئێرانەوە نەهاتووە.

بە بێ پشتیوانیی رەسمیی ڕێبەری دینی، هەموو پێشنیارێك لە ئاکامدا بێمانایە. ئێران نیشانی داوە کە هەر کات هاتۆتە سەر مێزی وتوویژ، تەنیا بۆ دەستخستنی کات بووە. لە ئێستاشدا ڕێبەرانی سیاسیی ڕێژیم لە ژێر گوشاری گەمارۆ نێونەتەوەییەکاندا ئەو پێشنیارەیان هێناوە تاکوو گەمارۆی زیاتر پەسەند نەکرێ.

بەداخەوە، ئەمریکا و وڵاتانی دیکە ناچارن کە پێشنیارەکەی ئێران بە جیددی وەربگرن و دووبارە بینەری بەفیڕۆدانی کات و وزە دەبین کە بە دەسپێکی وتووێژی بێئاکامیی ئەم رەوتەش دەردەکەوێ. ئێران لە وتووێژدا چاك کایە دەکا بەڵام هیچ بەرەوپێشچوونێك بە دی ناکرێ و ئاکامی ئەم دانیشتنانەش بۆ ئێران و پەروەندەکەی هیچ دەسکەوتێکی تێدا نابێ.

نووسەر لە درێژەدا دەڵێ کە بە هیچ شێوەیەك بڕوای بە ڕێبەریی ڕێژیمی ئێران نیە چوونکە ئەوان لە رابردوودا لە ماوەی ٣٠ ساڵدا سەلماندوویانە کە بە هیچ شێوازێك بۆ بڕواپێکردن نابن. بەڵام بە هەر تۆزقاڵێك نزیکبوونەوە لە چارەسەریی نیزامی و نیزیکبوونەوەی ئەگەری شەڕ، دەبێ دیپلۆماسی و هەموو کاناڵەکانی دیپلۆماسی، دەرەتانیان پێ بدرێ. ئەگەر ئێران دەیەوێ بێتە سەر مێزی وتوویژ و کاتەکانمان بە فیڕۆ بدا، بە رای من پێویستە کاتەکەمانی پێ بدەین تاکوو خەساری بکا.

کردەوەی عاقڵانە ئەوەیە کە وتووێژیان لەگەڵ درێژە بدرێ، هاوکات دەبێ بە شێوەی هاوتەریب گەمارۆکان زیادتر و توندتر بکرێنەوە. هێزێکی گەورەی دەریایی لە ناوچەدا جێگیر بکرێن بۆ ئەوەی پەیامێکی قورس و قایم بە ئێران بدەن. دوو لایەنی بەفیڕۆدانی کات و هەڕەشەکردن پێویستن و هێزەکانی دەریایی ئامریکا دەتوانێ بە باشی ئەم ئەرکە بەڕێوە ببەن.

سەرچاوە:

Yahoo Contirbutor Network

# گشانی ئەستێرەی کچە ئاڵتوونییەکە



پاش نیوەڕۆی ڕۆژی ٢٢ی ڕێبەندان تەرمی «ویتنی هیۆستۆن»، کچە ئاڵتوونییەکەی دنیای مۆسیقا لە هۆتێلی «بۆرلی هیلتۆن»ی شاری لۆسئانجلێس دۆزرایەوە. ویتنی تەنیا ٤٨ ساڵ تەمەنی کرد و لەو تەمەنە کورتەی خۆیدا خزمەتێکی بەرچاوی بە دنیای هونەر کرد.

ساڵەکانی ١٩٨٠ ـ ١٩٩٠، لووتکەی درەوشانەوە و سەرکەوتنەکانی ویتنی بوون. ویتنی بە لایەنگرە میلیۆنییەکانی و ئالبۆمی پڕفرۆش و هەروەها بە دەنگە نەرم بەڵام بەتواناکەیەوە بەناوبانگ بوو و نازناوی کچە ئاڵتوونییەکەی پێبەخشرا بوو. زیاتر لە ١٧٠ میلیۆن ئالبۆمی گۆرانی ویتنی لە دنیادا فرۆشراوە کە لە خۆیدا ڕێژەیەکی کەم وێنەیە.

ویتنی هیۆستۆن ڕۆژی ٩ی مانگی ئووتی ساڵی ١٩٦٣ لە ئەیالەتی نیووجێرسی و لە بنەماڵەیەکدا لەدایك بوو کە مۆسیقا بەشێکی مەزن و دانەبڕاوەی ژیانیان بوو. دایکی «ئێمیلی درینك کارد» بە نازناوی سیسی هیۆستۆنەوە لە گۆرانیبێژە بەناوبانگەکانی مۆسیقای «گاسیل»(مۆسیقای ئایینی ڕەشپێستەکانی ئامریکا)دەهاتە هەژمار. ئارتا فرانکلین، گۆرانیبێژی شێوازی «سۆل» و لە ڕواڵەتە ناسراوەکانی مۆسیقای ئامریکا (دایکی دووهەم)ی ویتنییە.

ویتنی سەرەڕای دەنگە ئاهوورابیەکەی ڕواڵەتێکی جوان و سەرنجراکێشیشی هەبوو و ڕۆڵ بینینی لە گەڵ «کوین کاستنێر»لە فیلمی بادیگارد دا و هەروەها لە چەندین فیلمی سینەمایی دیکەدا، درەوشانەوەیەکی دیکەشی لە دنیای سینەمادا بۆ دەستەبەر کرد.

بەڵام لە ساڵەکانی دوایی تەمەنیدا کارە هونەرییەکانی ویتنی بە هۆی گیرۆدەبوونی بە مادەی سڕکەر و ئەلکۆلەوە ڕووی لە کزی و تا ڕادەیەك وەستان نا و لەو ئەستێرە درەوشاوە تەنیا وەکوو یاد و بیرەوەریی هونەرەکەی یاد دەکرایەوە و دواجار هەر ئەو گیرۆدەبوونەشی بووە هۆکاری مەرگە ناوادەکەی و ئەستێرەی ژیانی ویتنی هیۆستۆن بە شەش خەڵاتی هونەریی «گرێمی»ییەوە، بۆ هەمیشە کشا و ماڵئاوایی لە دنیای هونەر کرد.



ێ دوان....

# فروغ فەرۆخزاد

فروغ فەرۆخزاد ڕۆژی ٨ی بەفرانباری ساڵی ١٣١٣ی هەتاوی لە شاری تاران لەدایك بوو. محەممەد فەرۆخزاد باوکی فروغ بە ڕەچەڵەك «تەفرەشی» و «توران وەزیری تەبار»ی دایکی «کاشان»ییە. «فەرەیدوون فەرۆخزاد»ی برای فروغ گۆرانیبێژ و چالاکی سیاسی بووە و هەروەها «پووران»ی خوشکیشی شاعیرە.

فروغ لە تەمەنی ١٦ ساڵیدا و پاش پەیوەندییەکی عاشقانە لەگەڵ تەنزنووس و کاریێکلێماتۆریستی بەناوبانگی ئێران «پەرویز شاپوور»، ژیانی هاوبەشی پێکهێنا و ئەو ژیانە تەنیا چوار ساڵی خایاند. بەرهەمی ئەو ژیانە هاوبەشەش کوڕێکە بە ناوی «کامیار شاپوور». دواتر نامە عاشقانەکانی نێوان فروغ و پەرویز لە لایەن کامیاری کوڕیانەوە لە کتێبێکدا بە ناوی «یەکەمین ترپە عاشقانەکانی دڵم» لە چاپ درا.

پاش شکستهێنانی ژیانە هاوبەشەکەی، فروغ ڕوو لە ئۆرووپا دەکات و لەگەڵ ئەدەب و کولتووری وڵاتانی دیکەش ئاشنا دەبێت و هەروەها فێری زبانەکانی ئیتالیایی، فەرانسەوی و ئاڵمانی دەبێت و ئەو دەسکەوتانە کاریگەری لەسەر بیرکردنەوە و داهێنانەکانی دادەنێت.

دەسپێکی کاری ئەدەبیی فروغ بە سێ دیوانە شێعری «اسیر»، «دیوار» و «عصیان» و لە شێوازی شیعری نیماییدا بوو. پاش ناسینی «ئیبراهیم گوڵستان»، نووسەر و دەرهێنەری سینەمایی بەناوبانگی ئێران، ئاڵوگۆڕێکی قووڵ بەسەر بیرکردنەوە و داهێنانی فروغدا هات و بەرهەمی ئەو ئاڵوگۆڕە هزرییە دوو دیوانە شێعری «تولدی دیگر»(لەدایك بوونێکی دیکە) و «ایمان بیاوریم به آغاز فصلی سرد»(باوەر بهێنین بە سەرەتای وەرزێکی سارد) بوو کە پێگەی فروغیان وەکوو شاعیرێکی گەورە لە دنیای ئەدەبی هاوچەرخی ئێراندا سەلماند و دەتوانین ڕاشکاوانە بڵێین کە دیوانە شیعرەکانی فروغ نموونە بەرچاوەکانی شیعری هاوچەرخی ئێرانن و پاش نیما یوشیج فروغ، ئەحمەدی شاملوو، مێهدی ئەخەوان سالێس و سۆهراب سێپێهری ئاڵاهەڵگرانی شیعری چاوچەرخی فارسین.

ساڵی ١٣٣٧ و لە تەمەنی ٢٣ ساڵیدا، سەرنجی فروغ بۆ لای سینەما ڕادەکێشرێت و ناسینی ئیبراهیم گوڵستان بەگشتی ڕەوتی ژیانی دەگۆڕێت. ساڵی ١٣٤١ فیلمی «خانه سیاه است»(ماڵ ڕەشە) درووست



دەکات کە سەبارەت بە ژیانی سەختی گولەکانە و خەڵاتی جەشنوارەی ئۆبێر هاوزنی بردۆتەوە. ساڵی ١٣٤٢ لە شانۆیەکدا بە ناوی «شەش کەسایەتی بە دوای نووسەرەوە» ڕۆڵ دەگێڕێت. ئەو ساڵانە لووتکەی سەرکەوتنەکانی فروغ بوون، لە سۆئێد پێشنیاری درووست کردنی فیلمی پێدەکرێت، بڵاوکەرەوە ئۆرووپاییەکان سەرنجیان بۆلای وەرگێڕان و بڵاو کردنەوەی بەرهەمەکانی ڕادەکێشرێت و بەرهەمەکانی بە تیراژی سەرووی ٣٠٠٠ەوە بڵاو دەکاتەوە.

## فروغ فەرۆخزاد:

## ئاواتم ئازادیی ژنانی ئێران و بەرابەری مافەکانیان لەگەڵ پیاوانە

فروغ فەرۆخزاد ڕۆژی ٢٤ی ڕێبەندانی ١٣٤٥ی هەتاوی لە تەمەنی ٣٢ ساڵیدا بە کارەساتی ئۆتۆمبیل کۆچی دوایی دەکات و تەرمەکەی لە ڕۆژی ٢٦ی ڕێبەنداندا لە گۆڕستانی «ظهیر الدوله «ئەسپەردە دەکرێت. فروغ هەردەم لە بیری ژنانی چەوساوەی وڵاتەکەیدا بووە و گوتوویە: «ئاواتم ئازادیی ژنانی ئێران و بەرابەری مافەکانیان لەگەڵ پیاوانە».

# کۆچی دوای

ئا: کو

کەمن ئەو کەسانەی کە بەدوور لە هەراوزەنای پڕوپاگەندە و بە دڵێکی فراوانەوە بۆ خزمەت بە بوارێکی تایبەت تێدەکۆشن و نایانەوێ ناویان پێش خزمەتەکانیان بکەوێت. ئیبراهیم یوونسی ئەو نووسەر و وەرگێڕە بەتوانایە بوو کە هەموو تەمەنی خۆی بۆ خزمەت بە ئەدەب و وێژە تەرخان کرد و تەنانەت کاتێکیش لە دواساڵەکانی تەمەنی بەپێزی خۆیدا بە هۆی تووشبوونی بە نەخۆشینی ئالزایمێرەوە توانای نووسین و وەرگێڕانی نەمابوو، لە دیمانەیەکدا ئەو حاڵەتەی بە گەورەترین خەم و کەسەری خۆی ناوبردبوو و گووتبووی: «ماوەیەکە کەمتر وشەکانم وەبیر دێتەوە، هەربۆیەش دەست بۆ وەرگێڕان نابەم.»و هەروەها گوتبووی: «من بە مووچەیەکی کەمی کارمەندییەوە دەرەقەتی تێچووە پزیشکییەکانی نەخۆشینەکەم نایەم.».

بڵاوبوونەوەی هەواڵی کۆچی دوایی ئیبراهیم یوونسی، تەزوویەکی ساردی بە گیانی ئەویندارانی ئەدب و هونەردا هێنا و تاڵاوی کپ بوونەوەی بەهرەیەکی گەورەی دەرخوارد دان. ناوی ئیبراهیم یوونسی تەمەنێکە گرێدراوی حەز و تاسەی ئۆگرانی ئەدەب و وێژەی ئێرانە و ئەو نووسەر و وەرگێڕە بە توانا کوردە بە قەڵەم و هزر و ئەندێشەی باڵای خۆی توانی ناوی خۆی لە ڕیزی گەورە ئەدیبانی ئێران و کوردستاندا جێگر بکات و ببێتە مایەی شانازی بۆ نەتەوەکەی.

ئیبراهیم یونسی لە ناوەڕاستی پەنجاکاندا یەکێك بوو لەوانەی کە کۆمیتەی بەرگری لە مافی مرۆڤی لە ئێران دامەزراند هەروەها یەکەمین پارێزگاری (ئۆستاندار)ی کوردستان پاش ڕاپەڕینی گەلانی ئێران، لە دەوڵەتی مەهدی بازرگاندا بوو. ئەو بە هۆی چالاکی سیاسییەوە سزای ئێعدامی بۆ دەرچوو، بەڵام بە هۆی ئەوەوە کە لاقێکی لە ئەرتەشدا لەدەست دابوو، بەخششی بەرکەوت و سزای زیندانی درێژماوەی بۆ بڕایەوە و ساڵانێکی زۆری لە زینداندا بردەسەر و یەکێك لە پڕبایەخترین کتێبەکانی خۆی واتە «هونەری چیرۆك نووسین»ی لە زینداندا نووسیوە کە هەتا ئێستا هەشت جار چاپ کراوەتەوە.



چیرۆك نووس و وەرگێڕی پێشەنگ د. ئیبراهیم یونسی، ساڵی ١٣٠٥ لە شاری بانە لەدایك بوو. ساڵی ١٣١٧ خوێندنی سەرەتایی لە بانە تەواو کردووە و بۆ خوێندنی دواناوەندی چووەتە شاری سەقز و ساڵی ١٣٢٠، لەو شارە خوێندنی دواناوەندی تەواو کردووە و ئەوەش هاوکاتە لەگەڵ داگیرکردنی ئێران لە لایەن هاوپەیمانانەوە و وەك خۆی دەڵێت شڵەژاوی و تێکچوونی باری ئاسایی کۆمەڵگا دەبێتە هۆی داخرانی قوتابخانەکان و ماوەی دوو ساڵ بێکار دەبێت، دواتر لەسەر ڕاگەیەندراوێکی ئەرتەش لە ساڵی ١٣٢٢دا، دەچێتە تاران و لە دواناوەندیی بەستراوە بە ئەرتەش ناونووسی دەکات، ساڵی ١٣٢٤ دیپلۆم وەردەگرێت و لە کۆلیژی ئەفسەری وەردەگیرێت و ساڵی ١٣٢٧ ئەو کۆلیژەش بە سەرکەوتوویی دەبڕێت. دواتر لە خوێندنگەی باڵای ئابووری ناونووسی دەکات و لە بواری ئابووریدا لیسانس وەردەگرێت، پاشان لە ساڵی ١٣٥٦دا لە زانکۆی سۆربۆنی فەرانسە دوکتۆرای ئابووری وەردەگرێت.


دەسپێکی چالاکیی ئەدەبیی ئەو دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ساڵانەی کە لە زینداندا بووە، «هونەری چیرۆك نووسین» یەکێك لە بەرهەمە پڕ بایەخەکانی ئیبراهیم یونسییە

# ی وەرگێڕ ونووسەری گەورەی کورد

ردستان



کە دەسکەوتی ئەو ساڵانەی ئەون. ئەو هەر لە زیندانەوە پەیوەندی بە «قوتابخانەی راهێنانی رۆماننووسی لە بریتانیا» وە دەگرێت و لەو رێگەوە لەگەڵ شێوازەکان و هونەری نووسین ئاشنا دەبێت. نیو سەدە بەسەر بڵاو بوونەوەی یەکەمین کتێبی ئیبراهیم یونسی واتە وەرگێڕانی «ئاواتە مەزنەکان»(آرزوهای بزرگ)، بەرهەمی چارلز دیکێنزدا تێدەپەڕێت. لە ماوەی ئەم پەنجا ساڵەدا سەرەڕای هەموو ئاستەنگ و تەنگ و چەڵەمەکانی ژیانی لە داهێنان و ئەفراندن نەوەستا و لە رێی چالاکییە زۆروزەبەنەکانی ئەوەوە گرینگترین دەقە ئەدەبییەکانی رۆژئاوا کەوتنە بەر دیدی خوێنەران و بوون بە بەشێك لە ژیانی رۆژانە. بەرهەمەکانی ئیبراهیم یونسی بوونە چراوگی رێگەی نووسەران و رەخنەگران. کەس ناتوانێت نکولی لە کاریگەریی گتێبگەلێك وەك «گەشتێك لە ئەدەبی رۆژئاوادا»، «رەهەندەکانی رۆمان»، « گەشتێك لە رەخنەی ئەدەبی رووسدا» و مێژووی ئەدەبیی ئافریقا، رووسییە و یۆنان، لەسەر بیچم گرتن و پەرەسەندنی رەخنەی ئەدەبیدا بکات. ئیبراهیم یونسی بە ناوی خۆیەوە و بە ناوی خوازراوی «سیروان ئازاد»ەوە ٨٠ کتێبی لە زبانی ئینگلیسی و کتێبێکیشی لە فەرانسەوییەوە وەرگێڕاوەتەوە.




بازنەی وەرگێڕان و بەرهەمەکانی د. یونسی تەنیا بە رۆمان و رەخنەی ئەدەبییەوە نەبەستراوەتەوە، بەڵکوو لە بواری مێژوو و سیاسەتیشدا خاوەنی وەرگێڕانگەلێگی جیددی و جێگەی سەرنجە. خاوەنی دەوری دە کتێبە سەبارەت بە کورد و کوردستان کە لە خۆیدا کرانەوەی دنیایەکی دیکە بووە بە رووی پرسی کورددا و توانیویانە مێژوویەکی ورد و راستەقینە لە نەتەوەی کورد بە دنیا بناسێنن، کە لەو کتێبانە دەتوانین ئاماژە بە «راپەڕینی شێخ سەعیدی پیران»(ئۆڵسۆن رابێرت)، «کوردەکان و کوردستان»(درێك کینان)، «مێژووی هاوچەرخی کورد»، «بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد»(کریس کوچێرا)، «کوردەکان، تورکەکان ، عەرەبەکان»(سیسیل جی ئێدمۆندز)، «گەشتێك لە کوردستانی تورکیە»(شێرین لیزێر)، «پرسی کورد و پەیوەندی ئێران و تورکیە»(ئۆلسێن رابێرت)، «کۆمەڵناسیی خەڵکی کورد(ئاغا، شێخ و دەوڵەت)»(مارتین وان براینسێن) بکەین.

رۆمان نووسین لایەنێکی دیکە لە ژیانی پڕبایەخی ئەو کەسایەتییەیە. خاوەنی دە رۆمانە کە هەرکامەیان چەندین جار لەچاپ دراونەتەوە، «گۆڕستانی غەریبان»، «نزا بۆ ئارمێن» و...هتد لە رۆمانەکانی ئەو نووسەرەن.

ئەدەبی چیرۆکی ئێران قەرزداری هەوڵ و چالاکییەکانی ئیبراهیم یوونسیە و ئەو ئۆباڵەش تەنیا بەهۆی رۆمانە سەرنجڕاکێش و بە پێزەکانی وەك «مادرم دو بار گریست»(دایکم دوو جار گریا)، «دلدادەها»(دڵدارەکان) و...هتد، یان بە هۆی ئەو هەموو وەرگێڕانە پڕبایەخانە لە نووسەرانێکی بەناوبانگ وەك دیکێنز، داستایووسکی، تامس هاردی و...هتد نییە کە هەرکامیان لە جێی خۆیدا جێگەی هەیە لەسەری بوەستین و بە وردی لێیان بدوێین، بەڵکوو بە بۆنەی وەرگێڕانی کتێبگەلێك سەبارەت بە راهێنانی رۆمان نووسین وەك «رەهەندەکانی رۆمان»، بەرهەمی ئێدوارد مۆرگان فۆستێر و یان نووسین و وەرگێڕانی کتێبی «هونەری چیرۆك نووسین»ەوەیە کە تا نزیکەی چارەکە سەدەیەك تاکە کتێبی گشتیی راهێنانی چیرۆك نووسین بوو و گەلێك لە نووسەرانی ئەم سەردەمە لە رێی راهێنانەکانی ئەو کتێبەوە بە هونەری نووسین و دارشتن ئاشنا بوون. هەرچەند لە پاش ئەو کتێبە نووسەرانێکی گەورەی دیکەش لەو بوارەدا هەنگاویان هەڵگرت و کاریگەرییان لەسەر دەوڵەمەندتربوونی رەوتەکە دانا.

گەورە ئەدیبانێکی وەك «سیاوەش کەسرائی»، «محەممەد رەزا شەفیعی کەدکەنی»، «هوشەنگ ئێبتێهاج»، «ئەحمەد مەحموود» و «مەحموود دەوڵەت ئابادی» لە هاوڕێ نزیکەکانی ئیبراهیم یونسی بوون. رەزا سەیید حسێنی سەبارەت بە ئیبراهیم یونسی دەڵێت: «خەڵك لە رێی وەرگێڕانەوە لەگەڵ ئەدەبی جیهانیدا ئاشنا دەبن. وێدەچێت هەڵبژاردنی دەقێك بۆ وەرگێڕان زیاتر بە رێکەوت دەبێت، بەڵام یونسی لەو بوارەدا جیاوازە. ئەو ئاوەزمەندانە دەقەکانی هەڵبژاردووە و وەریگێڕاونەتەوە، کتێبی «رەهەندەکانی رۆمان»ی لە کاتێکدا وەرگێڕاوەتەوە کە ئەدەبی ئێمە پێویستییەکی زۆری پێی بووە و دواتر مێژووە ئەدەبییەکانی یەك لە دوای یەك وەرگێڕاوەتەوە.... تەکوزمەتدییەك لە کاری ئەودا بەدی دەکرێت کە بە سەرنجدان بەوە دەتوانین بڵێین یوونسی پلانی بۆ بەرەوپێشبردنی کولتووری ئەم وڵاتە هەبووە و هەروەها خاوەنی قەڵەمێکی رەوان بووە لە نووسیندا.»

لە دوایین بەرهەمە وەرگێڕدراوەکانی، «هونەری شانۆنامە نووسین» بەرهەمی «بێرنارد گێربانییە»یە و هەروەها رۆمانێکە بە ناوی «ئەگەر بیل ستریت زبانی هەبووایە» بەرهەمی جێیمز بالدویین نووسەری رەشپێستی ئامریکایی.

هەندێك لە بەرهەمەکانی:

بواری زباننانسی و ئەدەب ـ «رەهەندەکانی رۆمانی ئێی ئێم فۆرستێر، گەشتێك لە ئەدەبی رووسدا و پەرتووکی یادداشتەکانی رۆژانەی نووسەرێك فئۆدۆر داستایووسکی» و...هتد.

چیرۆك و رۆمان ـ «گۆڕستانی غەریبان، دڵدارەکان، سبەی، دایکم دووجار گریا، کڵاولار و قەرەج، دادا شیرین، پشکوتنی باخ، بەخێر بێی، نزا بۆ ئارمێن»و...هتد.

وەرگێڕانی ئەدەبی ـ «دۆن کیشۆت، سێ چەکدار، مێشوولەی لووت درێژ، سەگی باکوور، ئاواتە گەورەکان، ئێسپارتاکووس، بەرگدووری جادووکراو، سێ هاوڕێ، زریان، هێلانەی هەڵۆ، جووتێك چاوی شین و ئەگەر بیل ستریت زبانی هەبوایە»و ...هتد.

مێژوو و سیاسەت ـ «سەهیۆنیسم، بازرگانیی چەك، ئامریکایەکی دیکە، بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد، پەیوەندیی ئێران و تورکیە و پرسی کورد» و...هتد.

زستانی بێ بەهاریش بەرهەمێکی دیکەیەتی کە ساڵی ١٣٨٢ بڵاوی کردووەتەوە و بیرەوەرییەکانی خودی نووسەرە لە منداڵییەوەیە هەتا کاتی زیندان چوونەکەی.

هەروەها وەرگێڕانی بەرهەمگەلێك لە تۆماس هارودی، شێکسپییێر و بەرهەمی چوار جلدیی ئارنۆڵد هاوزێر بە ناوی «مێژووی کۆمەڵایەتی هونەر».

ئیبراهیم یونسی کاتژمێر ٣ی پاشنیوەڕۆی رۆژی چوارشەممە نۆزدەی رێبەندان، لە تەمەنی هەشتاوپێنج ساڵیدا کۆچی دوایی کرد و لە زێدی خۆی بەخاك سپێردرا.

# تا ، سەبووری ...




www.jwan٢٨٧.blogfa.com

شەریف فەلاح

به باڵای شاخا تا قووڵایی دەشت،
گڕای گڕ دووری.
***
له زەنوێری چیاوه تا قریوەی شار،
بڕای بڕ تاسه،
لێوڕێژ له زڵەی زەمان،
لێوان لێو ترس.
***
له لێوارەی بێ ئوقرەیی پرسیاری رووت،
تا بێشەڵانی پیر
گوڕای گوڕ سەبووری.
***
حەسرەتی ماچی تەوێڵی
نیشتمان و ئەم هەموو پاڕانەوە،
تا یەلدای دووریتان پڕین له خۆزگە،
تا بن میچی ئاسمانی شاخ
دۆڵا و دۆڵ گورگ
***
هەرێمی رۆحی کوێستان و
کازیوەی تەزیوی، تەریکی تاریکی
پڕاوپڕ رووناکی
***
جەزبەی عەشقی منالّی،
سێبەری یادێک و کولۆلّیی
خەونە ئەرخەوانییەکان،
تا بەرەبەیانی گەورەییمان
پەڕانپەڕ دار.
***



هێور بەوە
جادەکان پڕن
له زایەڵەی سەفەر،
رێگاکان تەژین له حەیرانی
کیژێکی چاو سەقەری نامەبەر.
***
گوژمێک هات و
بادەی تاڵی ئەم
خۆزگەیەش
نەگەیشتە لێوی وشکی
تاسەبار و پڕ سەبووریم.

■ عەبدوڵڵا حیجاب
■ وەرگێڕان: کوردستان

# چالێشی دێموکراسی لە ئێراندا

## بەشی یەکەم

لە باسی دێموکراسی، جۆری بەشداریکردن لە بڕیاردانە سیاسییەکان و چۆنیەتیی تێپەڕبوون بەرەو سیستمێکی دێموکراتیك لە داهاتووی ئێراندا، ئەوەی کە دیاریکەری ڕوانگە جیاوازەکان و چوارچێوەی ئەو سیستمەیە کە هەر کام لەم ڕوانگانە مەبەستیانە، لە پەنای باوەڕمەندی بە بنەما سەرەکییەکانی دێموکراسیدا، ئەو تێگەیشتنە باوەیە کە بەنیسبەت چەمکگەلێك وەك شوناسی نەتەوەیی و بەو پێیەش، مافە بنەڕەتییەکانی نەتەوە، ناوەندگەرێتی لە بەرامبەر دژەناوەندگەرێتی، دابەشکردنی دەسەڵات و ڕۆڵی گرووپەکانی دەرەوەی بیاڤی دەسەڵات لە بەڕێوەبردنی کاروباری وڵاتدا لە ئارادان. پێناسە پێشکەشکراوەکان لە هەر کام لەو چەمکە جێی باسانەدا، ئێمە بەرەو ڕێگەگەلێك ڕادەکێشن کە بۆ چارەسەری یان زیاترکردنی قەیرانی هەنووکە یان قەیرانەکانی داهاتووی وڵات، ڕۆڵی بنەڕەتی دەگێڕن. لە ژێر تیشکی ئەم لێڕوانینەدا، چالێشەکانی بەردەمیان لە بواری دێموکراسی لە ئێرانی سبەیدا بۆ ڕوون دەبێتەوە.

پێکهاتەی سیاسیی ئێران لە ئێستادا بە هۆی بوونی دەسەڵاتی کونترۆڵنەکراوی دامەزراوە هاوتەریبە ئینتسابییەکان و بوونی دیاردەیەکی ئەوپەڕ شارۆمەندی، ناهەڵبژاردنی و ڕەخنەهەڵنەگر بە ناوی وەلی فەقیە لە لووتکەی سیاسەت و بەڕێوەبەریی کاروباری وڵاتدا، دەرەتانی چاکسازیهەڵگریی ئەو سیستمە و هەنگاونانی بەرە بەرە بەرەو دێموکراسی بە تەواوی لەنێو بردووە. یاسای بنەڕەتیی بناژۆخواز، زەینی و هەڵاواردنی، بەستراوەیی سێ هێزەکە (بەڕێوەبەری، یاسادانان و دادوەری) بە خواست و بڕیاری کەسێکی ئەوپەڕیاسا، دەستێوەردانی ئۆرگانە ئینتسابییەکان لە هەموو کاروبارە سیاسی، کۆمەڵایەتی، کولتووری و بەڕێوەبەرایەتییەکان، دەسەڵاتی بێئەملاولای دامەزراوە ئایینی، سەربازی، ئینتیزامییەکان و هەروەها دەسەڵاتی میلیشیای بەسیج، لەو بەربەستانەی دیکەی بەردەم گۆڕانکاریی دێموکراتیك لە ئێراندان.

بەڵام چالێشی خەڵکی ئێران لە پێناو دێموکراسیدا، تەنیا بەو بەربەستانەی لە چوارچێوەی پێکهاتەی سیاسی و یاسایی ڕێژیمی هەنووکەدا حەشار دراون، کورت نابێتەوە. ڕوانگە یان خوێندنەوەیەکی زەینی لە مێژوو و شوناسی ئێرانی، تێگەیشتنی هەستەوەرانە و زۆر دەرماگیرانە لە دیاردە و ڕووداوە مێژوویی و مەزهەبی و کۆمەڵایەتییەکان کە مەرج نیە بە گۆڕینی ڕێژیم چاکسازییان تێدا بکرێ، نەبوونی مێژینەی دێموکراسی لە وڵاتدا و ئاوێتەبوونی دەسەڵاتی سەربازی و ئابووری، لە بەربەستەکانی دیکەی بەردەم گەیشتن بە دێموکراسی لە ئێراندا دێنە ئەژمار.

هاوتەریب لەگەڵ ئەو بەربەستانەدا، زەینییەتی تۆتالیتێر و ناوەندگەرایش بە حاشاکردن لە شوناسی نەتەوەکانی دەرەوەی بازنەی دەسەڵات و بەم پێیەش لەبەرچاو ون کردنی مافەکانیان، بەربەستێکی دیکەی بەردەم دێموکراسییە. ئەگەر چوار ڕەهەندی پرۆسەی پێشکەوتنی کۆمەڵگا واتە خوشگوزەرانیی کۆمەڵایەتی، ڕادەی خوێندەواری، بێهداشت و بەشداریی سیاسی بکەینە پێوانەی هەڵسەنگاندنی ڕادەی هەڵاواردن بەنیسبەت نەتەوەکانی دەرەوەی بازنەی دەسەڵات لە ئێراندا، ئەوا بەپێی ئامارەکانی خودی کۆماری ئیسلامی کە لە بانکی ئامار و داتاکاندا بڵاوی کردوونەتەوە، ناوچەکانی بەلووچستان، کوردستان، خوزستان و تورکەمەن سەحرا بە نۆرە لە خوارەوە بۆ سەرەوەڕا، دەکەونە پلەکانی ئاخر تا چوارەم. بنەڕەتی ئەم هەڵاواردنە لە سەردەمی پەهلەویدا دارێـژراوە و بە هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامیش بارودۆخەکە خراپتر بووە. ئەمە بەرچاوترین نیشانەی بێبەشبوونە کە ڕاستەوخۆ لەگەڵ شوناسی نەتەوەیی و داخوازییە سیاسییەکانی خەڵکی ئەو ناوچانەدا پێوەندی هەیە.

ئەگەر کێشەی بنەڕەتی و هاوبەشی هەموو ئێرانییەکان و بەربەستی سەرەکی لە بەردەم دێموکراسی لە ئێران لە قۆناخی هەنووکەدا، سیستمی ویلایەتی فەقیە و دیکتاتۆریی تئۆکراتیکی زاڵە، کێشەیەکی دیکەی نەتەوەکانی دەرەوەی بازنەی دەسەڵات، ناوەندگەرایی و سەپاندنی شوناسێکە کە نە گشتگیرە و نە بەرهەستە. لە بنەڕەتڕا دەبێ ڕیشەی ناکۆکییە مێژووییەکانی نەتەوەکانی دەرەوەی بازنەی دەسەڵات لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ئێران چ لە ڕابردوودا و چ لە سەردەمی هەنووکەدا، هەر لەم چوارچێوەدا بدۆزینەوە. کەوابوو، خەبات بۆ دێموکراسیزەکردنی ئێران بەبێ خستنەڕووی ڕێگەچارەیەکی پەسندکراوی سیاسی بۆ چارەسەریی پرسی نەتەوەیی لە وڵاتدا، ئامادەکردنی بەستێنی بەشداریی نەتەوەکانی دەرەوەی بازنەی دەسەڵات لە بەڕێوەبردنی کاروباری خۆجێییدا و پێناسەکردنەوەیەکی گشتگیر و بەرهەستی شوناسی ئێرانی، ناتوانێ خەباتێکی سەرکەوتوو بێ.



### دێموکراسی

لەوانەیە ئیدیعای ئەوە کە تا ئێستا پێناسەیەکی گشتگیر، لێبڕاو و گشتپەسەند لە چەمکی دێموکراسی نەکراوە، ئەوەندەش ناڕاست نەبێ. ئەو پێناسە «پەسندکراو»انەی کە تا ئێستا لە لایەن تیۆریسییەنەکانی زانستی سیاسییەوە وەك لاپیارت، رابێرت دال و شومپێتر کراون، پشتیان بە خاڵگەلێکی هاوبەش بەستووە کە وەکوو بنچینەکانی دێموکراسی لەقەڵەم دەدرێن. گرینگترین بنچینەکانی دێموکراسی بەپێی پێناسە گشتگیرترە زانستییەکان بریتین لە: بوونی ڕێکخراوگەلی سیاسی، پیشەیی، کولتووری و کۆمەڵایەتیی ئازاد و سەربەخۆ، ئازادیی کردەوەی دامەزراوە سیاسییە غەیرەدەوڵەتییەکان، ئازادیی بەیان، بوونی سەرچاوەی جۆراوجۆر و سەربەخۆی زانیاریگەیاندن یان پاوانەکران و نەبوونی کونترۆڵی دەوڵەتی بەسەر ڕاگەیێنە گشتییەکاندا، بوونی سیستمی ئازادیی هەڵبژاردن، مافی یەکسان لە بەرامبەر یاسادا، گەرەنتیکردنی ئازادیی چالاکی و ڕکەبەرایەتیی سیاسی، پێبەندیی دامەزراوە بەڕێوەبەری و یاسادانەرەکان بە دەنگ و خواستی خەڵکی و داجاریش سەربەخۆیی هێزی دادوەری.

بەم پێیە لە سیستمێکی سیاسیی ڕۆنراو لەسەر پرنسیپە دێموکراتیکەکان، ئەوەی بڕیاردەرە، خەڵکە. دێموکراسی یان دێموکراسیی لیبراڵ کە بە دێموکراسییە سەرکەوتووەکانی ئیمرۆکە دەناسرێن، سەرکەوتنی خۆیان لە ڕەچاوکردنی پرنسیپگەلێکی بنەڕەتی وەك ئازادیی هەڵبژاردن، ئازادیی بەیان، گەرەنتیکردنی مافی خاوەنداریی تایبەتی، ئازادییە سیاسییەکان و یەکسانیی شارۆمەندان لە بەرامبەر یاسادا دەبیننەوە.

دێموکراسییە ڕۆژئاواییەکان کە تا هەنووکە تەنیا نوێنەرایەتیی سیستمە پشتبەستووەکان بە خواستی زۆرینەی خەڵك دەکەن، ماف و ئازادییە دێموکراتیکەکانیان جێگرتوو کردووە و گەرەنتیکردنی مافی تاکەکەسیش بە یەکێك لە بنچینە گرینگەکانی دەسەڵاتداریی خەڵك لە قەڵەم دەدەن. هەروەها، ڕەچاوکردنی مافە گرووپییەکان، ڕێزدانان بۆ شوناس و مافەکانی نەتەوەکانی دەرەوەی بازنەی دەسەڵات، گونجاندنی یاساکانی وڵات لەگەڵ ڕێوشوێنە جیهانییەکانی مافی مرۆڤ و ڕەچاوکردنی مافەکانی کەمایەتییە ئیتنیکی، ئایینی و زمانییەکان، لەو مەرجانەن کە ئاستی ڕەوایی سیستمێکی دێموکراتیك دەبەنە سەرەوە.

دێموکراسی بەپێی پێناسەکانی سەرەوە، دەکرێ خاوەن مۆدێلگەلێکی جۆراوجۆر بێ. بەڵام شێوە جۆراوجۆرەکانی لەسەر ئەو بنچینەگەلەن کە لە هەموو مۆدێلە ناسراوەکانی دێموکراسیدا، کەم تا زۆر کارکردی یەکسان و تەنانەت تایبەتمەندیگەلێکی هاوبەشیان هەیە. لە وڵاتە فرەنەتەوەکاندا، دێموکراسیی خۆجێیی یان دانی دەسەڵاتی بڕیاردان بە دامەزراوە خۆجێیەکان و بردنەسەرەوەی ئاستی بەشداریی کەمایەتییەکان لە بەڕێوەبەریی دەوڵەتدا، یان بە شێوەیەکی باشتر، بەشداریی گرووپەکانی دەرەوەی بازنەی دەسەڵات لە بەڕێوەبەریی کاروباری سیاسیدا، وەکوو تاقە نیشانەی شوێندانەری جێگرتووبوونی دێموکراسی دەژمێردرێ کە دەتوانێ بۆ چارەسەریی کێشە نەتەوەییەکان کاریگەر بێ.

سەرەڕای کاریگەریدانانی هەلومەرجە بەرهەست و دەرهەستەکانی کۆمەڵگا جیاوازەکان لەسەر شێوەگرتنی مۆدێلی پەسندکراوی دێموکراسی لە هەر وڵاتێکدا، هێندێ لە پرنسیپەکانی وەها سیستمگەلێك گۆڕانهەڵنەگر و جیهانین. بەڵام وڵاتانی جیهانی سێهەم، بەتایبەت وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، ڕەخنەیان لە «گشتگیربوون»ی ڕێوشوێنەکانی دێموکراسی گرتووە، ئامانجە سیاسییەکانی ڕۆژئاوا لە خستنەڕووی ئەوە بە گوماناوی و ناڕاست دەزانن و هەر بەم هۆیەشەوە پێش بە پەرەگرتنی دێموکراسی دەگرن.

هەڵسەنگاندنی بەرنامەی وڵاتانی ڕۆژئاوایی بۆ کەڵکوەرگرتن لە دیاردەی «دێموکراسی» وەکوو ئامرازێك لە پێناو بەرەوپێشبردنی ئامانجە سیاسییەکانی خۆیان لە جیهان سێهەمدا، لە چوارچێوەی ئەم باسە بەدەرە. ئەوەی لێرەدا مەبەستە، پەیوەندیی دێموکراسی، ڕێـزدانـان بۆ شوناسە نەتەوەییەکان و بەم پێیەش چارەسەریی ئاشتیخوازانەی کیشمەکێشە نەتەوەییەکان لە وڵاتێکی فرەنەتەوەی وەك ئێرانە کە لە شوێنگەلێکی جۆراوجۆرەوە وەك کوردستان، بەلووچستان، تورکەمەن سەحرا، ئازەربایجان و سەرزەوینە عەرەبییەکانی خۆیدا لەگەڵ چالێشی سیاسی پنچداکوتراو لە پرسی نەتەوەییدا دەستەویەخەیە. ئێران هەر وەك وڵاتانی دراوسێی خۆی ـ جگە لە عێراق و ئەویش بە ڕادەیەکی زۆرکەم ـ تا ئێستا ڕێوشوێنە دێموکراتیکەکانی نەکردووەتە بنەمایەك بۆ چارەسەرکردنی کێشە سیاسییەکان و تەنانەت داخوازییەکانی گرووپە نەتەوەیی و ئیتنیکییەکانی کردووەتە ئامرازێك بۆ بەرتەسککردنەوەی ئەو پرنسیپانەی نێو یاسای هەنووکەیی خۆیدا کە لەوانەیە بە کەمیش بێ، جۆرە گونجانێکیان لەگەڵ بنچینەکانی دێموکراسی هەبێ. ئەو پێناسانەی کە سیستمە دەسەڵاتدارەکان لە ئێران چ لە ئێستادا و چ لە ڕابردوودا لە چەمکی نەتەوە، شوناسی نەتەوەیی و بەم پێیەش مافی نەتەوەیی کردوویانە و دەیکەن، لە بەرتەسکتربوونی دەرەتانە سیاسییەکان و لێئەستاندنی مافی هاووڵاتییە ناخودییەکاندا ڕۆڵی بنەڕەتییان هەیە.

### شوناسی نەتەوەیی

مەیل بە بردنەسەرەوەی یەکگرتوویی سیاسی و کۆمەڵایەتی و هەروەها مەیل بە پێکهێنانی یەکەیەکی هاوبەش، لە ڕەوتی پێکهێنانی «شوناسی نەتەوەیی» نوێدا ڕۆڵی بنەڕەتی دەگێڕێ. ئەگەر شوناسی نەتەوەیی بە واتای هەستی گرێدراوی، وەفاداری و یەکگرتوویی بەکۆمەڵی گرووپێك یان گرووپگەلێکی جیاواز لە نێو سنوورگەلێکی دیاریکراوی جوغرافیاییدا لێك بدەینەوە، بێگومان دەبێ پێ لەسەر ماکە و سەمبولگەلێك لە شوناس دابگرین کە گشتگیر، لەخۆگر و هاوبەش بن.

لە زۆرێك لە کۆمەڵگا هەنووکەییەکاندا، ئیتنیکە دێرینەکان کە بەپێی پێناسەی ئانتۆنی سمیت، خاوەنی بەها و هاوبەشیگەلێکی کولتووری، مێژوویی، جوغرافیایی، زمانی و هەستی هاوبەشی نەتەوەیین، توانیویانە لە بەستێنی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی کۆمەڵگادا ڕەهەندە هاوبەشە ئیتنیکییەکانیان تا ئاستی شوناسی نەتەوەیی بەرز بکەنەوە و لە چوارچێوەیەکی جوغرافیاییدا، مافی هاوبەشی نەتەوەیی وەدەست بێنن. لە هێندێ لە کۆمەڵگاکان وەك کۆمەڵگای مۆدێرنی ئامریکادا، ناکرێ لە ڕەوتی گۆشبوونی شوناسی نەتەوەییدا، دیاردەیەك بە ناوی ئیتنیکگەرێتی دێرینە و هاوبەش بدۆزرێتەوە و لە هێندێ نموونەی دیکەیشدا وەك وڵاتانی عەرەبی، نەتەوەکانی فارس و تاجیك، یان تورك و ئازەری، ئیتنیکە دێرینەکان وەکوو پێویستییەك نەبووەتە هۆی دەستراگەیشتنیان بە مافی سیاسیی هاوبەش لە چوارچێوەیەکی یەکگرتووی جوغرافیاییدا.

بەپێی پێناسە زانستییەکان، چەمکەکانی «نەتەوە» و «شوناسی نەتەوەیی»، چەمکگەلێکی مۆدێرنن کە بەپێی مێژوو، دەگەڕێنەوە بۆ گۆڕانکارییە مۆدێرنەکان لە کۆمەڵگادا، بەتایبەت گۆڕانکارییەکانی بەرهەمی شۆڕشی پیشەسازی لە کۆتایی سەدەی ١٨ لە ئورووپا و شۆڕشە سیاسی ـ کۆمەڵایەتییەکانی جیهان لەوانە شۆڕشی ١٧٨٩ی فەڕانسە. «ئێرنێست ڕێنان»ی فەڕانسەوی، نەتەوە بە ئاپۆرایەك دەزانێ کە دەتوانێ تەنیا بەپێی ڕێککەوتنێکی سیاسی، بۆ نموونە لە ئاکامی ڕێفراندۆمێکدا سەرهەڵ بدا. لە کاتێکدا مۆدێرنیستگەلێك وەك کارڵ دویچ، ئیلی کێدوری، ئێریك هابسباوم و بێندریك ئەندێرسن، نەتەوە بە دیاردەیەکی لێکەوتەی گۆڕانکارییە قووڵترە کۆمەڵایەتییەکان لەوانە بەپیشەسازیبوون، چڕبوونەوەی دەسەڵات، ئامانجە سیاسییەکانی بژاردەکانی کۆمەڵگا و لە هەمووی گرینگتر، سەرهەڵدانی پیشەسازیی چاپ، گەشەی سیستمی پەروەردە و زمانی نووسین دەزانن. هەر دووی ئەم لێکدانەوانە، شوناسی نەتەوەیی بە دیاردەیەکی ڕێککەوتنی لە قەڵەم دەدەن.

«کلاود لوویی ستراوس»ی فەڕانسەویش لەسەر ئەم باوەڕەیە کە پێناسەی دیاردەیەك بە ناوی «شوناس» وەکوو دیاردەیەکی سەربەخۆی کۆمەڵایەتی نەلواوە. ئەوەی وەکوو شوناس خۆدەنوێنێ، لە ڕوانگەی ئەوەوە، پێناسەیەکە کە کۆمەڵناسان لە هێندێ لایەنەوە، هێندێ لە دیاردە کولتوورییە هاوبەشەکان دەخەنە ڕوو. شوناس لە ڕاستیدا کۆمەڵێك لە نۆرمە کولتووری و دەروونی یان سایکۆلۆژییەکانە کە وەکوو تایبەتمەندیی دیاریکەری گرووپێك لە خەڵك لە بەرامبەر ئەوانی دیکەدا، یان خودییەکان لە بەرامبەر ناخودییەکان دەردەکەوێ. گۆشبوونی شوناس لە ڕوانگەی «ستراوس»یشەوە، دیاردەیەکی بەتەواوی مۆدێرن، دەستکرد و بەرهەمی پڕۆژەی سیاسیی بژاردەکانی کۆمەڵگایە.

هەرچەند ئەو ڕوانگانەی کە خرانەڕوو ناتوانن بۆ شوناسخوازان و دەسەڵاتدارانی هەنووکەی وڵاتەکان، ڕوانگەگەلێکی گشتگیر و قەناعەتهێنەر بن، بەڵام حاشا لەوە ناکرێ کە پرۆسەی گەشەی نەتەوە بە واتای ئیمڕۆییەکەی، تەنیا پرۆژەیەکی سیاسییە. چوونکە ئێمە لە سەردەمی پێش لە سەرهەڵدانی دیاردەی نەتەوە ـ دەوڵەت لە ئێراندا، یان لە وڵاتانی دراوسێی ئێران، واتە تورکیە و دواتریش لە عێراق و سووریەدا، شوێنەوارێك لە شوناس یان تایبەتمەندییەکی جیاکەرەوەی هاوبەشی نەتەوەیی کە ڕیشەی لە زمان، کولتوور یان سیستمێکی هاوبەشی سیاسی، حوقووقی یان تەنانەت بەڕێوەبەرایەتیدا بێ، نابینین. ئێمە لەم کۆمەڵگایانەدا، لەسەردەمی پێش لە سەرهەڵدانی دەوڵەتە مۆدێرنەکان تەنیا لەگەڵ یەکەگەلێك ئاشناین کە لە بەڕێوەبردنی کاروباری خۆجێیی و دادوەریدا بە شێوەی نیوەسەربەخۆ کاریان دەکرد و دانیشتووانیان، شوناسێکی هاوتا لەگەڵ شوناسی کۆمەڵگاکانی دیکەی پێکهێنەری ئیمپراتۆرییەکانی عوسمانی و قاجاڕ لەوانە شوناسی دەسەڵاتدارانی کۆمەڵگایان هەبوو.

سەرهەڵدانی دیاردەیەك بە ناوی شوناسی نەتەوەیی «نەتەوەی ئێران» بۆ سەردەمی بەدەسەڵاتگەیشتنی ڕەزا پەهلەوی بە تاج و تەختی پاشایەتی لە ئێراندا دەگەڕێتەوە. ئەو بە مشتی ئاسنین، بیرۆکەی گەشەی شوناسێکی نەتەوەیی مۆدێرنی لەسەر بنەمای سەمبولگەلێك وەك زمانی فارسی، مەزهەبی شێعە و جوغرافیای ئەو دەورانەی «مەمالیکی مەحرووسە» بردووەتە پێش و بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی، لە هیچ کردەوەیەك درێغی نەکردووە. لەو کاتەوە تا ئێستا، ڕوانگەی زاڵ لە ئێران بە پێناسەیەکی بەرتەسك لە شوناسی نەتەوەی ئێرانی، هەموو نەتەوە پێکهێنەرەکانی کۆمەڵگای ئێران وەکوو یەك نەتەوە لە قەڵەم دەدا کە بەپێی هەمان ئەو تایبەتمەندییە «هاوبەش»انە کە ڕەزا پەهلەوی لەبەرچاوی گرتبوون واتە زمانی فارسی، مەزهەبی شێعە و سەرزەوینی ئێران، «یەکەیەکی نەتەوەیی»یان پێك هێناوە. لەم گۆشەنیگایەوە، ناکرێ لە نێوان ئەو پێناسەی لە سەردەمی پەهلەویدا باو بووە لەگەڵ ئەو پێناسەی کە ئایەتوڵڵا خامنەیی لە شوناسی نەتەوەیی ئێران داویەتی و «مەزهەبی شێعە و زمانی فارسی بە ڕەمزی شوناسی نەتەوەیی» دەزانێ و تەنانەت لەگەڵ ئەو پێناسانەی کە سیاسەتڤان و کۆمەڵناسە نادەوڵەتی و هێندێ جار سێکۆلارەکانی سەردەمی هەنووکە لە شوناسی ئێرانی دەیخەنە ڕوو، جیاوازییەکی ئەوتۆ بدۆزینەوە.

هەموو ئەم ڕوانگانە بەپێی لێکدانەوەیەکی خودتەوەر و تۆتالیتێرانە لە ماف و شوناس، حاشا لە شوناسی نەتەوەیی و مافە بنەڕەتییەکانی نەتەوەکانی دەرەوەی بازنەی دەسەڵات لە ئێراندا دەکەن و قبووڵکردنی شوناسە جیاجیاکان بە مەترسییەك بۆ دابەشبوونی وڵات دەژمێرن. کەوابوو دەبێ زۆر سروشتی بێت کە نەتەوەکانی دەرەوەی بازنەی دەسەڵات لە ئێراندا، شوناسی نەتەوەیی ئێرانی بە بەدەر لەو بایەخانە بزانن کە بەشێك لە کۆمەڵگا مەبەستیەتی و هەروەها بەپێچەوانەی پێناسە باوەکان لە شوناسی ئێرانی کە پتر ڕەهەندی دەرهەستیان هەیە تا ڕەهەندی زانستی، کردەکی و بەرهەست، ئەو شوناسە لە تایبەتمەندیگەلێکی وەك حوقووق و بایەخە یەکسانەکەدا بدۆزنەوە.

لەسەر ئەم بنەمایە کە سیاسەتی نەتەوەسازیی پشتبەستوو بە دەسەڵاتی دەوڵەتێکی ناوەندی لە ئێراندا، هەر لە دەستپێکی پاشایەتیی پەهلەوییەوە ڕووبەڕووی چالێشگەلێك بووەتەوە. بەڵام ڕەزاشا بە کەڵکوەرگرتن لە هێزی سەربازی توانی نارازییە قەراخنشینەکان لە کوردستان، بەلووچستان و ناوچە عەرەبنشینەکان سەرکوت بکا و پرۆسەی گەشەی «نەتەوەی ئێران» بە پێی ویستی خۆی بباتە پێش. ڕەوتێك کە ڕاپەڕینە خەڵکییەکانی ناوچە پەراوێزەکان لە بەستێنی مێژوودا، نیشانەیەکی بەرچاوی بێئاکامییەتی.

لە بەستێنی گۆڕانکارییە نوێیەکانی ئێران و هاوتەریب لەگەڵ گەشەی ئاگایی نەتەوەیی لە ناوچەکانی دوور لە ناوەند، بژاردە سیاسییەکانی کۆمەڵگای زاڵ و پێڕەوانیان، چەمکی «قەوم»یان بۆ ناساندنی شوناسی نەتەوەکانی دەرەوەی بازنەی دەسەڵات بەکار هێناوە و دەبەن. لە بنەڕەتڕا بە ئەنقەست لە پێوەندی لەگەڵ شوناسی نەتەوەی کورد و نەتەوەکانی دیکەی دەرەوەی بازنەی دەسەڵات، لە چەمکی «قەوم» کەڵك وەرگیراوە. لەوێڕا کە «قەومییەت» بە قۆناخی پێش لە سەرهەڵدانی نەتەوە دەوترێ، ئەو مافانەی کە قەومێك دەتوانێ لە چوارچێوەیەکی جوغرافیایی بەدەستی بێنێ، بە هیچ شێوەیەك ناتوانێ وەڵامدەری داخوازیی نەتەوەیی خەڵکێك بێ کە لە ئێراندا بە هۆی گرێدراوییە نەتەوەیی و کولتوورییەکانیان لەگەڵ هەڵاواردنی چەندقات ڕووبەڕوون.

لە لایەکی دیکەوە، ئێمە لە کوردستان، بەلووچستان، ئازەربایجان و ناوچە عەرەبنشینەکانی ئێراندا لە چەمکی «خەلق»، «خەڵك» (مردم) و هێندێ جار «میللییەت» کەڵك وەردەگرین، بەبێ خستنەڕووی پێناسەیەکی گشتگیر و لانیکەم گشتپەسند لەم چەمکانە. ئەم چەمکانە زۆربەی جار بە هاوشێوە و هێندێ جار بە هاوواتا بەکار دەبرێن. بەڵام لە باری مافی سیاسییەوە، هەر کام لەم چەمکانە پێگەیەکی جیاوازیان هەیە. مافی سیاسی «قەوم»ێك یان «خەلق»ێك، لەگەڵ مافی سیاسی نەتەوەیەك یەکسان نیە. هەر بەو ڕادەیەش، بەکارهێنانی چەمکی پێناسەنەکراوی «خەلق» لە جیاتی «نەتەوە» بۆ یەکەیەکی کۆمەڵایەتی کە خۆی بە کورد، بەلووچ، ئازەربایجانی، تورکەمەن یان عەرەب دەناسێنێ و بۆ جێگیربوونی شوناسە نەتەوەییەکەی خەبات دەکات، تەمومژی یاسایی لێدەکەوێتەوە.

# ئەحواز، خۆڕاگر و لەگیراننەهاتوو

■ کەیهان یووسفی

لە ژێر دەسەڵاتی کەسانی دیکەدا بوون و نکۆڵیکردن و سڕینەوەی ئازادیی تاك لەگەڵ سروشتی جەوهەریی مرۆڤ ناتەبایە و ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە مرۆڤە لە هەر بڕگەیەکی زەمەنیدا شۆڕش و سەرهەڵدان بخاتە ڕێ. سەرهەڵدان دژی ستەم و چەوسانەوە تایبەتمەندیی کەسانێکە کە ژیانی بە بێئازادی لە لایان هاوسەنگی مەرگە و ئەوان مەرگی داسەپاویان قبووڵ نەکردووە و دژی دۆخی داسەپاو ڕاپەڕیون.

دوای شۆڕشی گەورەی فەڕانسە و هاتنەئارای دوو چەمکی دێموکراسیخوازی و ناسیۆنالیزم مێژووی مرۆڤایەتی پێی نایە قۆناغێکی نوێترەوە. تا ڕادەیەك کە پێکهاتەی کۆمەڵگاکان، حکوومەتەکان و ئیمپراتۆرییەکان گۆڕانی بە سەردا هات و نەتەوە و گرووپە ژێردەستەکان بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان و بە ئیلهامگرتن لەم ئایدیایانە خەبات و تێکۆشانیان خستە ڕێ.

ئێرانی فرەنەتەوەش لەم مەسەلەیە بێبەش نەبوو و ئەم شەپۆلە دوای تێپەڕبوونی ماوەیەك گەیشتە ئێران.

بەداخەوە کۆمەڵگای ئێرانی لەم ڕەوتەدا نەیتوانیوە بە تەواوەتی خۆی لە زنجیری نەریت ڕزگار بکات و ئەو چەمکە نوێیانەی دیسانەوە لەسەر بنەمای ئەو ئەندێشە کۆنانە پێناسە کرد و تەنیا گۆڕانێك کە ئەنجامی دا ئەوە بوو کە خۆی بە شکڵ و شێوازێکی نوێ بەڵام بە نێوئاخن و نێوەڕۆکی کۆن و نەریتی ڕازاندەوە.

سەرکوتی نەتەوەکان و گرووپە جیاوازەکانی دانیشتووی ئێران تا ئێستا هەر درێژەی هەیە و تێڕوانینی زاڵ هەر ئەو تێڕوانینە تاك ڕەهەندییەیە (یەك نەتەوە ـ یەك وڵات) کە ڕەزاخان بەڕێوەی دەکرد و هەنووکەش بەردەوامە.

لەم چەند ڕۆژەی دواییەدا دیسانەوە نەتەوەی عەرەب لە ئەحواز دەنگی نارەزایەتیی خۆی دژی ڕێژیم بەرز کردەوە. سەرهەڵدانێك کە سەرکوتی توند و بێبەزەییانەی هێزە ئەمنییەتییەکانی بە دواوە بوو و لە ئاکامدا سێ لاوی عەرەب کوژران و زیاتر لە ٦٠ کەس دەستبەسەر کران. ئەم ڕووداوە دیسانەوە مەسەلەیەکی کۆن دەورووژێنێتەوە کە کۆمەڵگای ئێرانی و دەسەڵاتەکانی زاڵ بە هیچ شێوەیەك حەز بە چارەسەرکردنی ناکەن و نالۆژیکی و ئامانجدار لەگەڵی هەڵسوکەوت دەکەن. مەسەلەیەك کە لە جیاتی چارەسەرکردن و تاوتوێکردنی هۆکارەکانی ڕوودانی، هەمیشە بە بەرەنجامی هۆکارگەلی دەرەکی ناوی لێ دەبەن.

نەتەوەی عەرەب لە ئەحواز یەکێك لە نەتەوە ژێردەستەکانی ئێرانە کە خاوەنی مێژوویەکی دوورودرێژە لە خەبات و تێکۆشان بۆ بەدەستهێنانی مافی نەتەوەیی. ناوچە عەرەب نشینەکانی ئێران بە ڕووبەرێکی ٣٧٠٠٠٠ کیلۆمێتری چوارگۆشە (سەرچاوە: AL:Ahwaz. htm.com١٢٦٢) زۆرترین سەرچاوە نەوتییەکانی ئێرانی لێیە. بێجگە لە نەوت، ئەم ناوچانە لە ناوچە بەپیت و پڕبەرهەمەکانی بواری کشتوکاڵ لە ئێراندا بە ئەژمار دێن، بەڵام وێڕای ئەوەش یەکێك لە هەژارترین ناوچەکانی ئێران بە ئەژمار دێن کە ئەمەش دەرەنجامی سیاسەتی پڕ لە هەڵاواردنی ڕێژیمە ناوەندگەراکانی زاڵ بە سەر ئێرانە. نەتەوەی عەرەب لە ئێراندا مێژوویەکی پڕ لە شانازی بۆ دەستەبەرکردنی مافە نەتەوەییەکانی تۆمار کردووە. دوای ڕووخانی حکوومەتی هەرێمیی شێخ خەزعەل لە ساڵی ١٩٢٥ز لە لایەن بریتانیاییەکان و ڕەزاخانەوە، سەرهەڵدانە یەك لە دوای یەکەکانی خەڵکی تینووی ئازادی ئەم نەتەوە دەستی پێکرد.

شۆڕشی «مەحیەدین زئیق، ١٩٢٨ لە حویزە»، شۆڕشی خێڵەکانی «بنی تۆرۆف لە ١٩٣٦»، خێڵی «کعب» بە ڕێبەری شێخ حەیدەر لە ١٩٤٠، شۆڕشی شێخ جاسب، کوڕی شێخ خەزعەل لە ساڵی ١٩٤٣، شۆڕشی ١٩٤٤ی شێخ عەبدوڵلا، کوڕی شێخ خەزعەل، شۆڕشەکانی خێڵەکانی «بنی تۆرۆف»، بنووساڵە، بنوولام و شرفە و میحسن لە ساڵی ١٩٤٥، پێکهێنانی پارتی «السعادە» و دروستکردنی بەرەی ئازادیخوازی عەرەبستان لە ساڵی ١٩٥٦ و لەسێدارەدانی سێ ئەندامی ڕێبەریی ئەو بەرەیە لە ساڵی ١٩٦٤ و شۆڕشە یەك لە دوای یەکەکانی دیکە، خەباتخوازی و ئازادیخوازی لەم ناوچانەدا تا هەنووکە زیندوو ڕاگرتووە. دوای شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧، بزووتنەوەی خەڵکی ئەحواز دادەمەزرێت و بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی نەتەوەیی نەتەوەی عەرەب لە ئەحواز لێژنەیەکی ٥ کەسی دەڕۆنە شاری «قوم» بۆ لای خومەینی کە قەڵاچۆکردنی ١٨٠ هاووڵاتیی عەرەبی ئەم ناوچانە و لەسێدارەدانە بێدادگاییکردنەکانی چالاکانی ئەحوازی، وڵامی حکوومەتی تازە بە دەسەڵات گەیشتوو بەم خەڵکە بوو.

لە دوای شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ وە تا هەنووکە حیزب و گرووپی جۆراوجۆر لە ناخی کۆمەڵگای ئەحوازەوە شکڵیان گرت کە خواستی هەموویان چارەسەری کێشەی نەتەوەیی گەلی عەرەب لەو ناوچانەدا بووە بەڵام ئەم داواکارییانە لە لایەن دەسەڵاتی زاڵەوە بە سەرکوت، دەستبەسەرکردن، کوشتار و لەسێدارەدان وەڵام دراوەتەوە و لە لایەکی دیکەشەوە بە ناو ئازادیخوازان و دێموکراسیخوازی ناوەندگەرا بە زەینیەتێکی نادرووست و تێگەیشتنێکی سەقەت لە مەسەلەکان لەگەڵی هەڵسوکەوتیان کردووە.

ئەو بابەتەی کە دەتوانێت ببێتە هۆی هاوپێوەندیی نەتەوەی عەرەب لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەی ئێران و لەوانە کوردەکان، بەلووچ، ئازەری و تورکەمەنەکان، ژانێکی هاوبەشە کە گشت ئەم نەتەوانە لە دەستی دەناڵێنن و ساڵانێکی دوورودرێژە بۆ چارەسەرکردنی تێچوویەکی زۆر دەدەن. بۆ دەربازبوون لەم بارودۆخە ئەوەی کە پێویستە، یەکگرتوویی و دروستکردنی هاوپێوەندی لە ژێر گوتارێکی هاوبەش و یەکگرتوو بۆ دەستەبەرکردنی مافی ئەم نەتەوانەیە.

لە پێکهاتەی موزاییکی ئێراندا بێگومان تەنیا ڕێگەچارەی بنەڕەتی بۆ گەرەنتیکردنی مافی نەتەوەکانی ئێران کەمکردنەوەی دەسەڵاتی ناوەند و بەشدارکردنی بەش و ناوچەکانی دیکەی ئێران لە دەسەڵات و سەروەریی وڵاتدایە. بۆ پاراستنی پێکهاتەی سیاسیی وڵات و لەناوبردنی هەڵاواردن و ستەمەکانی سەر نەتەوەکانی وڵات بێگومان تەنیا ڕێگەچارە پێکهێنانی حکوومەتێکی دێموکراتیك و فیدراڵە. دێموکراتیك لەو بارەوە کە مافی شارۆمەندی هەر تاکێك مسۆگەر بکرێت و فیدراڵیش بەو مانایە کە مافەکانی هەر نەتەوەیەك گەرەنتی و مسۆگەر ببێت. لەم پێناوەشدا پێویستە نەتەوە ستەملێکراوەکانی ئێران لە دەوری ئەم گوتارەدا خەبات و هێزی خۆیان هاوئاهەنگ و کانالیزە بکەن تاکوو خەباتی دوورودرێژیان بە ئاکام بگات.

# گەمارۆی نەوتیی ئێران، دەرفەتێکی زێڕین بۆ چین

■ وەرگێڕ لە ئینگلیزیەوە: ڕێبوار فانی

■ وەرگێڕان بۆ کوردی: فاتێح ساڵحی

بڕیاری ئەم دواییانەی یەکیەتیی ئورووپا سەبارەت بە گەمارۆ توندوتۆڵەکانی دژی پیشەسازیی نەوتی ئێران دەتوانێ بە زۆر گرینگ و چارەنووسساز هەڵسەنگێندرێ چونکوو ئێرانێکی تەیار بە چەکی ناوکی هیچ کاتێ جێگەی پەسەندی ئەوان نیە.

بەڵام گەلاڵەداڕێژان و سیاسەتدانەرانی وەها گەمارۆگەلێك ئەگەری هەیە سەرنجی ئەوتۆیان نەدابێتە ئەم بابەتە کە چلۆن ئەگەری ئەوە هەیە بازاڕی بازرگانی نەوتی ئێران لە ڕێگەی قازانجدەری چەندقات بۆ وڵاتی چین بیچمێکی نوێ بگرێتە خۆی. ئەو کومپانییە چالاکانەی کە لە پیشەسازیی نەوتدا هەر ئێستا لە باری ڕادەی بازرگانی لە ئاستی جیهاندا لە بەرچاون، گەمارۆی ئەم دواییانەی نەوتی ئێران یارمەتیدەریان دەبێ بۆ پەرەسەندنی زیاتری کاری خۆیان. چین دووهەمین بەکارهێنەری نەوتی جیهانە و ئێران بە دابینکردنی ٢٠ لە سەدی پێداوستییە نەوتییەکانی چین، سێهەمین دابینکەری پێداویستیەکانیان دێتە ئەژمار. گەمارۆ نەوتییەکانی ئێران لە لایەن ئەمریکا و ئورووپاوە بەردەوام لەگەڵ نارەزایەتیی چیندا بەرەوڕوو بووەتەوە. کارناسان لە سەر ئەم بڕوایەن کە داوبەدوای بڕیاری یەکیەتیی ئورووپا لەمەڕ گەمارۆی کڕینی نەوت لە ئێران، چین لە هەوڵی بەدەستهێنانی پووانگەلێکە بۆ کڕینی نەوتی هەرزان لە کۆماری ئیسلامی. لە لایەکی دیکەوە کۆمپانیا چینییەکان دەیانهەوێ هاوردەی نەوتی خاو لە ئێران لە مانگی مارسی ئەم ساڵەوە تا نیوەی ڕێژەی ساڵی ڕابردوو دابەزێنن و لە سەرچاوەگەلێکی دیکە وەك ڕۆژئاوای ئەفریقا، ڕووسیە و ئۆسترالیا دابەزینی هاوردەی نەوتی خۆیان لە ئێران قەرەبوو بکەنەوە. شرۆڤەکاران لەسەر ئەم باوەڕەن کە هەوڵەکانی چین لە کەمکردنەوەی کڕینی نەوت لە ئێران، ئەگەری هەیە بەشێك لە هەوڵەکانی ئەم وڵاتە بۆ هاندانی کۆماری ئیسلامی بێ بۆ کڕینی نەوتی هەرزانتر لەم وڵاتە. گەمارۆکانی یەکیەتیی ئورووپا کە لەسەر هاوردەکردنی ٤٥٠٠٠٠ بەرمیل نەوت لە ڕۆژدا لە ئێرانەوە کاریگەری دادەنێ، شیمانەی ئەوەی لێدەکرێ کە ببێتە هۆی ڕاگواستنی بە میلیاردها دۆلار داهاتی نەوتی کۆماری ئیسلامی بۆ لای کۆمپانیا گەورە نەوتییەکانی چین. کۆمپانیا چینییەکان بۆ نموونە وەك سینۆپێك، پێترۆچانیا و ژوویی ژووانگ کڕیارانی قەبەی نەوتی ئێرانن. کۆمپانیای ژووی ژووانگ بە چەندین هۆکار زیاترین قازانج لە بازرگانی نەوت لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا دەبات. یەکەم ئەوەی کە ئەم کۆمپانییە پێوەندیگەلێکی شاراوە و نهێنی زۆری لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا هەیە. دووهەم ئەوەی کە بە هۆی پارێزراومانیان لە گوشارە سیاسییەکانی ئامریکا و یەکیەتی ئورووپا لە بەر ئەوەی کە ئەم کۆمپانیا لە ئامریکا و ئورووپا سەرمایەیەکی ئەوتۆیان نیە و لە ئاکامدا ئەم کۆمپانیایە لە چیندا لە باری هەنارده و هاوردەوە کارئاسانی زۆری بۆ دەکرێت.

لەگەڵ بەکردەوەدەرهاتنی ئەم گەمارۆیانە، کۆماری ئیسلامی پێویستی هەیە کە بە مەبەستی هاندانی کڕیارانی زیاتر لە ئاستی ئاسایی خۆی بە شێوەیەکی بەرچاو بەهای فرۆشتنی نەوتی خاوی خۆی دابەزێنێ. کڕیارانی چینی بە چەندین شێواز دەتوانن لەم نەوتە کڕیاوە زیاترین قازانج ببەن. یەکەم ئەوەی کە بە ڕاگواستنی ڕادەیەکی زۆر لەم نەوتە بۆ پاڵاوگەکانی چینی بە تێچوویەکی کەمترەوە داهاتێکی لەڕادەبەدەر لە سەرچاوە نەوتییەکان بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن، کەوایە بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی سیاسی نێوخۆی خودی وڵاتی چین ئەمە ساکارترین ڕێگەیە بۆ بەدەستهێنانی قازانج بۆ ئەوان. دووهەم ئەوەی کە ئەگەری ئەوە هەیە کە کڕیارانی چینی دەست بدەنە فرۆشی ناڕاستەوخۆی نەوتی ئێران لە بازاڕە جیهانییەکاندا کە دەتوانێ بە شێوەی فرۆشتن بە دراوە باوەکان یان بە شێوازی گۆڕینەوەی نەوتی لەگەڵ وڵاتانی دیکەدا بێ کە ئەمەش بۆ خۆی ئێجگار قازانجی زۆرە.

کۆماری ئیسلامی و کڕیارانی نەوت لەم ڕێژیمە یەکێك لە شێوازەکانی دەورلێدانەوە لە گەمارۆکانی ئامریکا و ئورووپا لە تێکەڵکردنی نەوتی خۆیان لەگەڵ وڵاتانی دیکەدا دەبیننەوە بە شێوەیەك کە سەرچاوەی سەرەکی ئەم نەوتە دیار نەبێ و شاراوە بمێنێتەوە. ئەمە شێوازێ بوو کە سەددام حوسێن لەوە کەڵکی وەردەگرت.

نەوتی خاوی قورسی ئێران کە لە ئێستادا گەورەترین سەرچاوەی هەناردەی ئێران دێتە ئەژمار لە باری کێش و ڕێژەی گۆگردەوە زۆر لە نەوتی هەناردەیی ڕووسیە دەچێ کە ئەمە بۆ خۆی دەتوانێ ڕێخۆشکەری گۆڕینەوە و قاچاخی ئەم بەرهەمە بۆ کۆماری ئیسلامی بێت. کەوایە سیاسەتدانەران و خاوەن سەرمایەکان دەبێ ئەوەیان لە بەرچاو بێت کە گەمارۆ پەسەندکراوەکان بۆ سەر ئێران بە چ شێوەیەك دەتوانێ گوشارێکی زیاتر بۆ ڕێژیمی کۆمای ئیسلامی بێنێ نەك ئەوەی کە بوارخۆشکەری کەڵکئاژۆوەرگرتن و دەرەتانخوڵقێنی لە پێناو قازانجی کۆمپانیا نەوتییەکانی چیندا بێت.

سەرچاوە: The Wall street Journal

نووسەر: Gabe Collins



## جووت حەوت

هەوراز

ـ مەهدی تائیب، بەرپرسی قەرارگای عەمار لە لێدوانێکدا بۆ ئەوانەی کە باوەڕیان پێیەتی، گووتویە: «ئەمڕۆ ئەگەر بڕیار بدرێت، لە ماوەی مانگێکدا، ئەمریکا لە ئۆقیانووسی هێند وەدەر دەنێین». پێویستە بگوترێت، دوێنێ بڕیار درابوو ئەمریکا لە کەنداوی فارس و دەریای عومان وەدەر بنێن، کەچی ئەو دوو دەریایە ئێستا بوونەتە گەراجی کەشتییە شەڕکەرەکانی ئەمریکا و ئورووپا. ئێستا بەم هەڕەشەیە پێم وابێ کەشتییەکانی ئەمریکا کە لە قسەکانی ڕێژیم، پێچەوانە تێ دەگەن، بەم زووانە لە گۆلی ورمێ، یان لە «زایندەرود»ی ئیسفەهان لەنگەر بخەن و لە ئۆقیانووسی ڕەفسەنجان ڕاوی قرش (کووسە) بکەن و لەوێوە ژێردەریایی بنێرن بۆ پاوە. تائیب هەروەها دەڵێت: «ئەوانەی کە دەبنە نوێنەری مەجلیس، ئەگەر لە بیری گیرفان، ئابڕوو!!!، هۆز و خێڵەکەی خۆیاندا بن، شیاوی نوێنەرایەتیی خەڵك نین».

بە واتایەکی دیکە، نوێنەرانی مەجلیسی ڕێژیم دەبێ کەسانێکی بێگیرفان، بێخێڵ و عەشیرەت، بێئابڕوو و بێخانەوادە» بن. تائیب، وەها مەجلیسێك بە باسکی ئایەتوڵلا خامنەیی یان بە کەسانێك دەزانێت کە دایم گوێڕایەڵی بڕیارەکانی »بەیتی ڕێبەری» دەبن. تائیب بۆ خۆی باسکی خامنەییە، وەکوو ئەحمەدینژاد و گولپایگانی و فیرووزئابادی و جەننەتی و هەموو ئەوانەی کە شیاوی نوێنەرایەتیی مەجلیسی ڕێژیمن ( دوور بێت لە ڕووی خەڵکی ئابڕوومەند).

ـ ئەحمەدینژاد لە دیمانەیەکدا گوتی: «ئەمانە لە گورگ دڕندەترن، گورگ هەر دوو مەڕ هەڵدەدڕێت و کاتێك کە تێری خوارد بۆ خۆی لە سووچێك دادەنیشێت، بەڵام ئەمانە تێر ناخۆن». «ئەمانە» کێن کە لە گورگ دڕندەترن؟

خەڵکی ئێران لە ٥٧ بەملاوە بە «دەسەڵات» گوتوویانە «ئەمانە»، بەڵام خێڵی »ئەمانە» بە هەموو وڵاتانی جیهانی ئازاد و خەڵکی ئازادیخوازی ئێران دەڵێن «ئەمانە». هێندێك جار «ئەمانە» دژی «ئەوانە»یە و جار جاریش هەر دوویان هەر یەکێکن.

چیرۆکی شوانی درۆزنتان ڕەنگە بیستبێ. ئەحمەدینژادیش لەو شوانانەیە کە یان نازانێ گورگ چیە، یان سەگەکانی نێو مەڕومالاتی لەگەڵ «مەڕ» لێ تێکچووە کە پێی وایە گورگ پاش تێرخواردن لە سووچێك دادەنیشێ و تۆوی گوڵەبەر□ۆژە دەخوات و سەیری یاریی فووتباڵی «پیرووزی و سیمان و گەچی خۆراسان» دەکات.

ـ لە کەشوهەوایەکی کراوەی سیاسیدا حیزب و ڕێکخراوە جۆربەجۆرەکانی ئێران ئامادەیی خۆیان بۆ بەشداری لە هەڵبژاردندا دەربڕی. بەشێك لەم حیزبانە بریتین لە: بەرەی پایداریی ئوسوولگرایان، بەرەی ئێستادەگیی ئوسوولگرایان، بەرەی ئوسوولگرایانی ڕاستەقینە، ئوسوولگرایانی ملکەچی ویلایەتی فەقیە، فیداییانی ئوسوولگرایی، بەرەی ڕێکخستنی ئوسوولگرایان بۆ پەکخستنی ئوسوولگرایاند ئینحرافی، ستادی ئوسوولگرایانی ڕەخنەگری دەوڵەت، ئوسوولگرایانی لایەنگری ئەحمەدینژاد، ئەحمەدینژادگرایانی لایەنگری ئوسوول و دەیان ڕێکخراوی دیکە. ئەحمەدینژاد ناهەقی نەبوو بڵێ «ئەمریکاش پێی وایە دێموکراسیی هەیە بە ٢ حیزبەوە کە ئەمەیان کۆپیکراوی ئەوەیانە؟»».

# زمانی زگماکی، گرینگترین فاکتۆری شوناسی نەتەوەیی

■ شەهاب خالیدی

«سەرزەوینەکان تەنیا بە شمشێر داگیر ناکرێن، بە زمانیش دەتوانرێ سەرزەوینێکی پان و بەرین داگیر بکرێ. بزانە کە دوژمنەکانت چەندە دەتکێشنە ژێر رکێفی خۆیان بۆ ئەوەی کە وشەکانی زمانی دایکیت لە زمانەکەت بسڕنەوە و وشەکانی خۆیان بخەنە سەر زمانەکەت. ئەو نەتەوەیەی کە زمانەکەی لە بیر بکات ئیتر ناتوانێت نەتەوە بێ. نەتەوەی بەندکراو و چەوسێنراو لە لایەن بیانییەکانەوە، وەك ئاوی پەنگخواردوو لە پشت بەنداودایە، لە کۆتاییدا رۆژێك بەنداو دەشکێ و رووبارە چووکەکان پێکەوە دەبەستێ. زمانیش ئەو ئاوەیە، ئاو هەمیشە ئاوە، چ لە پشتی بەنداو بێ، چ لە لای دیکەی بەنداو بێ. زمان ئەو ئاوە بەهێزەیە کە بە هێمنی لە نێو کەلێنی تاشەبەردەکانیش رۆ دەچێ و نەتەوەی پرشوبڵاوکراو لە پشت سنوورەکان دەگەیەنێتە یەکتر». (بەشێك لە میراتنامەی «ئێستفان نمانیا»، دامەزرێنەری کلیسای ئۆرتۆدۆکس)

زمان وەکوو گرینگترین ئامرازی پەیوەندیگرتن، دەربرین، تێگەیاندن و لێك تێگەیشتن، زایەڵەی کولتووری نەتەوەکان، نوێنەری شوناسی نەتەوەکان و یەکێك لە کۆڵەکە هەرەسەرەکییەکانی پێکهێنەری شوناسی نەتەوەیی نەتەوەکانە. لانیکەم لە ماوەی ٣٣ ساڵ دەسەڵاتداریێتی ڕێژیمی ئێراندا هەوڵی سڕینەوە و تواندنەوەی شوناسی نەتەوە زوڵملێکراوەکان دراوە کە یەکێك لە هۆیە هەرەبەهێزەکانی خەباتی نەتەوە زوڵملێکراوەکانی وڵاتەکەمان و بەتایبەتی کوردەکان بە دژی ڕێژیمی کۆنەپەرەستی ئێران، پاراستنی ئەو شوناسەیە، شوناسێك کە مەترسیی تواندنەوەی لە نێو کولتوور و زمانی بە فەرمی کراو لە لایەن ڕێژیمی نادادپەروەری کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە لە سەرە.

ئەو هەموو هەوڵانەی ڕێژیم بۆ بەڕێوەبردنی سیاسەتی تواندنەوەی زمانی نەتەوەکان لە نێو یەك زمان و یەك کولتووردا کە پێشتر لە لایەن ڕەزاخانیشەوە بە دژی نەتەوەکانی وڵاتەکەمان بەڕێوە دەبردرا، لەکاتێکدایە کە لە وڵاتێکی وەك هیندوستان، ١٩ زمانی فەرمی و لە ئافریقای باشوور ١١ زمانی فەرمی هەیە. لە وڵاتی ئێمەدا سەرەڕای قەدەغەبوونی خوێندن و نوسین بە زمانی زگماکی لە قۆناغە جۆراوجۆرەکانی خوێندندا، هەوڵدانێکی بەرنامەدارێژراو و سیستماتیك بۆ تواندنەوەیان هەیە کە ئەمە ئەوپەڕی زوڵم و بێعەداڵەتی دەرحەق بە مافە مرۆڤی و یاساییەکانیانە.




هەروەهائەوهەوڵانەی دەسەڵاتدارانی ڕێژیم بە پێچەوانەی بەندی ٣٠ی بڕیارنامەیەکی پەسەندکراو لە لایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ١٩٨٩دایە کە زۆر بە ئاشکرا پێداگری لەسەر مافی خوێندن بە زمانی زگماکی دەکا و تێیدا هاتووە: «کەمایەتییە ئایینی، قەومی، یان زمانییەکان مافی ئەوەیان هەیە کە بە کۆ یان تاك لە زمان، فەرهەنگ و ئایینی خۆیان کەڵك وەرگرن و بە کاریان بێنن». گرینگیی بڕیارێکی ئەوتۆ زیاتر ئەو کاتە دەردەکەوێ کە لە ساڵی ١٩٩٩یشدا، یونسکۆ لەسەر پێشنیاری وڵاتی بەنگلادێش، رۆژی ٢١ ی فێوریەی وەك رۆژی زمانی دایك ناساندووە.

هەرچەند «شووڕای بەرزی شۆڕشی فەرهەنگیی ئێران» لە جۆزەردانی ساڵی ١٣٨٨دا پێشنیاری فێرکردنی زمانە ناوچەیی و «قەومی»یەکانی لە هێندێك لە زانستگاکانی ئەو وڵاتەدا پەسند کرد، کە بەو پێیە ئیزن بە وەزارەتخانەکانی زانست، لێکۆڵینەوە و تێنۆلۆژی و بێهداشت، دەرمان و پەروەردە، پزیشکی و زانستگای ئازادی ئیسلامی دەدرا کە دوو یەکەی خوێندنی زمان و ویژەی نەتەوە غەیرەفارسەکانی وەك ئازەری، کورد، بەلووچ و تورکەمەن لە زانستگاکانی ناوەندی پارێزگاکانی پەیوەندیداردا بە شێوەی دڵخواز بە وانەکانیان زیاد بکەن. بەڵام بە سەرنجدان بەوەی کە تەنانەت دانی مافی خوێندن بە زمانی زگماکی لە قۆناغەکانی خوێندندا لە چوارچێوەی بەندی پازدەی یاسای بنەڕەتیش کە تێدا هاتووە: «کەڵکوەرگرتن لە زمانە هەرێمی و قەومییەکان لە چاپەمەنی و ڕاگەیەنە گشتییەکان و وانەوتنەوەی ویژەکانیان لە خوێندنگاکاندا لە تەنیشت زمانی فارسی ئازادە»، تەنیا بەشێك لە ویست و داخوازی نەتەوە بندەستەکانی ئێرانە و ئەویش جێبەجێ نەکراوە، ئاخۆ ئەم بڕیارەی شووڕای بەرزی شۆڕشی فەرهەنگی چۆن دەتوانێ بڕیارێکی ئەوەندە گرینگ بێ کە بتوانێ ئەو نەتەوە خەباتگێڕانە رازی و بێدەنگ بکات؟!.

بێگومان بڕیارێکی ئەوتۆ ئەویش بەو شێوەیەی کە ئەوان دەیانهەوێ بەرێوەی ببەن بۆ فریودان و کەمترکردنەوەی زەخت و گوشارەکان بۆ سەر خۆیان نەبێ، هیچی تر نیە و ناتوانێ لە خانەی گرینگی پێدانی دەسەڵاتدارانی ڕێژیم بە زمانی زگماکی دابنرێ. پشتگوێ خرانی بەندی پازدەی یاسای بنەڕەتیش، یەکێك لە خاڵە هەرە بەهێزەکانی پێداگربوونی نەتەوە زۆڵملێکراوەکانی وڵاتەکەمان لە سەر خەبات بە دژی دەسەڵاتی نادادپەروەری ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانە و چاوەڕێ دەکرێ ئەم خەباتە هەموو ساڵێ لە رۆژی ٢١ی فێوریەدا، رەنگدانەوەیەکی دیار و بەرچاوتری هەبێ.

هەروەها رۆڵەکانی گەلی کورد و نەتەوە زوڵملێکراوەکانی دیکەی ئێران کە مافی خوێندن و نووسین بە زمانی زگماکییان لێ زەوت کراوە، جیا لەوەی کە دەتوانن رۆژی ٢١ی فێوریە بکەنە رۆژی دەربڕینی رق و بێزاریی خۆیان لە سیاسەتە دژی ئینسانییەکانی ڕێژیمی ئێران، لە هەمان کاتیشدا دەتوانن ئەو رۆژە بکەنە رۆژی ناساندنی زیاتری کولتوور و زمانی خۆیان بە بیروڕای گشتی و تەنانەت ڕێکخراوە کاریگەرە نێونەتەوەییەکان، کە ئەم هەوڵە هەرچەندیش نەتوانێ پاشەکشە بە ڕێژیمی ئێران لە بواری هەوڵدان بۆ تواندنەوەی کولتوور و زمانی نەتەوەکان بکات، لانیکەم دەتوانێ ئەگەرێکی بەهێز بێ بۆ پاراستن و تەنانەت گەشەکردنی زمان وەك کۆڵەکەی سەرەکیی شوناسی نەتەوەیی.

# سەرچاوەکانی ئەو شۆڕشەی کە فۆکۆ بە پۆست مۆدێڕنی دەزانی

■ گوڵاڵە کەمانگەر

سی وسێ ساڵ لەمەوپێش لە جەرگەی رووداوێکی جیددی لە کەشوهەوای سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئێراندا، فەیلەسووفێکی فەڕانسەیی هاتە ئێران و خۆشحاڵ و شاگەشکە لە دۆزینەوەی نموونەیەك بۆ ئایدیاکانی خۆی، کتێبێکی نووسی بە ناوی «ئێرانییەکان بیر لە چی دەکەنەوە». ئەم فەیلەسووفە میشل فۆکۆ، یەکێك لە نووسەرە بەناوبانگەکانی پۆست مۆدێرنیزم بوو کە پێش لە شۆڕش و لە چەند سەفەرێکدا نێوەڕۆك و چییەتیی شۆڕشی ئێرانی تاوتوێ کردبوو.

ئاکامی تاوتوێکانی ئەو ئەگەرچی بۆ خۆیشی نادیار و ناڕوون بوو و هەرگیز تێنەگەیشت کە ئێرانییەکان بیریان لە چی دەکردەوە! بەڵام سەرەڕای ئەوە دەستی کرد بە ڕێزگرتن و سەری ڕێز دانەواندن بۆ شۆڕشێك کە بە خەیاڵی ئەو شۆڕشێکی پۆست مۆدێڕنیستی دەهاتە ئەژمار. فۆکۆ هەمیشە لە وەڵامی ئەو کەسانەی کە لە بارەی پێکهاتنی سیستمێکی دواکەوتوو و فاشیستی هۆشداریان پێ دەدا و ئەوەیان دەخستە بەر پرسیار و رەخنە، بێدەنگی دەگرتە پێش و تەنیا یەك شتی دەگوت ئەوەش ئەوە بوو، ئەوە باسی ئەو کاتە( واتە کاتی پێکهاتنی شۆڕش لە دوا مانگەکاندا ) یە، بۆیە هەرگیز بیری لە ئاکامەکانی ئەو رووداوانەی لە ئارادا بوون نەکردبووەوە.

فۆکۆ سەبارەت بە کەسایەتیی ناوازەی خومەینی دەنووسێ کە بە هۆی لایەنی رۆحانی و مەعنەویی کەسایەتییەکەیەوە هەرگیز دەوڵەتێك بە ناوی ئەو پێك نایەت! لە بارەی تایبەتمەندییەکانی ئیسلامی سیاسی و حکوومەتی ئیسلامی نووسی و رۆڵی گرینگی ئەو حکوومەتە بۆ گەڕاندنەوەی مەعنەوییەت بە دنیای بێ‌مانابووی رۆژئاوا، لە بارەی هزری شیعە و باوەڕ بە ئیمامی زەمان و ئەو خۆڕاگرییە کە بە خەڵکی شیعە دەبەخشێ نووسی و هەروەها لە بارەی کۆتاییهاتنی سەردەمی مۆدێرن و شۆڕشە مۆدێڕنەکان نووسی و شۆڕشی ئیسلامیی ئێرانی وەکوو ئاڵاهەڵگری وەرچەرخانی جیهانی بۆ تێپەڕبوون لە مۆدێڕنیتە ناودێر دەکرد، بەڵام لە هەمان یەکەم مانگەکانی سەرکەوتنی شۆڕش و لە رەوتی ئێعدامەکان و دەستبەسەرداگرتنە شۆڕشگێڕییەکانی دەوڵەتی کاتیدا، کەوتە بەر هێرشی رەخنەی دنیا و دیارە هیچ وەڵامێکی نەبوو و هیچ کارێکیشی نەکرد جگە لە نووسینی نامەی سەرئاوەڵا بۆ بازرگان، نامەگەلێك کە ئاکامی شکستی ئەو خەونە بوو کە ئەویش خۆی بە بەشداری دەزانی، ئەو خەونەی کە فۆکۆ گەرەکی بوو خۆی وەکوو بنیاتنەری ئیدەکەی لە رۆژئاوادا بناسێنێ و شکستی کۆتایی مۆدێڕنیتە رابگەیەنێ.

کێشەی سەرەکیی فۆکۆ لەوێوە دەهات کە ئەو بەپێی چییەتیی ئەو ڕێبازە هزرییەی کە بەستراوە بوو پێیەوە واتە پۆست مۆدێڕنیزم تەنیا بە دژایەتیکردن لەگەڵ مۆدێڕنیزم گرینگی دەدا و لایەنە سەلبییەکانی شۆڕشی ئێرانی دەبینی، ئەو لایەنانە کە لەگەڵ بیری پۆست مۆدێرنی ئەو دەهاتنەوە، بەڵام هەرگیز بیری لە لایەنە ئیجابییەکانی نەکردبووەوە.

هەر بەو جۆرە کە پۆست مۆدێڕنیزم هیچ ئاڵترناتیڤێکی روون و شیاوی بۆ مۆدێڕنیتە نیە و تەنیا کاری رەتکردنەوە و حاشاکردن لە مۆدێڕنیزم و مۆدێڕنیتەیە، فۆکۆیش تەنیا چاوی بڕیبووە لایەنە سەلبییەکانی شۆڕشە پۆست مۆدێڕنیستەکەی خۆی! و کاتێك کە لەگەڵ لایەنی ئیجابی شۆڕشدا بەرەوڕوو بوو خۆی لە یەکەمین کەسانێك بوو کە حەپەسا!

لایەنی سەلبی شۆڕش بە نیسبەت رۆژئاوا رەتکردنەوە و هەڵوەشاندنەوەی هەموو نۆرم و یاساکانی دنیای مۆدێڕن کە بە دنیای ئیمپریالیستی دەناسرا، بوو. لایەنی ئیجابیش پێکهێنانی یاسای جیاواز و گرتنەپێشی هەڵسوکەوتی رۆژئاوا لە بیاڤی سیاسەت و حکوومەتداریدا بوو.

یەکەم نیشانەکانی ئەم بۆچوون و هەڵسوکەوتە جیاوازە لە سەرەتاوە خۆی نواند. ئێعدامی بەربڵاو، داگیرکردنی باڵوێزخانەی ئەمریکا، تێرۆری بەردەوامی ئۆپۆزیسیۆن لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران و پێکهێنانی هێزی سەربازی لە وڵاتانی دیکەدا.

ئاوەها بوو کە شۆڕشی پۆست مۆدێڕنیستی فۆکۆ لە کۆمەڵگایەکدا کە هێشتا هیچ تێگەیشتن و ئەزموونێکی روونی لە مۆدێڕنیزم نەبوو، بووە هۆی خوڵقانی کەشوهەوایەکی پێش مۆدێڕن و سەدەنێوەڕاستی لە ئێراندا.

ئەمڕۆ سەرەڕای تێپەڕبوونی ٣٣ ساڵ لە تەمەنی حکوومەتی دینی و دەرکەوتنی رواڵەتی ئیسلامی سیاسی، سەیر ئەوەیە کە خەڵکی ناوچەکە هێشتا خولیای حکوومەتی ئیسلامییان هەیە و لەو دارمانە گشتگیر و هەمەلایەنەی کۆمەڵگای ئێرانی پاش شۆڕشی ئیسلامی دەرسیان وەرنەگرتووە و وەدوای دووپاتکردنەوەی هەمان ئەزموون کەوتوون.

لە پاڵ یەکدانانی رەوتی رووداوەکانی ئێران لە سەردەمی شۆڕشی ٥٧ و ئەو شتانەی کە کۆمەڵگای عەرەبی ئێستا لەگەڵیدا بەرەوڕووە، بینەر ناچار دەکات تا بە دوای هۆکارێکی بنەمایی و سەرەکی بۆ ئەو مەسەلەیە بێت. ئەو هۆکارەی کە کۆمەڵگای موسڵمان تا ئاستی کردەوەیەکی وەها خۆکوژانە دەبات.

دیارە کۆکردنەوەی هەموو هۆکارەکانی روودانی شۆڕش ( ئەویش ئاوەها شۆڕشێك) لە یەك هۆکاردا نە دەکرێ و نە کارێکی ئاوەزمەندانەیە، بەڵام یەکێك لە هۆکارە بنەماییەکان بێ شك رووبەڕووبوونەوەی جیددی لە نێوان ئیسلام و مۆدێڕنیتەیە. ئەو رووبەڕووبوونەوەیە کە هەمیشە لە بیرکراو و بێ‌دەنگی لێ کراوە و لە ئاکامدا خوڵقاندنی وەزعییەتی وەهای لێ کەوتۆتەوە.

زۆرێك لە بیرمەندانی مۆدێڕنی دنیای ئیسلام لە توێژینەوە تیۆریکەکانی خۆیاندا سەبارەت بە بنەماکانی ئیسلام و رۆحی دنیای مۆدێڕن و بایەخە مرۆییەکانی ئاماژەیان بەوە کردووە کە پارادۆکسێکی ئەوتۆ لە نێوانیاندا نیە و هەر بۆیە هەوڵیان داوە بۆ پێکهێنانی دۆستایەتی لە نێوان ئەم دوو دنیایەدا و ئۆتۆپیای ئەم بیرمەندانە خوڵقانی شتێك بە ناوی ئیسلامی دێموکراتیك یان دێموکراسیی ئیسلامییە. بەردی بناغەی ئەم عەقڵییەتە لە ئێراندا لە لایەن عەلی شەریعەتی دانرا. شەریعەتی وێڕای هێرشی توند بۆ ئیمپریالیسم و رەخنەگرتن لە مۆدێڕنیتە و مەحکوومکردنی دەسکەوتەکانی، ڕێگەچارەی لە ئیسلامدا دەبینی و چەمکگەلێك وەك شەهادەت و ئیمامەت و تۆڵە و شۆڕشی عەمار و یاسر و ئەبووزەڕ لە زمانی ئەوەوە بوو کە خرانە نێو مێشکی لاوەکانی ئێرانەوە. لە راستیدا یەکەم بەردەکانی ئەو بینا چەوتە کە ناوی کۆماری ئیسلامی لێ نرا لە لایەن شەریعەتی دانرا و هەر ئەو بوو کە مارکسیزمی شێعی (کە ساختەی خۆی بوو) بە توێژی نێونجی ئێرانی ئەو کاتە ناساند.

شەریعەتی لە هەنگاوی دووهەمدا دەستی کرد بە چاکسازی و پێداچوونەوەی دین بۆ سڕینەوەی ئەو شتەی کە خۆی پێی دەگوت «تەشەیۆعی سەفەوی»و جێگیرکردنی «تەشەیۆعی عەلەوی» لە جیاتی ئەوە. خولیایەك کە نە تەنیا جێبەجێ نەکرا بەڵکوو ئەوی لە هەر دوولا خستە بەر هێرش و توانجەوە. شەریعەتی بە تەنیا خۆی لە دوو بەرەدا خەباتێکی قورسی دەست پێ کردبوو. دژایەتی لەگەڵ رۆژئاوا و مۆدێڕنیزمدا و لە هەمان کاتدا، خەبات بە دژی ئەو ئیسلامە کە بوونی بەستراوی ئەو ڕێوڕەسمانەیە کە شەریعەتی بە خورافەی دەزانی.

وەك شەریعەتی لە دنیای ئیسلامدا کەم نەبوون، بەڵام هەمیشە شکستیان هێناوە چونکوو توێژی بەڕێوەبەری دین واتە مەلاکان و ئەو مێکانیزمگەلەی کە ئەوان کەڵکیان لێ وەردەگرن لە بەرچاو نەگرتووە.

بەڕێوەبەرانی دین قەت ناتوانن لەو ئیسلامەی کە وەك شەریعەتی پێناسەی دەکەن پشتیوانی بکەن، بەو هۆکارە سادەی کە لە پێناسەی کەسانی وەکوو شەریعەتی بە نیسبەت رۆڵی ئەوانەوە، جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ رەوتی مۆدێڕنیزمدا نیە.

مەلاکان کە لە رەوتی گۆڕانە مۆدێڕنیستییەکان لە کورسی فێرکاری و کورسی دادوەری کە ئیشی هەمیشەییان بوو، بێبەش کران و کورسی مزگەوت وەکوو دواسەنگەر مایەوە بۆیان. بۆیە هەرگیز فۆرمێك لە ئیسلام کە دیندارەکان لە شوێنە ئایینی و دینییەکان دوور دەخاتەوە پەسەند ناکەن و پشتیوانیشی لێ ناکەن. کەوابوو یەکەم دوژمنی دەمارگرژی، ئیسلامی عەقڵانی و هزری (ئەگەر لە دنیای واقیعدا شتێکی وا بوونی هەبێ) بەڕێوەبەرانی دین و توێژی مەلان کە دەماری هەست و سۆزەکانی کۆمەڵگاشیان لە دەستدایە. ئیسلام دینێکە کە ڕێکخستنێکی تایبەت و تۆکمەی هەیە. بە شێوەیەك کە دەتوانێ شوێنکەوتووەکانی خۆی هەر حەوتوو کۆ بکاتەوە و هانیان بدات بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خاوەن مینبەرەکان و بەربەرەکانێ لەگەڵ هەر چەشنە هەڕەشەیەکی فیکری بۆ سەر ئەوان.

خەڵکانی وڵاتانی ئیسلامی تا کاتی بوون و نفووزی ئەم کۆبوونەوە حەوتووانە هەمیشە لە مەترسی وەزعییەتێکی وەك ئێستای ئێراندان. ئەو وەزعییەتەی کە لە میسر و لیبیدا خەریکە سەر لە نوێ دەخولقێتەوە.

مۆدێڕن بوون و ژیانی مۆدێڕن، ئەو ژیانەی کە لەودا پسپۆڕی و فێرکاری زانستی و زانستگایی رۆڵی سەرەکی هەیە و فێرکاری لە مزگەوت دەگوازێتەوە بۆ قوتابخانە و زانکۆ و کاروباری دادوەری لە دەستی مەلا دەردێنێ و دەیسپێرێ بە قازی و پارێزەری خوێندەوار.

ئەم ژیانە دوژمنی هەمیشەیی و ئاشتیهەڵنەگری بەڕێوەبەرانی دین و مینبەرە.

خولیای پێکهاتنی ئیسلامی دێموکراتیك و میانەڕۆ تا کاتێك توێژێك هەیە کە بەرپرسایەتی شوێنە پیرۆزەکان بە ئەرك و مافی خۆی دەزانێ، خولیایەکی گەشبینانە و تراویلکەیەکی فریودەرە کە باوەڕمەندانی خۆی بەرەو سەرەڕۆییەکی سەدە نێونجی پاڵ پێوە دەنێ.

بەڵێ شۆڕشی ئیسلامی جگە لە هەموو هۆکارە ئابووری و سیاسییە نێوخۆیی و نێودەوڵەتییەکانی خۆی، بەرهەمی بەرەوڕووبوونەوەی دنیای نەریتی پشتبەستوو بە مەزهەب لەگەڵ ئەو دنیایەیە کە هۆگری گەشە و مۆدێڕنبوونە.

مۆدێڕنبوونێك کە ژیانی مشەخۆرانی دین لە هەر کاتێکدا کە بێت دەخاتە مەترسییەوە، بۆیە بە هەموو هێز و توانای خۆیانەوە دژایەتی لەگەڵ دەکەن.

# هەڵبژاردن و خەباتی مەدەنی

■ ئاگری ئیسماعیل نژاد

هەڵبژاردن لە وڵاتانی دێموکراتیك دەرفەتێکی سیاسییە کە یاسا بە جەماوەری کۆمەڵگای دەدا بۆ دیاریکردنی چارەنووسی دەسەڵات و داهاتووی سیاسی و هەر بۆیە بەشدارینەکردن لەو چەشنە هەڵبژاردنەدا لە راستیدا کەڵکوەرنەگرتن لە دەرفەتێکی سیاسییە.

بەڵام هەڵبژاردن لە ئێراندا ناکرێ وەك دەرفەتێکی سیاسی پێناسە بکرێت و لە راستیدا هەڵبژاردن لە لایەن رێژیمەوە وەك دەنگدان بە رەوایی خۆی دادەنرێ و بۆیە دەکرێت ئەو هەڵبژاردنانەی کە لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامیدا بەرێوە دەچێت وەك دەرفەتێك بۆ برەودان بە خەباتی مەدەنی سەیر بکرێت.

لەم وتارەدا هەوڵ دەدین چەند خاڵێك بۆ خەباتی مەدەنی لە کاتی هەڵبژاردنەکانی مەجلیس لە ئێراندا دیاری بکەین.

بەگشتی هەڵبژاردن وەك کات ئەگەر باسی بکەین دەکرێت دە رۆژی بەر لە رۆژی دەنگدان، وەك کات و دەرفەتی هەڵبژاردن سەیری بکرێت و هەر ئەو دە رۆژەش دەبێ وەك دەرفەت بۆ خەباتی مەدەنی لەبەرچاو بگیرێت.

سەرەتا دەچینە سەر باسی ئەو هەوڵانەی کە کۆماری ئیسلامی دەیدا بۆ گەرم نیشاندان و بردنەسەری ئاستی دەنگەکان لە هەڵبژاردنەکانی مەجلیسدا.

١: برەو بە هەستی ناوچەگەری دەدا، ئەگەر روونتر باسی بکەین دەبێ بڵێین کە لە هەڵبژاردنەکاندا دوو پاڵێوراو هەیە بە تایبەتمەندیی جیاواز کە ئەو جیاوازییە وەك دژایەتی باس دەکرێت بۆ وێنە: شارستانی و دێهاتی، رێژیم هەوڵ دەدا لەو رێگایەوە کەسانێك بە دڵسۆزی شار دانێ و هێندێکیش وەك پارێزەری بەرژەوندییەکانی دێهات حیساب بکات.

هێندێ تایبەتمەندی کە لە کاتی هەڵبژاردن هەوڵ دەدرێت باسیان بکرێت تا لەو رێگەیەوە سەرنجی چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگا بۆ هەڵبژاردن راکێشرێت برتین لە فەقیر و دەوڵەمەند و خوێندەوار و نەخوێندەوار و ئاغا و رەعییەت و ...

بەڵام باسکردن لەو جۆرە مەسەلە تاکییانە تەنیا بۆ دوو هۆکارە: یەکەم، ئاڵۆزییەك لە نێو باسەکانی کاتی هەڵبژاردن ساز بێت بۆ ئەوەی کەمتر بایەخ بە باسە سەرەکییەکان بدرێت.دووهەم، بە هێنانەکایەی ئەو جۆرە مەسەلانە دەنگدەر روانینی بۆ هەڵبژاردن لە روانینێکی سیاسییەوە دەگۆڕدرێت بۆ روانینی نۆستالۆژیك و ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە گەلاڵە و بەرنامەکانی پاڵێوراوەکان بایەخیان پێنەدرێت و دواتریش کەس باس لە بەرێوەبردن یان نەبردنی ئەو گەلاڵانە نەکات کە بەر لە هەڵبژاردن بانگەشەیان بۆ کراوە. دروشمی «رەسوڵی چوپانی» لە هەڵبژاردنی خولی دووهەمی شوورا لە بۆکان یەکێك لە بەرچاوترین دروشمەکان بوو کە دەیگوت: خۆ هەموو دزن با ئەمجارە من بیدزم و لە فەقیری رزگارم بێت. هەر ئەوە بوو بە هۆی ئەوەی ١٤هەزار دەنگ لە هەڵبژاردنەکاندا بێنێتەوە کە ٥ هەزار دەنگ لە کەسی دوایی خۆی لە پێشتر بوو.

لەو شوینانەی کە دوو نەتەوە دەژین یان دوو شار یەك نوێنەریان هەیە، ئەو شێوازەی رێژیم زۆر بەربڵاوتر و ئاڵۆزترە.

٢: دەسەڵات لە ماوی ئەو دە رۆژەدا رێ بە پاڵێوراوەکان دەدا کە لە چەمکی جیاواز بۆ راکێشانی خەڵك بۆ سەر سندووقی دەنگدان کەڵك وەرگرن بۆ وێنە لە کوردستان بە بەرینی دروشمی کوردایەتی دەدەن و مافی کوردان بە رەوا دەزانن، تەنانەت لە هەڵبژاردنی مەجلیسی هەشتەمدا لە بۆکان لە ناوەندی پروپاگەندەی هەڵبژاردنی پاڵێوراو «دوکتور قەسیمی عوسمانی» پێشکەشکارەکەی ناوی ئەو پاڵیوراوەی بە بەردەوامی لەگەڵ ناوی شاعیری ناوداری موکریان، ئەبوالحەسەنی سەیفوقوزات و پێشەوا قازی دەهێنا و ئەو پاڵێوراوەی بە درێژەدەری رێگەی ئەو دوو کەسایەتییە دادەنا.

ئەوە سەرەرای ئەوە بوو کە لە سەرجەمی ناوندەکانی پروپاگەندە بۆ هەڵبژاردن، پاڵێوراوەکان بە دڵسۆزی کورد و کوردپەروەر دادەنران و کەڵك لە دروشم، پۆستێر و پلاکاردی کوردی وەردەگیرا.

**هەڵبژاردن لە ئێراندا ناکرێ وەک دەرفەتێکی سیاسی پێناسە بکرێت و لە راستیدا هەڵبژاردن لە لایەن رێژیمەوە وەک دەنگدان بە رەوایی خۆی دادەنرێ**

٣: هەبوونی روخساری نوێ لە نێو پاڵێوراوەکاندا، بۆ وێنە لە هەڵبژاردنی خولی هەشتەمی مەجلیس لە هەموو شارەکانی کوردستان کەسانێك بە مەدرەکی خوێندنی باڵاوە بەشدار بوون.

٤: لەخواربوونی تەمەنی هەڵبژاردن لە ئێران، تەمەنی دەنگدان لە ئێران ١٥ساڵە و رێژیم لە راگەیەنە سەراسەرییەکاندا پتر ئەو چینە دەدوێنێ و پاڵێوراوەکانیش بەڵێنی دابینکرنی یانە و جلوبەرگی وەرزشی و شتی وا بەو توێژە دەدەن.

سەرەرای ئەوەش بۆ راکێشانی ئەو چینە بۆ ناوەندەکانی هەڵبژاردن کەڵك لە مۆسیقا و گۆرانی و ... وەردەگرن.

٥: لە هەموو خولەکانی هەڵبژاردندا رێژیم هەوڵی ئەوە بووە کە بە بڵاوکرنەوەی هێندێ قسەلۆکی وەك : ئەگەر کەسێك مۆر بە پێناسەکەیەوە نەبێت ناهێڵن بچێتە زانکۆ، کۆپینی نادەنێ، داینامەزرێنن، دەریدەکن لەسەر کار و.... خەڵکێکی زۆری کێشاوەتە سەر سندووقی دەنگدان. دیارە ئەو بەشە لە ئاکارەکانی رێژیم بە دەست کەسانێك و بەشێوەی نافەرمی بڵاو دەبێتەوە بەڵام کۆمەڵێك خەڵکی ساویلکەش ناراستەوخۆ لە بڵاوکرنەوی ئەو قسەلۆکانە یارمەتی رێژیم دەدەن.

٦: دانی کەلوپەل و شتومەکی خواردن بە چینی هەژار و خوارەوەی کۆمەڵگا بە مەبەستی راکێشانی ئەو چینە بۆ دەنگدان کە لە لایەن پاڵێوراوەکانەوە بەرێوە دەچێ.

٧: بەڵێندان بە کەسانێکی خوێندەوار بۆ دامەزراندنیان یان بەرزکردنەوەی پلەوپایەکەیان لە ئیدارەکاندا لە لایەن پاڵێوراوەکانەوە.

لە کاتی هەڵبژاردن بەگشتی لە ئێران و بە تایبەتی لە کوردستان دەسەڵاتداران و پاڵێوراوەکان هەوڵیان ئەوە بووە لەو رێگایانەی کە لە سەرەوە باسمان کرد خەڵکێکی زۆرتر بۆ سەر سەندوقەکانی دەنگدان راکێشن و وەك باسمان لێکرد هەڵبژاردن ١٠ رۆژ دەخایەنێ و دوایین رۆژ بە دەنگدان کۆتایی دێت کاتێ کە باس لە خەباتی مەدەنی لە کاتی هەڵبژاردندا دەکەین مەبەست تەنیا دەنگ نەدان نیە و چالاکی جیاواز لە ماوەی ئەو١٠ رۆژی هەڵبژاردن مەبەستە.

پێویستە کە بەشدارینەکردن لە هەڵبژاردن وەك کۆی چەند چالاکییەکی خەڵکی ببیندرێ کە دەکرێ هێندێکیان ئەمانە بن.

١: ئەو موڵك، دوکان و ماڵانەی کە بۆ دامەزرانی ناوەندی پروپاگەندەی پاڵێوراوەکان بەکاری دێنن لە لایەن خاوەنەکانیانەوە نەخرێنە بەر دەست پاڵێوراوەکان.

٢: باس لە بێکەڵکبوونی هەڵبژاردن بکەن و هەوڵ بدەن پتر باسی قەیرانەکانی کۆمەڵگا بکەن.

٣: بە هیچ شێوەیەك رێ نەدن کە هاوشاری، هاوناوچەیی، هاوعەشیرەتی، خوێندەواری، هاوزمانی بوون ببێتە دەروشمێ بۆ بەشداریکردنی خەڵك لە هەڵبژاردندا. واتە رێ نەدرێ کە هەڵبژاردن لە پرۆژەیەکی سیاسییەوە بۆ پرۆژەیەکی نۆستالۆژیك بگۆڕدرێت.

٤: ئەو لاوانەی کەمتر لە ٢٠ ساڵ تەمەنیان هەیە با لە لایەن بنەماڵەکەیانەوە بۆیان روون بکرێتەوە کە بە هۆیی رێوشوێنەکانی یاسای بنەرەتی ئەو رێژیمە، بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکاندا لە راستیدا کڵاوسەرخۆنانە و بە وردی ئاگاداری بارودۆخی نالەباری سیاسی و ئابوری ئێران بکرێن و داوایان لێبکرێت کە سەردانی ناوەندەکانی پروپاگەندەیی هەڵبژاردنی پاڵێوراوەکان نەکەن.

٥: گرینگترین رواڵەت بۆ بەشداریکردنی خەڵك لە هەڵبژاردنەکاندا بۆ رێژیم ئەو کۆڕ و کۆبوونەوانەن کە لە بەر ناوەندەکانی پروپاگەندی هەڵبژاردنی پاڵێوراوەکان دەگیرێن، بۆیە لە چوونەدری ناپێویست و لە کۆبوونەوە لە بەر ئەو ناوەندانە خۆیان بپارێزن و لە کاتی چوونەدەریش روو بکەنە پارك و شوێنە گشتییەکانی دیکە.

٦: لە کاتی باسکردن لە بەڵێن و وەعدەی گەورە ئەگەر بۆیان گونجا لە پاڵێوراوەکە بپرسن کە چۆن ئەو بەڵێنانە دەباتە سەرێ.

بەو چەند رێوشوێنە دەکرێت هەڵبژاردنی مەجلیس لە ئێران بکەینە دەرفەتێك بۆ برەودان بە خەباتی مەدەنی و دەربرینی نارەزایەتی دژی رێژیم.

# ڤێتۆی چین و رووسیە، مۆڵەتێک بۆ کوشتاری زیاتری خەڵکی سووریە

■ دارا ناتق

ماوەی زیاتر لە ١١ مانگە کە خەڵکی راپەریو و ئازادیخوازی سووریە بە شێوەیەکی هۆڤانە و دوور لە هەر چەشنە یاسا و رێسایەکی مرۆڤی، لە لایەن رێژیمی دیکتاتۆر و خوێنمژی بەشار ئەسەدەوە، بە توندترین شێوە سەرکوت دەکرێن و رۆژانە بە دەیان کەس لە خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئەو وڵاتە بە دەستی هێزە مرۆڤکوژەکانی ئەو رێژیمە و بە هاوکاریی لۆجیستیکیی سوپای قودسی ئێران و حیزبوڵڵای لوبنان دەکوژرێن. بەپێی ئامارەکانی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان تەنیا لە دەستپێکی خۆپێشاندانەکانی گەلی سووریە لە ماوەی ١١ مانگی رابردوودا، زیاتر لە ٦٠٠٠ هاوڵاتیی مەدەنیی سووریە بوونەتە قوربانی کە رێژەیەکی بەرچاویان ژن و منداڵن.

پەرەسەندنەوەی رۆژ لە رۆژ زیاتری کوشتار و توندوتیژییەکانی دەوڵەتی سووریە لە هەمبەر خەڵکی سڤیل و ئازادیخوازی ئەو وڵاتە و لە هەمان کاتدا هەڵوێستی بێشەرمانە و دوور لە پرنسیپە مرۆڤییەکانی وڵاتانی چین و رووسیە، بە تەواوی کۆمەڵگای مرۆیی تووشی شۆك و سەرسوورمان کردووە و بۆتە هۆی نیگەرانی و نارەزایەتیی بیرورای گشتی. دوای هەوڵە بێئاکامەکانی کۆمکاری عەرەبی بۆ کوتاییهێنان بە توندوتیژییەکانی سووریە و راگرتنی ماشینی سەرکوت و کوشتاری هۆڤانەی رێژیمی ئەسەد، بە ناچار کەیسی ئەو وڵاتە لە لایەن کۆمکاری عەرەبییەوە، رەوانەی شوورای ئەمنییەت کرا. رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیش لە رێکەوتی ١٦ی رێبەندانی ئەمساڵدا، بە مەبەستی راگرتنی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ، کوشتاری هاووڵاتییانی مەدەنی، گرتن و ئەشکەنجەکردنی خۆپێشاندەران، رۆژنامەنووسان و چالاکانی سیاسی و مەدەنی، توندوتیژیی هێزە ئەمنییەتییەکانی رێژیم و کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی ماوەبەسەرچووی بەشار ئەسەد و پێکهێنانی حکوومەتێکی دێموکراتیك و نیشتمانی، بریارنامەیەکی ئامادە کردبوو کە بە داخەوە بە هەڵوێستگرتنی نابەرپرسیارانەی دەوڵەتەکانی چین و رووسیە ڤیتۆ کرا. هەڵوێستێك کە بوو بە هۆی بێزاریی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی و هەروەها نارەزایەتیی خەڵکی دێموکراسیخوازی سووریە و لە هەمان کاتیشدا، دانی مۆڵەتێکی زیاتر بە رێژیمی مرۆڤکوژی ئەسەد بۆ سەرکوت و کوشتاری زیاتری خەڵکی سڤیل و مافخوازی ئەو وڵاتە.

لە کاتێکدا کە بیرورای گشتی و بەتایبەتی گەلانی راپەریو و ئازادیخوازی سووریە چاوەروانی بریارنامەی ئەنجوومەنی ئاسایش بوون، بۆ راگرتنی کوشتار و توندوتیژییەکانی ئەو وڵاتە و کوتاییهێنان بە دەیان ساڵ دەسەڵاتی داسەپاو دیکتاتۆری بنەماڵەی بەشار ئەسەد و جێگیرکردنی ئاشتی و ئازادی لە وڵاتی دیکتاتۆرلێدراوی سووریەدا، مخابن دەوڵەتی چین و رووسیە جارێکی دیکە چاوی خۆیان لە تراژیدیایەکی دیکەی مرۆڤی نووقاند و پاراستنی بەها مرۆڤییەکان و کەرامەتی ئینسانەکانیان کردە قوربانیی ساتوسەودای بازرگانی و بەرژەوندییە ئابوورییەکانیان لەگەڵ دەوڵەتی دیکتاتۆر و مرۆڤکوژی سووریە و لە تاوان و جنایەتەکانی ئەو رێژیمەدا بوون بە هاودەست. بێگومان هەڵوێستی نابەرپرسیارانەی ئەم دوو دەوڵەتە نە تەنیا یارمەتی بە راگرتنی رەوتی کوشتار و سەرکوتی نامرۆڤانەی رێژیمی بەشار ئەسەد لە هەمبەر خەڵکی سڤیلی ئەو وڵاتە نەکرد، بەڵکوو بوو بە هۆی پەرەگرتنی زیاتری توندوتیژییەکان و کوشتاری زیاتری خۆپیشاندەران. هەڵوێستێك کە متمانە و هەیبەتی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانی بردە ژێر پرسیار و بوو بە هۆی توورەیی خەڵکی مافخواز و وەزاڵەهاتووی سووریە و مەحکوومییەتی ئەو وڵاتانە لە لای ئەو وڵاتانە لە لای بیرورای گشتی لێکەوتەوە. هەڵوێستێك کە تەنیا لەگەڵ پێشوازیی گەرمی دۆست و هاوپەیمانی نزیکی ئەو رێژیمە واتە کۆماری ئیسلامی لە ئێران و گرووپە توندرەوەکانی وەك حیزبوڵڵا و حەماس و هتد...، کە پلاندارێژ و یارمەتیدەری سەرەکیی هێزە سەرکوتکەرەکانی رێژیمی سوورییەن، بەرەروو بوو. هەڵوێستێك کە رەوتی رووداوەکان لە سووریەدا بەرە و قەیرانێکی ئاڵۆز و شەرێکی تایفی و نەخوازراو دەبات، واتە لە لایەك بەرەی دێموکراسیخواز لە ئاستی جیهانیدا تەقوییەتی خۆپێشاندەران و خەڵکی ئازادیخوازی ئەو وڵاتە دەکات و لە لایەکی دیکەوە بەرەی بەرژەوەندیخواز و دژە مرۆیی، هەوڵ دەدات بۆ مانەوەیی رێژیم و سەرکوتی بێرەحمانەی خەڵکی مەدەنی. هەنووکە زۆرێك لە وڵاتانی جیهان و ناوچە، بەتایبەتی وڵاتانی عەرەبی بە نیشانەی نارەزایەتی لە بەردەوامبوون و پەرەگرتنی رەوتی کوشتار و سەرکوتی خەڵکی سووریە، باڵوێزەکانی خۆیانیان لەو وڵاتە کێشایەوە و بازنەی تەحریمەکان بۆ سەر ئەو وڵاتە رۆژ لە دوای رۆژ بەرفراوانتر دەبێت و هەوڵدان بۆ ئاساییکردنەوە و راگرتنی توندوتیژییەکانی سووریە لە ئاست بیرورای گشتیدا بەردەوامە. لە لایەکی دیکەوە کۆماری ئیسلامی و هاوبیرانی بە هەموو شێوەیەك بۆ پاراستنی دەسەڵاتی دیکتاتۆری ئەسەد و سەرکوتی بێرەحمانەی خەڵکی نارازی تێدەکۆشن.

هەڵوێستێك کە نەتەنیا هیچ کاریگەرییەکی لە سەر دامرکاندنی هەستی ئازادیخوازانەی خەڵکی راپەریوی ئەو وڵاتە دانەنا، بەڵکوو ئەم گەلە، وێرای مەحکوومکردنی هەڵوێستی نابەرپرسیارانەی چین و رووسیە، بەگورتر لە رابردوو هاواری مافخوازانەی خۆیان بەرز کردۆتەوە و هەنووکە بە پشتبەستن بە هێز و ئیرادەی ئازادیخوازانەی خۆیان و سەرەرای کوشتار و توندوتیژییەکانی هێزە مرۆڤکوژەکانی رێژیمی ئەسەد، خەبات و تێکۆشانی هەقخوازانەی خۆیان لە پێناو نەهێشتنەوەی دیکتاتۆری و جێگیرکردنی ئاشتی و ئازادی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و گەیشتن بە ئامانجە بەرزە مرۆییەکانیان درێژە پێ دەدەن. هەروەها بە درێژەدان بە فیداکاری و گیانبازیی خۆیان لە پێناو نەهێشتنەوەی دیکتاتۆریدا، نیشانیان دا کە ئەوانەی لە پێناو پاوانخوازی و بەرژەوەندییەکانیاندا، ساتوسەودا لەسەر مافی مرۆڤ و بەها و کەرامەتی ئینسانەکان دەکەن، ریسوا و شەرمەزاری مێژوون.





**بۆ هاوکاریی زیاتری هێزە دێموکرات و پێشکەوتووەکانی ئێران تێبکۆشین**

# KURDISTAN


Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan

No: 575 ▪ 19 Feb 2012

رۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr

مامۆستا ئیبراهیم یوونسی



بانە، ٢١ی ڕێبەندانی ١٣٩٠ . ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنی تەرمی مامۆستا ئیبراهیم یوونسی، گەورەوەرگێڕ و نووسەری کورد

# جوولی خوازیاری دەستێوەردانی نێونەتەوەیی لە بارودۆخی سووریەیە



ئانجێلینا جوولی، ڕۆژی سێشەممەی حەوتووی ڕابردوو فیلمەکەی بە ناوی «لە سەرزەوینی خوێن و هەنگوین» لە بوسنی نمایش دا، فیلمێك کە بە هۆی داستانێکی عاشقانە لە نێوان پیاوێکی سێربی بوسنیایی و ژنێکی موسوڵمانی بوسنیاییدا تیشك دەخاتە سەر ئەو تووڕەییە ئیتنیکییەی کە هێشتا وەکوو پاشماوەی شەڕی دڕندانەی نێوخۆیی ماوەتەوە.

هەواڵدەریی ئاسۆشییەتێد پرێس بڵاوی کردەوە کە جوولی کە لەگەڵ هاوسەرەکەی، برات پیت گەیشتە سارایۆبۆ، پێتەختی بوسنی، لە لایەن ئاپۆرایەکی پێنج هەزار کەسی لە خەڵکی بوسنایییەوە پێشوازی لێکرا، خەڵکێك کە دەیانزانی دەیانگەڕێنێتەوە بۆ بیرەوەرییە ئازاردەرەکانی شەڕە خوێناوییەکەی ٩٥_١٩٩٢ی ئەو وڵاتە. ئەو لە کۆتایی نمایشی فیلمەکەیدا، لە کاتێکدا فرمێسکی دەڕشت، وتی: «هاوبەشیکردنی ئەمە لەگەڵ ئێوە وەك ئەوە وایە کە جیهانیان بە من دابێ».

ئەو لە بەشێك لە قسەکانیدا بە ئاماژە بە لێکچوونی ئەو کوشتارەی لە بوسنی کرا لەگەڵ ئەو کوشتارەی لەم ڕۆژانە لە سووریە دەکرێ، وتی: «من بەوە ڕازیم کە دروستمان کردووە، هەست بە بەهێزبوونێکی زۆر لەو بارەوە دەکەم و لەو باوەڕەدام کە مەسەلەی بنەڕەتی، پێویستی دەستێوەردان و پێویستی ئەوەیە کە جیهان ئاگاداری ئەو دڕندەییانە بێ کە ڕوو دەدەن، ئەم فیلمە زۆر لە کاتی خۆیدا بوو، بەتایبەت بەو ڕووداوانەی ئیمڕۆکە لە سووریە ڕوو دەدەن.»

# ورچە زێڕین و زێوینەکان چاوەڕوانی براوەکانی بێرلینانە دەکەن




شەست و دووهەمین فێستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمی بێرلین یەکشەممە، ٣٠ی ڕێبەندان بەرامبەر بە ١٩ی فێوریە بە دانی خەڵاتەکانی بەشە جۆراوجۆرەکانی کۆتایی بە کارەکانی دێنێ. لەم خولەی فێستیڤاڵەکەدا کە ١٠ ڕۆژ لەمەوبەر بە نمایشی فیلمی فەڕانسەوی «ماڵئاوا مەلەکەکەم» دەستی پێکرد، ٤٠٠ فیلم نمایش دراون. بەگشتی ٢٣ فیلم لە بەشی سەرەکیی «بێرلینالەی ٢٠١٢»دا بەشدار بوون، بەڵام تەنیا ١٨ فیلمیان لەسەر وەدەستهێنانی ورچی زێڕین و زێوین پێکەوە کەوتوونەتە کێبەرکێوە. هەموو فیلمەکانی بەشدار لە کێبەرکێکەدا، بۆ یەکەمجار بوو لە جیهاندا نمایش دەدران. لە بەشی سەرەکی کێبەرکێکاندا بەشداریی فیلمە ئاڵمانی، فەڕانسەوی و بریتانیاییەکان بەرچاو بووە. فیلمە سەرکەوتووە ئامریکاییەکان وەك «لە ڕادەبەدەر بەرز و زۆرنزیك» یان «خاتوونی ئاسنین» بە پێی بەرنامە لە بەشی کێبەرکێکانی بێرلینالەی ئەمساڵدا نمایش نەدراون.

ئەگەرچی ئێران لە بەشی کیبەرکێکاندا، هیچ فیلمێکی نیە کە نوێنەرایەتی بکات، بەڵام بەشداریی ئەسغەری فەرهادی، دەرهێنەری سەرکەوتوو و براوەی ورچی زێڕینی ساڵی ٢٠١١ لە بەشی لێژنەی دادوەراندا، تا ڕادەیەك ئەو کەموکوڕییەی قەرەبوو کردووەتەوە. «بێرلینالە» بە یەکێك لە لەمێژینەترین و گرینگترین ڕووداوە سینەماییەکانی جیهان لە قەڵەم دەدرێ.

## زایەڵە

باران

### بەلووتکەگەیشتنی جنوون لە کۆماری ئیسلامیدا

لە تەقینەوەکەی چەند ڕۆژ لەمەوبەری بانکۆکدا، قامکی تاوان بۆ لای کۆماری ئیسلامی ڕاکێشرا کە بەپێی ئەو پەروەندە ڕەشەی ئەو ڕێژیمە لە بواری کردەوەی تیرۆریستی و تەقینەوەی لەو چەشنە لە شوێنە جیاجیاکانی جیهاندا هەیەتی، وێدەچێ ئەو گومانە تا ڕادەیەکی زۆر ڕاست بێ. بەم پێیە کۆماری ئیسلامی وەك پێشبینی دەکرا گەیشتووەتە قۆناخێکەوە کە پێی دەگوترێ «جنوونی سیاسی». ئەوە لە دەرەوەڕا کە جگە لە کاری تێکدەرانە و تیرۆریستی، کارتی گوشاری دیکەی پێ شك نایێ و جگە لە هاوپەیمانیی چەند گرووپێکی تیرۆریستی، هەڤپشکێکی دیکەی بۆ نەماوەتەوە و ئەوەش لە نێوخۆی وڵات کە خەریکە ئێران بەرەو قاتوقڕی دەبات. ئێرانێك کە ئەو پۆتانسیەلەی تێدایە کە لە باری ئابوورییەوە ببێتە زلهێزی ناوچەکە و لە باری سیاسییەوە ببێتە ئەو هێزە ناوچەییەی کە لە هاوکێشە جیهانییەکانیشدا خاوەن شوێن و پێگەی جێی متمانە بێ، هەنووکە بە دەستی کۆماری ئیسلامی تووشی گەورەترین قەیرانی ئابووری بووە و خەمی نان بووەتە سەرەکیترین خەمی خەڵکەکەی و لەم دۆخ و ئانە ناسکەشدا، ئەو ڕێژیمە لە جیاتی هێورکردنەوەی بارودۆخەکە و وازهێنان لە زێدەڕۆییە ئەتۆمییەکانی، کەوتووە هەڕەشەکردنی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە باڵوێز و کاربەدەستی ئەم وڵات و ئەو وڵات و «جنوون»ە سیاسییەکەی زیاتر لە جاران دەرکەوتووە. وەك نموونەی بەرچاو، هەر ئەوەندە بەسە سەرنجی ئەو ڕاستییە بدرێ کە ئەو ڕێژیمە لە جیاتی ئەوەی بە هەموو شێوەیەك و بە هەموو نرخێك ئاسایشی گەرووی هورمۆز بپارێزێ کە زۆرترین قازانجی دەچێتە گیرفانی خۆیەوە، خۆی دێت و ئایشی ئەو خاڵە گرینگە ستراتیژیکییە لە نێو دەبات و ئەم دەبێتە هەڕەشە بۆ سەری و لایەنەکانی دیکە دەبنە پارێزەری ئاسایشەکەی.

ئەم «جنوون»ە سیاسییەی کۆماری ئیسلامی بە بەڕێوەبردنی شانۆی ئەمجارەی هەڵبژاردنی مەجلیس دەگاتە لووتکە. لە کاتێکدا سەرۆکی ژووری بازرگانی ئێران و چین ڕایگەیاندووە کە قاتوقڕی بەنیسبەت کاڵا و شتومەکی بنەڕەتی لە ئێراندا بەڕێوەیە، ئەوا ئەو ڕێژیمە خەریکی یارییەکە کە تێچووەکەی بە میلیۆنان دۆلارە. هەر لە پڕوپاگەندەی کاندیداکانەوە بگرە هەتا بەرنامە تەلەفزیۆنییەکان و تەرخانکردن و بە قەولی خۆیان بەسیجکردنی هەموو ئیمکانات و دامودەزگاکانیان بۆ ئەو شانۆیە، هەموویان خەرجکردنن لە گیرفانی بەیتولماڵ، ئەویش لە پێناو هیچدا. بۆیە دەڵێین هیچ، چوونکە مەجلیسەکە کارتۆنییە، هەڵبژاردنەکە شانۆسازییە و ئەگەر تا دوێنێ کەسانێك هەبوون کە گومانیان لەو ڕاستییانە هەبوو، ئەوا ئێستا ئیدی ئەوانە لە کەس شارانەوە نین و ڕێژیم ناتوانێ ئامانجەکانی بپێکێ.

ئەوەی لەو «جنوون»ە خەسار دەبینێ، خەڵکی جیهان بە گشتی و خەڵکی ئێران بەتایبەتین و بەم پێیەش یەکگرتوویی و هاودەنگی خەڵکی جیهان و خەڵکی ئێران، پێویستییەکی بێئەملاوئەولایە بۆ دەربازبوون لەو قەیرانانەی کە ئەو ڕێژیمە پێکی هێناون.